

شەهیدی ئازادیی

بیر و ڕا

مامۆستا

ناصری سوبحانی

کتێبی یەکەم

چاپی یەکەم

١٤٢٧ك - ٢٠٠٦ز

دەزگای بەرهەم بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی سوبحانی

شەهیدی ئازادی بیرورا

مامۆستا
ناصری سوبحانی

چاپی یەکەم

٢٠٠٦

بسم الله الرحمن الرحيم

- ناوی کتێب : مامۆستا ناصری سوبحانی
- ئامادەکار : بەرهەم
- چاپی چوارەم
- ساڵی چاپ : ٢٠٠٩
- ژمارەی سپاردن (٢٠٠) ی ساڵی ٢٠٠٦ ز

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

مامۆستا ناصری سوبحانی یەکێکە لەو زانا و بیریارە هاوچەرخانەی کوردستانی ئێران, کە زۆردەخایەنێ تا وەك خۆی بناسرێ و, هەڵکەوتوویی, ئاستی زانستی و, رادەی ئیمانداری و, دڵسۆزی ولێبڕانی بۆ ئاین‌وگەل‌و وڵاتەکەی، وەك پێویست بۆ هەموولا روون ببێتەوە.

شەهید سوبحانی هاوشانی زانا هەڵکەوتووەکانی سەدە زێڕینەکانی دونیای ئیسلام بوو.لەتێگەیشتنی قورئان و واتا کردنی و سوود لێ وەرگرتنیدا, کەم وێنەبوو. دەتوانین بێ دوو دڵی بڵێین لە بواری چوونە ناوەرۆکی چەمکە قورئانیەکان و وەرگرتنی دیلالەتە گەورەکانیدا ـ بەلای کەمەوە لەم سەردەمەدا ـ وێنەی نەبوو.

لە دونیای تێگەیشتن لەزانستە ئیسلامیەکانی (علوم القران) و(علوم الحدیث)و (اصول الفقة) دا چەندین داهێنانی گەورەی کرد.

رەنگە خوێنەرانێ کە نەیناسن یەکسەر پرسیاری ئەم کەسایەتیە گەورە گومناویە بکەن. بەڵام زۆر نابا باش دەیناسن و بەرهەمە نایابەکانی دەبینن. ئاخر ئەویش قوربانیەکی تری دونیای بێنازی و بێ رەحمی وڵاتەکەی خۆی بوو..زۆری تر هەبوون هەروەك ئەو لەهاوچەرخانی, بزرکران، بەڵام زۆری نەبرد تیشکی تواناو بەهرەکانیان دڕیدا بەتاریکی ناهەقی‌و, باسیان کەوتەوە ناو کۆڕ و کۆمەڵان‌و, وەك خۆیان ناسرانەوە.

مامۆستا ناصر ناکرێ لەم پێشەکیە کورتەدا بناسرێ.لێرەدا ئەوەندە بەسە کە بڵێین یەکێکە لە سەرکردە کوردەکانی شۆرشی گەلانی ئێران دژی رژێمی ستەم شاهی, دواتریش یەکێ بووە لە رابەر و پێشەنگە ناودارەکانی رابوونی ئیسلامیی هاوچەرخ لە کوردستانی ئێران و ئێران بەگشتی.

لەسالّی١٩٥١ی زاینیدا لە گوندی (دوریسان) ی نزیك شارۆچكەی (پاوە) ی هەورامانی ئێران، لەدایك بووە. پاش تەواو كردنی قۆناغی ناوەندی چۆتە خوێندنی فەقێیەتیو، لای گەورە زانایانی ئێران خوێندویەتیو، ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.

لەچەند سالّێكی پێش شۆڕشی ئێرانەوە دەستی داوەتە خەباتی ئیسلامیی و بایەخ دان بەقورئانی پیرۆز و زانستە ئیسلامیەكان. لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا ـ لەناوچەكەی خۆیدا ـ ڕۆڵی سەركردەییو پێشڕەویی بینیوە. لە سەرەتای شۆڕشی ئێراندا چەندین جار سەردانی سەركردەكانی ئێرانی كردووەو، داواوگلەیی و گازەندەی خەڵكی كوردستانی ئێرانی گەیاندووە پێیان. هاوكارێكی دڵسۆزی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە ـ كەسایەتی ناوداری ئێران ـ بووە.

چەند جارێك سەردانی دەرەوەی ئێرانی كردووەو، دیدارو ڕاگۆڕینەوەی لەگەڵ گەورە ناودارانی ڕابوونی ئیسلامیی هاوچەرخ هەبووە. چەندین بەرهەمی زانستی نوسراوی هەیە، بە سەدان كاسێتی بە هەر سێ زمانی كوردیو فارسیو عەرەبی، لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە. لەچەندین گۆڤاری ئیسلامیدا بەناوی خوازراوەوە بابەتی بلأو كردوتەوە. بابەتە زانستیەكانی لە ئاستێكی ئەكادیمیی زۆر بەرزدان. لەبەر هەلومەرجی سیاسی تایبەتی ناوخۆی ئێران، نەتوانراوە تا ئێستە بەڕەسمی بەرهەمەكانی بلأوببنەوە، بەلأم لە زۆربەی مالّ و مەدرەسەو ناوەندە ئیسلامیەكاندا، سوودیان لێ دەبینرێ.

پوختەیەك لەكەسێتی مامۆستا ناصری سوبحانی:

مامۆستا ناصر مرۆڤێكی هیممەت بەرزو گەورە بوو. لەسەر خۆو ئارام و بێ دەنگ بوو. بێ دەنگییەكەی گوزارشتی لەدەرون بەرزی و دەوڵەمەندی فكری دەكرد. وردبوونەوەی زۆر بوو. هێزی عیبرەت وەرگرتن وهەڵهێنجانی لەدەق و ڕووداوەكان كەم وێنە بوو.. زۆر سوور بوو لەسەر ڕێز گرتن لە كاتیخۆی وكاتی دۆستانی.. نوێژەكانی زۆر بە (خشوع) و ملكەچیەوە دەكرد.لە نزاو پاڕانەوەكانیدا نمونەی بڕوادارێكی بەمتمانە بوو. لە گەشتو سەیرانو سەفەرەكانیدا لە هەموو دیمەن و دیاردەو حاڵەتێك پەندو عیبرەتی دەردەهێنا.. زۆر حەزی لەئەدەب وشیعری بەهێزی شاعیران بوو. لەقورئان خوێندندا زۆر ملكەچی و تێڕامانی هەبوو, بە مەبەستی بیر كردنەوە لەئایەتەكان زۆر دەوەستا. لە شەوو ڕۆژدا چەندین جار دەچووە خزمەتی قورئان. دەفتەرێكی لەلا بوو سەرنج وتێبینی و (خواطر) ی خۆی تۆمار دەكرد..

لەڕووی جەستەییەوە لاواز بوو, ٤٨ تا ٥٠ كیلۆ كێشی هەبوو, زۆر كەمی دەخوارد وحەزی لەخواردەمەنییە كوردەوارییەكان بوو, هەمیشەجل وبەرگی كوردی لەبەر دەكرد, هەرگیز جل وبەرگی گرانبەهای لەبەر نەدەكرد.زستانان پەستەكێكی بێ قۆڵی لەبەر دەكرد..

زۆركەم دەنووست. قەناعەتی وابوو كە مرۆڤی بانگخوازو زاناو بەرپرسان نابێ بەزۆر خەو بە خۆیان بێنن. كاتی ڕۆژانەو هەفتانەی بە بەرنامە بوو. زۆر دژی كات بەفیڕۆدان بوو.پڕۆژەی نوسین وتوێژینەوەی زۆری لە زیهندا بوو. نوسین و یاداشتەكانی زۆر وردو ئەكادیمی و زانستی بوون. خەتێكی زۆر جوان و نایابی هەبوو. بە بەڵگەوە ڕاو بۆچوونی خۆی دەردەبڕی. زۆر پشتی بە قورئان دەبەست بۆ بەڵگە هێنانەوە, هێزو توانایەكی كەم وێنەی هەبوو لەدەرهێنانی بەڵگەو ئەحكام دیاری كردندا.

له كاتەكانی پێش بانگدا لەحاڵەتەكانی (فجر) و(زوال) و(غروب) و (شفق) ورد دەبۆوە.بڕوای وا بوو حیكمەتی دیاری كردنی نوێژەكان لەو كاتانەدا دەبێ ڕەچاوبكرێ بە ورد بوونەوە لە لەحزەی یەكەمی كاتی نوێژ, قەناعەتی وابوو كە بۆ یاد كەوتنەوەی (تحول) و گۆڕانكاریی گەورەی بوونەوەر (واتە هاتنی ڕۆژی دوایی) یە.

بەڕێزمامۆستا ناصر زەوقێكی جەمالیی كەم وێنەی هەبوو. حەزی لە ئاوازی خۆش بوو. بۆخۆی شیعر و(تواشیح)ی بە ئاوازەوە تۆماركردووە و لەكاسێتدا پارێزراون.هەروەها زۆر حەزی لە گوڵ و زینەتی سادەی بێ مەسرەفی ناو ماڵ بوو. پاك وخاوێنی زۆر مەبەست بوو.

له خوێندنەوەی كتێب و بابەتە زانستیەكاندا زۆر خێرا بوو, لە ساتێكی زۆر كورتدا چەند لاپەڕەیەكی دەخوێندەوە, لەگەڵ ئەوەش دا هەموو ناوەرۆكی ئەو بابەتەی لەبەر ئەكرد.

مامۆستا زۆر سەر قاڵ بوو لەگەڵ قورئاندا. زۆربەی چەمك و تێگەیشتنەكانی لەوەوە وەردەگرت. فەرموودەكانی پێغەمبەری ﴿ﷺ﴾ بەروونكەرەوەی قورئان دەزانی, زۆربەی كتێبی (امهات) وسەرچاوەكانی خوێندبوەوە.خۆی بە (مُجتَهِد) و خاوەن (رأی) دەزانی. زۆر بە متمانە بەخۆ و بە جورئەتەوە بۆچوون و ڕەئیەكانی خۆی ئاراستە دەكرد.

مامۆستای ڕەحمەتی زۆر لە سەر خۆ قسەی دەكرد, دەنگی نزم بوو, زۆر بە ئارامی دەچووە ڕێوە, بەڕاستی میصداقی ئایەتی﴿ والذین یَمشون علی الارض هونا.. ﴾ بوو, بەچوار مشقی دادەنیشت, زۆرجار بەسەر خوێندنەوەی كتێبەوە خەوی لێ دەكەوت, هەرگیز توڕە نەدەبوو, مەگەر كاتێ نافەرمانیەیەكی ڕەچاو بكردایە. توڕەیی دەخواردەوە.

له ڕووی مەسەلەی نەتەوەیی یەوە هەڵپێكانێكی جوانی دەكرد لە نێوان كێشەی نەتەوەیی وچەمكە ئیسلامیەیەكاندا, زۆر بەپەرۆش بوو بۆ كێشەی كوردی ئێران. ستەمەكانی هەڵەبجەو ئەنفال و ئاوارەیی زۆر هەژاندی, بابەتی زۆر كاریگەریی نووسی

سەبارەت بە کیمیابارانی هەڵەبجە..نامەیەکی ئاراستەی پێغەمبەران (علیهم السلام) کردووە بە عەرەبی بە ناونیشانی (رسالة آلام من أرض بلايا الى معشر الانبياء) کە تێیدا سکاڵای گەلی کورد بۆ گرۆی پێغەمبەران و سەر قافڵەیان پێغەمبەری ئیسلام محمد ﴿ﷺ﴾ بەرز دەکاتەوە.

لەژیانیدا کەسایەتی گەورەو ناوداری ئیسلامیی زۆری دیوە, لەوانە: (شەهید عبدالله عزام, عمر تلمسانی, حامد ابو النصر, عدنان التميمي, كمال السنانيري، اسامه تكريتي, عادل شويخ, عدنان السامرائي, د٠علي قەرەداغي، مامۆستا صلاح الدين محمد بهاءالدين ومحمد أحمد الراشد) و زۆرێکی تر لە سەرکردەکانی ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستان.

مامۆستای ڕەحمەتی هەرگیز سوێندی نەدەخوارد، زۆر بڕواشی بە کەسێك نەدەکرد کە سوێندی زۆر بخوا. بە موبالەغە کردن و قسەی زۆری بێ سوودو کات بە فیڕۆدان بێزار دەبوو. زۆر حەزی لە ڕێکخستنی کات و بەرنامەڕێژیی هەبوو.

مامۆستا ڕێزی بەرامبەرەکانی زۆر دەگرت, حەزی نەدەکرد تەنانەت نەیارەکانیشی تەریق بکاتەوە. هەندێ گفتوگۆ و حیوار و موناقەشەی لەگەڵ چەپەکانی ئێران دا مەیە کەنمونەی (منطق) داری وبەهێزیی بەڵگە و جوانی شێوازی مامەڵە کردن و بەرامبەر خوێندنەوە و دایەلۆکە.. لەگەڵ هاوسەری ومناڵەکانیدا زۆر نەرم و نیان و میهرەبان بوو. لەکاروباری ماڵەوەدا یارمەتیەکی زۆری خێزانی دەدا.

لەگەڵ مناڵان یاری دەکرد.لەکاتی وانە وتنەوەدا مناڵە بچکۆلەکەی لە کۆشی یا لەسەر ڕانی دادەنا.لەگەڵ خزمانی هاوسەریدا زۆر بەڕێز بوو. لەگەڵ هاوەڵانی زۆر (متواضع) و ڕەوشت بەرز بوو, ڕێزی دەگرتن, گوێی لێ دەگرتن, بەنەرمی پێشنیاری خۆی و ئامۆژگاریەکانی ئاراستە دەکرد. هەر ڕاو بۆچوونێکی بەرامبەری بەدڵ نەبوایە بەنەرمی وەڵامی دەدایەوە.

لەژیانیدا سێ جار سەفەری کردووە بۆ دەرەوەی ئێران, دووجار بۆ پاکستان و نزیکەی ساڵێك ماوەتەوە.جارێکیش بۆ تورکیا بۆ بەشداریی کۆنگرەیەك کە تایبەت

کرا بەکێشەی کورد و تیایدا لەلایەن چەند کەسایەتیەکی ئیسلامخوازی کوردستانەوە، بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوی (رابیطەی ئیسلامی کورد) درا، کە لە ساڵی ١٩٨٨ی زایینی لە ئەستەمبوڵ بەسترا.

ئەوە گۆشەیەك بوو لە پێناسەی کەسیەتی مامۆستا سوبحانی. دیارە باشترین ڕێگەو هۆکار بۆ زیاتر ناسینی ئەو کەسایەتیە لەڕووی فکری یەوە، یا لە ڕووی بەرزی پلەی ئیمانی و دەرخستنی ڕادەی دەوڵەمەندی هزر و بیریەوە, یا لە ڕووی خەستی و فراوانی بۆچونەکانی یەوە, ئەو بەرهەمانەن کە هەندێکیان دەست نووسن و هەندێکی تریان لە کاسێتی تۆمارکراودان.. ئومێد وایە ئەم ژیاننامەیە, تۆبەرەیەکی بە بەرەکەت بێت و, بەدوایدا سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا ناصر، چاپ و بڵاو بینەوە.

بەشی یەکەم

سەرەتاکانی ژیانی مامۆستا ناصری سوبحانی و سالأنی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران

* ناو و بنەماڵە و لە دایک بوونی
* خوێندنی سەرەتایی
* خوێندنی لە خوێندنگا شەرعی یەکان
* چوونە سەربازیی
* هاوسەرگیریی
* سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بێداریی ئیسلامیی لە کوردستانی ئێران
* ڕۆڵی مامۆستا لە چالاکییە سیاسییە ئیسلامییەکانی پێش شۆڕشدا
* هەوڵی دەستگیرکردنی لەلایەن دەزگای (ساواک)ەوە

بنەماڵەی مامۆستا ناصر و سەرەتای ژیانی:

ناوی (ناصر) کوڕی محمد ڕەشید، کوڕی کاکە ئەحمد، کوڕی سوبحان، کوڕی ئاغاوەیس، کوڕی رەسولە کوردە، کوڕی محمد، کوڕی ئیلیاسە. دوو برای تری هەن بەناوی مەنوچەهرو مەنصور، خوشکێکی هەیە بەناوی ســـەلما. کاکە ئەحمدی باپیری لەمەنسوبەکانی تەریقەی قادری بووە، خانەقایەکی بەناوبانگی هەبوەو موریدی شێخ مەحمودی تاڵەبانی بووە. کاتێ کاک ئەحمەد وەفات دەکات، دەیانەوێ محمد ڕەشید ـ باوکی خوا لێخۆشبوو ـ بخەنە جێی، بەڵام ڕازی نابێت. هۆی دروستبوونی فامیلی (سوبحانی) ئەو بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی (سبحان) ی باپیرە گەورەیان.

دایکی ناوی رەعنا کچی کاکە برا کوڕی (فتح الله) یە، بەدینداری و خواناسی ناسراوە. بەپێی بۆچوونی بنەماڵەیان ئەسڵیان دەگەڕێتەوە سەر زانای ناوداری ناوچەی هەورامان [1] کە بەناوی (مەولانا گوشایش) ناسراوە و لەسەدەی نۆی کۆچیدا

---

[1] هەورامان ناوچەیەکی شاخاوی یە لەکوردستان. بەشی زۆری دەکەوێتە خۆرئاوای کوردستانی ئێران، لە دوو پارێزگای کرماشان و سنە.بەشێکیشی دەکەوێتە خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی ـ قەزای هەڵەبجەی شەهید ـ لە کوردستانی عێراق.

ئەو ناوچەیە بە بەشێ لە دێرینترین و ڕەسەنترین ناوچەکانی کوردستان دەژمێرێ، کە توێژەرەن بۆ دیاری کردنی ڕێستگە مێژوییەکان لێکۆڵینەوەی تێدادەکەن.لە ڕوی جوگرافیشەوە دەکەوێتە نێوان هێڵی (۰۳، ۳۵)پلە بۆ (۱۵، ۳۱، ۳۵) پلە پانی باکور و هێڵی (۱۲، ٤٦) پلە بۆ(٥٦، ٤٦)پلە ی پانی خۆر هەڵات. واتە دەکەوێتە نێوان شاری مەریوان بۆ شاری پاوە و نزیکی جوانرۆ لە باکور بۆ باشور و، شاری کامیاران بۆ هەڵەبجە و شارەزور لە خۆر هەڵات بۆ خۆرئاوا.

دانیشتوانی ئەو ناوچەیە هەموویان شێوە زاری هەورامی بەکاردێنن. لە ڕوی کەش و هەواوە زستانی سارد و بەهاری ڕەنگین و هاوینی مام ناوەندیەیە. بەنیسبەت شاری پاوە وە: لە ڕووی ئیداری یەوە پاوە مەرکەزی قەزایەکە لە کرماشان بە ناوی قەزای ﴿پاوە و هەورامانات﴾ کە مەرکەزەکەی شاری پاوەیە وحەوت ناحیەی هەیە: شاری پاوە، جوانرۆ، ڕوانسەر، باینگان، نۆرشە، سەلاس و باوەجانی، نەوسود. لەم ناوچانەدا نزیکەی ٥٠٠ گوند ئاوەدانە و لەسەر ژمێری ساڵی ۱۳٦٥ی هەتاوی (۱۹۸۷زاینی) دانیشتوانی ناو پاوە (۱۳٤۹۰) بوو (تەئریخی سیاسی – اجتماعی هەورامانات: بارامی وەلەد بەگی ل۲).

دێرترین نوسراوی مێژویی گرنگ کە بۆ مێژوی کورد سوودی لێ وەرگیراوە لەگوندێکی هەوراماندا دۆزراوەتەوە، گوندی (سورەتلێ) لە بەشە هەورامانی دیوی ئێراندا، کە سەر بەناحیەی سەولاوایە نزیك شاری مەریوان. لەو گوندەدا لە سەردەمی شێخ (علاءالدین) ی بیارەدا لە ساڵی ۱۹۰٥ ی زاینی سێ قەباڵە دۆزراونەتەوە کە سێ بەڵگە نامەی نوسراون و دەگەڕێنەوە بۆساڵانی ۲٥٠ پ.ز، واتە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەشکانیەکان و، ئێستە لە شاری لەندەن پارێزراون. (سەیری کتێبی تەئریخی مەردۆخی ایە الله محمد مردوخی کوردستانی بکە، ل ٥۲، هەروەها کتێبی پەیامی هەورامانی هادی بەهمەنی. ل۱۱۸)

ژیاوه و, لەناوەندە زانستی و مێژوویی یەکاندا بە (مجدد) ی ئەو سەدەیە بۆناوچەکانی کوردستان ناسراوە.

بەپێی بۆچونی مێژوونوس محمدی مەردۆخی کوردستانی لە کتێبیی (مێژووی کورد و کوردستان)ەکەیدا[1] گوشایش لەساڵی ـ٧٩٠ـ ی‌کۆچی لەدایك بووەو لەساڵی (٨٤٢)ی‌کۆچیدا دەستی کردوە بە بانگەواز گەیاندن و دەعوەی ئیسلامی، لە ساڵی ٨٧٣ی کۆچیدا وەفاتی کردوە.بانگخوازی ئیسلام بووەو خەڵکی هەورامان و سنەو دەورو بەریان, لەسەر دەستی ئەو زیاتر بە ئیسلام ئاشنا بوون. مەولانا گوشایش خۆی و باوکی نیشتەجێی گوندی(دزاوەر) بوون لە ناوچەی هەورامانی ئێران. (گوندی دزاوەر لە سێ کیلۆمەتری شارۆچکەی تەوێڵەی هەورامانی عێراقدایە).

مامۆستا (مەلا عبدالکریم) ی (مدرس) یش دەڵێ: (مەلا گوشایش کوڕی (بابا محمد) ی مەردۆخ، پاش ماوەیەك لەمردنی باوکی لەهەوراماندا ناودەر ئەکاو بەمەولانا گوشایش ناوبانگی دەردەچێ، لە٨٤٢ کۆچیدا زۆر ناوبانگ دەردەکاو, لەسەر ئەو خزمەتی عیلم و دینە دەوام ئەکا. هەتا لەساڵی٨٧٣ ی کۆچی‌دا لەهەوراماندا لە جیهان دەردەچێ.. کوڕێکی بەناوی مەلا عەباس لە هەورامانا ماوەتەوە و باپیرەی قازی یەکانی هەورامانە).[2]

مامۆستا ناصر ڕۆژی شەممە ١٢/محرم/ی١٣٧١ کۆچی مانگی, بەرامبەر ٢١/مهر/١٣٣٠کۆچی هەتاوی, بەرامبەر١٣/١٠/١٩٥١ زاینی لە گوندی دوریسان لە دایك بووە.ئەو گوندە لە یەك کیلۆمەتری شاری پاوەدا بوو, ئێستا یەکێکە لە گەڕەکەکانی شاری پاوەی سەر بە کرماشانی ئێران, بەهۆی فراوان بوونی شاری پاوەوە.

---

(١) مێژووی کوردو کوردستان ـ ایە الله مردوخ، چاپی فارسی.تاران١٢٧٩ ك.هـ ـ ٢٠٠١ ز ل(١٢٧) و (٢٢٨) و (٢٣٨).

(٢) بنە ماڵەی زانیاران. مەلا عبدالکریمی مدرس. چاپخانەی شەفیق، بەغدا ١٩٨٤ ل ١٢٩.

بنەماڵەکەیان هەندێ حاڵەتی نا ئاسایی لەماوەی شیرەخۆرەیی ئەو ڕەحمەتییە دەگێڕنەوە. بۆ نموونە: لەپێنج مانگیدا دانیشتووە. لە نۆمانگیدا بە ئاسانی پێی گرتووە. هەرگیز ڕازی نەبووە لەسنگی غەیری دایکیخۆی شیربخوات. هەروەها لێی دەگێڕنەوە کە دواتریش سروشتی وەك منالآنیتر نەبووە، حەزی لە یاری نەدەکرد، لەتاریکی و تەنیایی نەدەترسا. حەزی لەهاوەڵی گەورەکان بوو. لە٩ساڵیدا (لە ساڵی ١٣٣٩ی کۆچی بەرامبەر ١٩٦٠ی زاینی) خرایە بەرخوێندن و چووە پۆلی یەکەمی سەرەتایی، دوای چەند ڕۆژێك کەمامۆستاکان زیرەکی و هەڵکەوتویی ئەو منالەیان بۆ دەرکەوت بەبڕیارێکی قوتابخانە خستیانە پۆلی دووەم..

هۆی دواکەوتنی چوونە قوتابخانەی بۆ ٩ ساڵی ئەوەبوو کەلەگوندەکەیاندا تا ئەو کاتە قوتابخانە نەکرابووەوە. بەڵام لای خاڵێکی هەندێ بابەتی سەرەتایی نووسین فێرکرا بوو. لەتەمەنی ١٠ ساڵیدا و لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی ـ١٩٦٠ی زاینی دا دایکی کۆچی دوایی کرد و لە ناز و دڵنەوایی و میهرەبانی دایکایەتی بێبەش بوو. دۆستانی لێیدەگێڕنەوە کە لەو کاتەوە تا کاتی دەستگیر کردنی کە یادی دایکی دەکەوتەوە، یا باسی دایکی دەکرا، سۆزی دەجولا و فرمێسك بە چاوانیدا دەهاتنە خوارەوە.[1]

زیرەکیو بلیمەتی مامۆستا ناصر لە قۆناغی سەرەتاییدا بەدەرکەوت، بەڕادەیەك کەجێی سەرسوڕمانی مامۆستاکان بوو. کاتێ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی تەواوکرد پێشنیاریان کرد بە باوکی وکەس وکاری کەبچێ لەشاری کرماشان بخوێنێ، یەکێ لەمامۆستاکانی ـ کەکادرێکی چالاکیحزبی کۆمۆنیستی ئێران(تودە)بوو ـ زۆریکرد لەباوکی کە بینێرێتە کرماشان و بەڵێنی دا کەخۆی خەرجی بکێشێ؛ بەڵام ڕازی نەبوون، (ئەو مامۆستایە دواتر لە زەمانی شادا، لەبەر چالاکی سیاسی لە سێدارە درا).[2]

---

[1] لە یاداشتنامەیەکی کاك مەنصوری سوبحانی برای مامۆستا ناصردا.

(٢) ئەم زانیاریانە ڕاستەو خۆ لەبنەماڵەی مامۆستا ناصرەوە وەرگیراون.

خوێندنی لەخوێندگا شەرعیەکان

باوکی داوای لێ کرد کە بچێ و درێژە بەخوێندن بدا, بەڵام خۆی زۆر حەزی دەکرد کە لەحوجرەو خوێندنگا ئیسلامیەکاندا بخوێنێ. چەندین جار خۆی دەیگێڕایەوە دەیوت: لەو سەرو بەندەدا پرسیارێکم بۆ دروست بوو بوو کە ئایا: ئەگەر خوا یەکەو قورئان یەك قورئانە؛ بۆچی دەوترێ: چوار مەزهەب؟ حەزم ئەکرد بچم زانستە ئیسلامیەکان بخوێنم، تا وەڵامی ئەو پرسیارەم دەست کەوێ !.

لە ساڵی (١٣٤٧)ی‌کۆچی(١٩٦٨)ی‌زایینی و لەتەمەنی١٧ ساڵیدا لای کەسێك بەناوی میرزا ئیبراهیم موراد لەماوەی چل ڕۆژدا قورئانی‌خەتم کرد. دواتر بۆماوەی دوومانگ لای مامۆستایەکی شاری پاوە بەناوی (کاکە مەلا) کتێب و وانە سەرەتاییەکانی فێربوونی زمانی عەرەبی‌خوێند. دوای ئەوە ڕۆشتە گوندی‌نۆدشە ـ گوندێکی گەورەیە لە هەورامان ـ و دەرسەکانی (شرح عوامل) و(هداية) و(إظهار) و (تصريف ملا على) و(وضع وإستعارة) و (صرف مير) و(أنموذج) و(جامع المقدمات) و(فتح القريب) و(فتح المبين) و(ذات الشفاء) ـ کەژیاننامەی پێغەمبەرە(ﷺ) بە شێوەی شیعر ـ ی لای مامۆستا (مەلا فەتاحی مطلق) ـ کەمامۆستایەکی ناوداری ناوچەکە بوو ـ تەواو کرد.

لە ناو فەقێو مەلاو خوێندەوارەکاندا بە زیرەکی و بلیمەتی ناوبانگی دەرکرد. مامۆستا مەلا فەتاح لێی‌دەگێڕێتەوە کە لە ماوەی دوومانگدا کتێبی (سیوطی) لە شەرحی(ألفية ابن مالك) دا لای ئەو خوێندووە, لەکاتێکا هەندێ فەقێ بەدوو ساڵ ئەو کتێبە تەواو ناکەن..

هاوڕێ فەقێکانی ئەوکاتەشی دەڵێن: مامۆستا ناصر لەحوجرەدا پێخەفی نووستنی نەئەکردەوە, هەمیشە دوای ئێمە ئەخەوت وپێش ئێمە هەڵئەسا، ئەمان دیوە جێوبان بکاتەوە.زۆر هەژار و دەست کورتیش بوو, پارەی نەبوو کتێبەکانی بکڕێ, بۆیە ناچار بوو کە بە دەستی خۆی هەندێ لە کتێبەکان بنوسێتەوە, وەك کتێبی(وضع وإستعارة).هەروەها دەڵێن لەماوەی سێ مانگدا هەموو کتێبی(سیوطی) لەبەرکرد. لەڕووی ڕەوشتی و دینداریشەوە دەڵێن: زۆر خواناس و بە تەقوابوو,

ئەنانەت تەرێزی لەخواردنی (ڕاتبەی فەقێ) ش دەکرد, کە جیرەی براوەی خەڵکی بوو بۆ فەقێیان, لەترسی ئەوەی نەکو هەندێکی بەڕوودەربایسی درابێ بە فەقێکان![1]

بۆماوەی دوو ساڵ لەگوندی نۆدشە مایەوە, دواتر لەسەر پێشنیاری مامۆستا مەلا فەتــاح گەڕایەوە بۆشـاری پـاوە و لـە ڕێـی دۆسـتێکیەوە (عبـدالرحمن یعقوبی) - کەدواتربووە هاوکارێکی مامۆستا ناصر- ناوی لەحوجرەکەی مامۆستا زاهیدی ضیائی تۆمارکراو, لەوێ درێژەیدا بەخوێندن.سەرەتا لەلایەن بەڕێوەبەری مەدرەسەکەوە - کەکوڕە گەورەی مامۆستا زاهیری ضیائی بوو- چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ساز کرا, بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستیو تواناو لێهاتنەکانی, لێی پرسی:

(ئایا کاکە ناصر, تۆ ئەوەت زانیوە کە گرتنە بەری ڕێگای خوێندنی شەرعی کارێکی گرانە, داهاتوویەکی مادیەنیەو, گوزەرانت مسۆگەر ناکات؟ ناچار دەبی کەچاوت لەدەستی خەڵکی بێت, جگەلەوە کە لەکەس‌وکارو ناوچەکەت دوور کەویتەوەو، مەجبوری منەتی خەڵکی دەبیت).ئەویش پێی ووت: مامۆستا, هەرچی فەرمووت من قبوڵمە, من ئەمەوێبخوێنم تا لە قورئان تێ بگەم و نهێنیەکانی هاتنە خوارەوەی بۆناو خەڵکی, بدۆزمەوە). بەڕێوەبەری قوتابخانەکە سەری لەم وەڵامە سوڕما, چونکە وەڵامی وای لەهیچ فەقێیەك نەبیستبوو..بۆیە زۆر دڵی خۆش بوو کە فەقێ ی وا وریا و خوێندەوار ببێتە قوتابی قوتابخانەکەی پاوە.[2]

لەوقوتابخانەیەدا لای مەلا ناصری کوڕی مامۆستا مەلا زاهیدی ضیائی کتێبی(شرح النظام)ی خوێند, پاشان (مغنی اللبیب)، (شرحیعبدالله یزدی)، (مطول)، (گلنبوی اداب) و تەفسیری(بیضاوی) و زۆربەی کتێبی (تحفة المحتاج)ی فیقهی شافعی و(فرائض)ی شێخ مەعروفی نۆدێیی, لای مامۆستا مەلا زاهیدی پاوە تەواو کرد.

---

[1] زانیاری یەکانی سەردەمی خوێندنی لە (نۆدشە), ڕاستەوخۆ لە هەندێ فەقێ و مەلای برادەری ئەو کاتەی خودی ڕەحمەتی وەرگیراون، لە شاری پاوە و نۆدشە.

[2] ئەم دیدارە ڕاستەوخۆ لەکاك باقری ضیائی کوڕە گەورەی مامۆستا مەلا زاهیدی ضیائی لە پاوە وەرگیراوە.

لەو ماوەیەدا کە لەوێ دەیخوێند نامەیەکی نارد بۆ شێخ عوسمانی نەقشبەندی لە گوندی (دوورِووە) و تیایدا هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ ئیسلام وحەقیقەتی(تصوف) دەربڕی بوو, یەکێ لە دۆستانی بەناوی (مەلا طاهری کوڕی مامۆستا مەلا زاهیدی ضیائی) نامەکەی تەسلیمی شێخ عوسمان کرد و زۆر جێگەی سەرنجی بوو. ئاغای ضیائی ووتبوی بەشێخ:

خۆزگە وەڵامی کاکە ناصرت دەدایەوە! شێخ عوسمان ووتبووی: لە ڕاستیدا من ناتوانم وەڵامی نامەیەکی ئەوەندە بەهێز بنوسمەوە. ئەوپیاوە بەڕاستی زاناو مامۆستایەکی پایەبەرزو بەتوانایە..

دوای ماوەیەك بەنیازی درێژەدان بەخوێندن و بەسەرکردنەوەی زانا خوێندەوارەکانی کوردستان و حوجرە و قوتابخانە ناودارەکانی, سەردانی ناوچەی (پیرانشەهر) ی کرد و لەمەدرەسەی گوندی (سلیم جاران) گیرسایەوە, ماوەی ساڵێك لەو مەدرەسەیەشدا مایەوە و لای مامۆستا مەلا محمد بەداقی کەخەڵکی (لاهیجان) بوو کتێبی(گەلەنبەوی برهان) لە(منطق) و(جمع الجوامع)ی لە(أصول فقه) دا خوێند.

پاشان لە مەدرەسەی گوندی (کانی سانان) ی سەر بەشاری مەریوان ـ لەلای مامۆستا مەلاحەمەمینی کانی سانانی ـ گیرسایەوە، هەرلەوێ مایەوە تا خوێندنی تەواو کرد و, لەساڵی ١٣٥٣ کۆچی بەرامبەر١٩٧٣زاینی لای مامۆستای ناوبراو بە ئامادەبوونی مامۆستا مەلا زاهیدی پاوەو مامۆستا مەلا محەمەدی بەداقی ولای شێخ عوسمانی نەقشبەندی ئیجازەی عیلمی وەرگرت، پاشان گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆیان(دوریسان) و بۆ ماوەی دووساڵ دەرسی گوتەوە و دەستی کردە ووتاردان..
شایانی باسە لەو ماوەیەدا کە لە گوندی کانی سانان بوو لەبەر ئەوە کەمامۆستاکەی موریدێکی زۆر نزیکی شێخ عوسمان بوو, وە لەبەر نزیکیی لە ناوچەی دوورِووەوە ـ گوندی شێخ عوسمان نەقشبەندی ـ مەیلی بۆ تەصەووف پەیدا کرد, لەو کاتەدا کە لەگەرمەی (تصوف) دا بوو, کتێبێکی زانای ناودار (ابو الاعلی المودودی) کەوتە دەستی بەناوی (المصطلحات الاربعة فی القران)، زۆر سەرنجی ڕاکێشاو دوا تر دڵی چوو بە (مفردات

الفاظ القران) ی راغبی اصفهانی دا و، لەوێوە کەم کەم دەستی لە (تصوف)کێشایەوە. هاوەڵانی دەڵێن کە لەو سەردەمی صۆفی بونەیدا نمونەی پارێزگاری و تەقوا و لەخوا ترسان و زوهد بوو. دواتریش لەسەر ئەو ڕەویەیە مایەوە و پەروەردە سلوکی و دەروونیەکەی بەهێز تر بوو بوو.

بەڵام زۆری نەخایاند لە بەر هەندێ تێبینی کە هەیبوو دەستی کێشایەوە.. دواتر لەڕووی زانستیەوە زیاتر ناوبانگی خوێندەواری و زیرەکی بڵاوبوویەوە و، خەڵکێکی زۆر لەشاری پاوە و شارۆچکەکەکانی دەوروبەرییەوە ـ بەتایبەتی توێژی لاوان ـ دەچوونە گوندەکەی بۆ گوێگرتن لە ووتارەکانی و ئامادەبوونی وانەکانی مامۆستا. ووتارەکانیشی لەچەند ڕووەوە جێی سەرنج بوون:

لەسەرێکەوە واباو بوو کە لە ووتارە ڕەسمیەکاندا دوعا بۆ شای ئێران بکرێت, کە ئەو وای نەدەکرد, بگرە ڕەخنەی لە سیاسەتی ستەمکارانەی محمد رەزاشای ئێران دەگرت. لەسەرێکی تریشەوە لە شێوازە تەقلیدی یەکەی ووتاردان لای دا بوو, هەندێ بابەتی زیندووی دەوروژاند, ئاماژەی بەڕەهەندە قووڵ وحیکمەتە شاراوەکانی شەریعەت ولایەنەکانی یەکتاپەرستی دەکرد, کە هەموو ئەو بابەتانەش تازەگەری یەکیان تێدا بوو بۆ خەڵکی. دیارە ئەو ووتارانە بووبونە مایەی نیگەرانی بەرپرسانی ڕژێمی شا, بۆیە هەموو هەینییەك و لەوانەو ووتارە گشتیەکانی تریشدا دوو سیخوڕی دەزگای ئاسایش (ساواك) ئامێری تۆمار کردنیان دەبردو, وتارەکانیان تۆمار دەکرد.. سەرەنجام بەرپرسانی دەزگای ساواك بەڕەسمی داوایان لە باوك وکەس وکاری کرد کە ئاگاداری بکەن دەبێ واز لەو جۆرە وتارانە بێنێ, زیاتر لەوەیش دەبێ لە وتارەکانیدا دوعا بکات بۆ شای ئێران وەك ووتاربێژەکانی تر.. دیارە هەوڵەکان هەموو بێ سوود بوون, ئەو بڕیاری دابوو ڕاستیەکان بڵێ, بەڕەوا یشی نەدەزانی کە دوعا بۆدەزگای ستەمی شاهەنشایی بکات.. بۆیە سەرەنجام دەسەڵاتی شا لەو ناوچەیە بڕیاری دا ببرێت بۆ سەربازیی, لەکاتێکدا لەو سەردەمەدا وا باو بوو کەمەلاو وتار بێژو کەسایەتیە ئاینیەکان نەدەبران بۆ سەربازی.

لە نامەیەکی شەخصی خۆیدا کە لە ١٣٥٣/٩/٧هەتاویدا ئاراستەی فەرمانداری پاوە و هەوراماناتی کردوە، شکاتی ئەفسەرێکی سوپا دەکات کە بەرپرسی یەکەی سەربازیی قەزای هەوراماناتە و چەند جار زۆری لیٚ کردوە کە بچێت بۆ سەربازی، ئەویش داوا لە فەرماندار (قائم مقام) دەکات کە بە پیٚی یاسای ئەو کاتە ـ کە مۆڵەتی دەدا بە خوێندکارانی ئاینی نەچنە سەربازی ـ لەویش ببورن و نەیبرێتە سەربازی تا خوێندن تەواو بکات.. وا دیارە پاش ئەو نوسراوە بۆ زیاتر لەساڵێك مۆڵەت درابیٚ، دوایی گرفت لەگەڵ ساواك سەری هەڵدابێتەوە. کەس وکاری و دۆستانی دەڵێن: دوای ئەوە کە دەزگای سیخوڕی ساواك نەیتوانی رێی ووتاردان و قسە کردنی لیٚ بگریٚ؛ بڕیاریاندا وەك تۆڵەیەك لێی و بە مەبەستی دوور خستنەوەش لە ناوچەکە؛ بیبەن بۆ سەربازی.

چوونە سەربازیی:

لەساڵی ١٣٥٥کۆچی بەرامبەر١٩٧٧زایینی دوای ڕاوێژ لەگەڵ باوکی و خاڵی و برادەرەکانی بڕیاری دا کە ئەو زەلیلیەیە قبوڵ نەکات و بچیٚ بۆسەربازی. بۆیە بەو بۆنەیەوە مەراسیمێکی خواحافیزیی ساز کرا, کەس وکارو دۆستانی کۆبوونەوە، لە کاتی کەوتنە ڕێی ئوتومبێلەکەدا بەدەم زەردەخەنەیەکی ناسکەوە ووتی:پشت بەخوا من دوا یەمین مەلام کەدەبرێم بۆ سەربازی [1]

مامۆستا ناصر بۆ بەسەر بردنی خولی مەشق کردن برا بۆ نزیك شاخەکانی دەماوەندو لەناوچەی (رینە ئامل) ماوەیەك هێڵرایەوەو, پاشان ناردیان بۆ (بەندەر شاە).. لە سەربازگەکەدا بووەخۆشەویستی هەموولا, تەنانەت بەرپرسانی سەربازیش, بۆیە لە مانگێکی ڕەمەزاندا یەکە ئەرتەشی یەکەی، لای بەرپرسی سەربازگەکە پێشنیاری کرد کەمامۆستا ناصر لەبەر ئەوەی کە ئیلتیزامی بە عیبادەتەوە زۆرە با

---

[1] ئەم ووتەیەی ئامازەیەك بوو بەوەی کەبڕوای وابوو ڕژێم لەگۆڕان وتیاچووندایە. بێگومان ئەم ڕووداوە نزیکی دووساڵ پێش شۆڕشی ئێران بوو.

مۆڵەت بدرێ و بچێتەوە بۆ وڵاتی خۆی بۆ بەسەر بردنی ڕۆژانی ڕەمەزان، بەرپرسەکەش ئەوەی قبولْ کردو مۆڵەتی دا.

شایانی باسە لەو ماوەیەدا خەڵکێکی زۆر لە ناوچەکانی ئەهلی سوننەتی بەندەرشاه ناسییان وهات و چۆیان ئەکرد، ئەویش ووتاری بۆ دەدان و ئیمامەتی نوێژی بۆ دەکردن. دوای ئەوەی کە سی مانگ لە بەندەرشاه مایەوەو گوێزرایەوە بۆ شاری (سنە) ی هەرێمی کوردستانی ئێران، لەڕێی یارمەتیدانی ئەفسەرێکەوە کەحەزی دەکرد خزمەتێکی پێبکا..کاتێ گەیشتە سەربازگەی سنە، لەوێیش بەڕەوشتی جوانی، سەرنجی هەموو لای ڕاکێشاو لەو سەربازگەیەش یارمەتی زۆریان دەدا، بۆنمونە حەزی دەکرد نوێژەکانی لەمزگەوتی شاردا بەجەماعەت بکات، بۆیە بەرپرسە سەربازیەکەی مۆڵەتی دەدا. هاوڕێکانی ئەو کاتەی دەڵێن: لەو ماوەی سەربازیەیدا زۆر بەگەرمیخەریکی موتاڵەعەو تەحقیقاتی عیلمی بوو، تەنانەت لەکاتی واجب گرتنیش دا موتالآی دەکرد..جارێکیان کە بۆ نوێژی جەماعەت چووە ناو شار، ڕێی کەوت لە مزگەوتی (دار الاحسان) کەمزگەوتێکی مەشهوری شاری سنەیە، قوتابخانەیەکی دێرینی تێدا بوو، لەو کاتەدا بینی کە مامۆستایەك دەرس بەچەند فەقێیەك دەڵێ و لەخاڵێکی عیلمیدا ڕاماوەو بۆی چارە ناکرێ، مامۆستا ناصریش بە ئەدەبێکەوە مەسەلە عیلمیەکەی بۆ ڕاست کردەوە، بەجۆرێ کە مامۆستاکە زۆر سەری لەخوێندەواری سوڕماو، داوای لێ کرد کە لەجێی ئەو دەرس بە فەقێکانی بڵێتەوە. مامۆستا ناصریش سوپاسی کرد و وەزعەکەی خۆی بۆ باس کرد.

لەو ماوەی سەربازی یەدا ناوبانگی دەرکرد بەخوێندنەوە و زیرەکی و خوێندەواری و لە ناو هەموو سەربازگەکەدا نمونە بوو. ماوەیەك پاسەوانی یان پێ دەکرد و، لە کاتی بانگدا دەچوو بەدەم نوێژەکەیەوە، کاتێ لێیان پێچایەوە، ووتی: فەرمانی خوا گرنگترە لە لام لە فەرمانی سەربازگە، ئەگەرێ ئێوە فەرمانی پاسەوانیم بەسەردا نەدەن.[1]

---

[1] لەیاداشتێکی هاوڕێی مامۆستا ناصر، بەڕێز عبدالقادر عەزیزیدا.

یەکێ لە هاوڕێکانی دەڵێ: ئەو کاتەی کە مامۆستا لە سنە سەرباز بوو, هەواڵ درا بەسەربازگە کە (محمد رضا شاە) سەردانی ئەو شارە دەکات, بۆیە بنکە سەربازییەکانی ئەو شارە, سەربازەکانیان بڵاوکردەوە بە جادەو کۆڵانەکاندا, دیارە مامۆستا ناصریش یەکێ لەو سەربازانە بووە.

ئەو ڕۆژەش وەك زۆربەی ڕۆژەکانی ژیانی, سەرگەرمی موتالەعە و خوێندنەوە بووە, لەبەرئەوە کە نەیتوانیوە کتێب لەگەڵ دەستی خۆی بەرێ, لەو کاتەدا لەگۆشەی کۆڵانێکا دەستی کردووە بەخوێندنەوە, بەهاوڕێکانیشی ووتووە: هەرکات شاە نزیك بووەوە هەواڵم بدەنێ تا بەئەرکی سەرشانی خۆم هەستم..بەڵام لە ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا ئوتومبیلەکانی شاە دێن و تێ دەپەڕن و هاوڕێکانی بۆیان ناکرێ هەواڵ بدەن بە مامۆستا ناصر, ئەویش لە بەر سەرقاڵی بە موتالەعەوە ئاگای لێ نابێ و, کاتێ بە خۆی دەزانێ ئوتومبیلەکانی (شا) تێپەڕیون.. بەو جۆرە مامۆستا شەیدای خوێندنەوەو, سوود وەرگرتن لە ساتەکانی و, دژی کات بەفیڕۆدان بووە..

پاش دووساڵ لە سەربازی گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆی، لەساڵی ١٣٥٧کۆچی بەرامبەر١٩٧٨ی زاینیدا دەستی کردەوە بە ووتاردان، قوتابخانەیەکی کردەوە و دەستی کرد بە وانە ووتنەوەو ژمارەیەکی گونجاو لەلاوە هەڵکەوتووەکانی ناوچەکە بۆخوێندن چوونەلای. دواتر هەریەك لەوانە بوونە کەسایەتیەکی دیار و خوێندەوار و ڕۆشنبیری ناوچەکانی خۆیان. لەوانە ئەکرێ ناو بەرین لە کەسانێکی وەك: عبدالرحمن پیرانی, حسێن محەمەدی، مەحمودی وەیسی, ئەحمد شریفی, اکرم سابقی و چەند کەسێکی تر..هەر لەو ساڵانەدا بوو کە لە گوندی (خانەگا) ی نزیك شاری پاوە, زنجیرە دەرسێکی فراوانی دانا و ڕۆژانە هات و چۆی ئەکرد، لە شارو گوندەکانی تریشەوە دەیان کەس لە زاناو خوێندکاران، ئامادەی دەبوون..وانەکانیش لە دوو کاتی جیاواز دا بوون، بۆ پیاوان و ژنان..

لەو سەردەمەدا دووبارە ڕووبەڕوو بووەوە لەگەڵ دڵگرانی و نارەزایی دەزگاکانی ڕژێمی شاە, بەبۆنەی وتار و هەڵوێستە نەیاریەکانیەوە بەرامبەر سیاسەتەکانی شای

ئێران..چەند جارێ هەوڵی گرتنی درا، بەلام لەبەر ناسراوی و لەترسی کاردانەوەی گرتنەکە، پەشیمان دەبوونەوە..جارێك هەواڵی پێگەییشت کە بڕیاری گرتنی دراوە, بۆیە لەبەر چاوان خۆی بزر دەکردو, بۆ ماوەی مانگێك دیار نەما, ئەمەش کاتێك کەجموجوڵی شۆڕشگێڕانی دژ بەڕژێمی شا لەزۆربەی شارەکانی ئێران و زانکۆکان و لە دەرەوەی ئێراندا پەرەی سەندبوو، مامۆستا ناصر هاودەنگی و هاوهەڵوێستی خۆی لەگەڵ ڕەوتی شۆڕشگێڕان ڕاگەیاند. لە هیچ کۆڕ و کۆمەڵێکا سڵی نەدەکردەوە لەڕەخنە گرتن لەشا و سیاسەتەکانی، بەلام لەبەر وەزنی کۆمەلایەتی و جەماوەری و ناوبانگە ئاینیەکەی؛ دەستیان نەدەچووە دەستگیر کردنی.

هاوسەرگیریی

مامۆستا ناصر لە ٢٧ساڵیدا، لە٦/٢٢ی ساڵی١٣٥٧ی هەتاوی, ١٩٧٩ی زاینی دا خاتوو (جەیران توفیق) کە ئافرەتێکی خواناس و ڕەوشتبەرزی گوندەکەی خۆیان بوو، دەخوازێ و, لەئاهەنگێکی شەرعی خنجیلانەدا خزمان ودۆستانی کۆدەکاتەوە. خێزانی دەڵێ: مارەیی‌یەکەم ٢ هەزار تمەن بوو. کەدواتر فەرشێکمان پێ کڕی و سوودمان لێ وەرگرت و کردی بەناوی منەوە تا قەرزار نەبێ. هاوسەری بەڕێزی نەخوێندەوار بوو، بەلام لەسەر ڕاسپاردە و داوای مامۆستا ناصرو لە ڕێی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری یەوە، خۆی فێری نوسین وخوێندنەوە کرد.

مامۆستا هەر ئەو ژنەی هێناوە, چوار کچی لەدوا بە جێماوە بەناوی (نصیرە، نوسەیبە, ئەمینە, نەجیبە). دوا منداڵی خۆی نەدیوە, چونکە لەپاش گرتنی لەدایك بووە. کوڕی نەبووە, ئێستە خێزانی و منالەکانی لە گوندەکەی خۆیان (دوریسان) ژیان بەسەر دەبەن.

ڕیشه سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی هۆشیاری ئیسلامی لەکوردستانی ئێران دا:

وولاتی ئێران بەگشتی, ناوچە سوننی نشینەکان بەتایبەتی, کوردستان بەتایبەتی تر, دوور نەبووە لەکاریگەریی ئەو شەپۆلی بێداریی و ڕابوونە ئیسلامییەی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا دریەدا بەو بێ ئاگایی و دواکەوتوویییە فکری یەی سەراپای جیهانی ئیسلامی گرتبووەوە. ئەگەر ناوچەی کوردستانی ئێران ـ لەچاو بەشە کوردستانی عێراقدا ـ تا ڕادەیەك درەنگتر بەهرەمەند بوو بێ بەو بێداریییە ئیسلامییە, دەگەڕێتەوە بۆدوو فاکتەری سەرەکی:

یەکەمیان: داخراوی سیستمی دەسەلاتی ڕەزا شای ئێران ومحمدی کوری, بەسەر جیهانی ئیسلامداو, بایەخ دانی بە ولاتە ئەورووپییەکان لە ڕووی ئابوری و فەرهەنگیەوە.
دووەمیان: تا ڕادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری نەژادی و پەراوێز کەوتنی جوگرافی خاکی ئێران لە چاو جیهانی عەرەبیدا.

بەهەر حاڵ, سەرەڕای ئەو ڕادە دواکەوتنە, تروسکە بەرایی یەکانی بێداری ئیسلامی، لەسالانی حەفتاکانا، لەدوو دەرگای جیاوازەوە سەری بەرەو ئێرانیش کێشا. بە نیسبەت ناوخۆی ئێرانەوە بە گشتی هەڵمەتێکی بەگوڕ و فراوانی ڕەوتی وەرگێڕانی کتێبە ئیسلامییە هاوچەرخەکان بۆ زمانی فارسی دەستی پێکرد و, توێژانێکی زۆری خوێندکارانی هەر دوو بواری زانکۆ و حەوزەکان و, بەگشتی ڕوناکبیرانی شارە گەورەکانی خستە ژێر کاریگەرییەوە.

بە نیسبەت کوردستانی ئێرانیشەوە ـ بەتایبەتی شارو شارۆچکە هاوسنورەکانی بەشەکوردستانی عیراق ـ کەوتە ژێر کاریگەریەکی بەر چاوی ئەو بێداری یە ئیسلامیەی کە لە شەستەکان دا گەشەی کردبوو..دەتوانریێ فاکتەری ڕاستەوخۆ لەم لایەنەوە بگێڕینەوە بۆ گەڕانەوەی ژمارەیەك خوێندکاری زانستە شەرعیەکان کەلە کوردستانی ئێرانەوە هاتبوونە کوردستانی عیراق و لە حەفتاکاندا بەبیر و هزرێکی

کراوه و، تێگەیشتنێکی هۆشیارانەوە بۆ چەمکە ئیسلامیەکان، گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێران و، کاریگەریی بەر چاویشیان هەبوو لەسەر ژمارەیەك لە هاو مەسلەکەکانی خۆیان لە زانایانی ئاینی و ڕوناکبیران بە گشتی.

ئەگەر ڕاستەوخۆ بگەڕێینەوە بۆ ناوچەی پاوە، هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر شەخسی مامۆستا ناصری سوبحانی، بە دڵنیایی یەوە هەردوو فاکتەرە پێشووەکە جێ پەنجەی ڕۆشنیان لەسەر بیر کردنەوەو ئەو قۆناغە فکری یە نویّ یەی مامۆستا ناصر بەجێ هێشتبوو..ڕەنگە باشترین بەڵگە بۆ ئەم ڕاستی یە بۆچوونی خۆی بێت، کەچەندین جار دووبارەی ئەکردەوەو دەیگوت:(هەندێ نوسراو و وئەفکاری نوسەرە هاوچەرخەکانی عالەمی ئیسلامی، بوونە هۆی گۆڕانکاریی لەبیرکردنەوەو گرتنە پێشی ڕەوت و ڕێبازێکی تازەی من دا؛ دواتریش کەچاوم بە چەند هۆگرێکی رەوتی ئیسلامی هاوچەرخ کەوت دڵنیابوومەوە لەڕادەی سەلامەتی ئەو ڕێبازە).

وەك پێشتر ئاماژەمان پیّکرد، مامۆستا ناصر هەر لەمناڵیەیەوە خووی دابووە زانستو توێژنەوەی عیلمی، وەك شەیدایەکی قورئان کەوت بەسەر توێژینەوە قورئانیەکاندا و دەستی کردە موتاڵەعەی ئەو کتێبانەی زیاتر لە قورئان تێیان دەگەیاند.

جارێك بۆ خۆمان لێمان پرسی: گرنگترین ئەو کتێبانەی لە سەرەتاوە کاریان تیّ کردی چی بوون ؟ ووتی: لەتێگەیشتنی قورئاندا کتێبی(مفردات القرآن) ی راغبی ئەصفەهانی، لەبوعدی دەعەویشدا کتێبی(اصول الدعوة) ی دکتۆر عبدالکریم زیدان، زۆر کاریان تیّکردم، بۆ بوعدی عەقیدیش کتێبی (المصطلحات الاربعة)[1] ی ابو الاعلی المودودی کاریگەر بوو، دواتر (فی ظلال القرآن) ی سید قطب و(مجموعة الرسائل) ی پێشەوای شەهید حسن البنا بەتەواوی دڵنیایان کردمەوە لەسەر نزیکی ئەو ڕەوتە لە چەمکە قورئانیەکان و، دڵنیابووم کە ئەو قوتابخانە فکری‌یە توانای گێڕانەوەی

[1] دواتر مامۆستا ناصر خۆی هەندێ سەرنج و تێبینی لەسەر ئەم کتێبە هەبوو.

سەروەریەکانی ئوممەتی ئیســلامی پێیە, بۆیە پێش ئەوەی هیچ کەسایەتیەکی ئەو ڕەوتە ببینێ, پەیمانی دابوو کەلەسەر ئەو ڕچە و ڕێبازە بڕواو, درێژە بە ژیانی دیندارانەی خۆی بدات..ئەوەش کە زۆر یارمەتیدەری بوو بۆ زیاتر تێگەیشـتن لەو ڕەوتە, ئەو ژمارە زۆرەی کتێبە وەرگێڕاوەکانی نووسەر و بیریارانی إخوان المسلمین و کەسایەتیە ئیسلامیەیە هاوچەرخەکان بوو بۆ زمانی فارسی, چونکە ڕێژەیەکی کەمتری نوسراوە عەرەبیەکان دەگەیشتە ئێران‌و, بەرهەمە کوردیە ئیسلامیەکانی کوردستانی عیراقیش لەو ئاستی کاریگەری یە بەهێزەدا نەبوون, چ لەڕووی چەندیەتی, چ لە ڕووی چۆنایەتیەوە..

بە هەر حاڵ بە پێی ئەو زانیاریانەی لەبەر دەستدان، مامۆستا ناصر لە ساڵی ١٣٥٧ هـ بەرامبەر ١٩٧٩ زاینی لەگەڵ دەستەیەك لە زانایانی ناوچەکە بەڵێنیان دا بە یەکتر کە ڕێکخستنێکی ئیسلامی ساز بکەن و هاوکاری یەکتر بکەن، بۆیە هەر لەو ساڵەدا بە دەیان گەنج و مەلای ناوچەی هەورامان و جوانڕۆ و ڕوانسەر پەیوەندی یان پێوەکردن ...

بە پێی لێدوانی یەکێ لە بەر پرسانی کاری ئیسلامی ئەو سەردەمە؛ تا ئەو کاتە ئەو ژمارەیە لە بەر پرسانی ئەو ڕێکخستنە ئیسلامیەیە، کاك ئەحمەدی موفتی زادەیان نەناسی بوو، کە ئەویش لە ناوچەی سنەدا خەریکی چالاکی ئیسلامی بوو. ئەوجموجۆڵەی مامۆستا ناصر و هاوکارانی هاو کات بوو لەگەڵ هەندێ جموجۆڵی تری ئیسلامی ناوچەی مەریوان، بەڵام پەیوەندی یەکی ئەو تۆیان بەیەکەوە گرێ نەدا بوو.. [1]

---

[1] لە یاداشتنامەیەکی تایبەتی مامۆستا (ئە ـ ب) یەکێ لە کەسایەتیەکانی کاری ئیسلامی ئێران، کە لە کاسێتێکدا تۆمار کراوە، وەرگیراوە.

چالاکی یە سیاسی یە ئیسلامیەکانی ساڵانی پێش شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی مامۆستا ناصری سوبحانی

وەك پێشتر ئاماژەمان پێ کرد لە حەفتاکانەوە بێداری یەکی ئیسلامی سەراسەری ئێرانی گرتبووەوە، کوردستانیش لەچاو ناوچەکانی تری ئێراندا, لە زۆر ڕووەوە لەپێشتر بوو.چونکە لەسەرێکەوە کەسانی هەڵکەوتووی وەك مامۆستا ناصر و مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە و ژمارەیەکی تر لەزانا و ڕوناکبیری دۆستیان، لە کاردا بوون.. لەسەرێکی ترەوە لە ڕەهەندە نەتەوەیی‌یەکەوە جموجوڵێکی سیاسی کوردستانیی چالاك هەبوو, کەکێشەیەکی قوڵ و هەڵپەسێرراوی ئێران بوو, لەسەردەمی ڕوخانی کۆماری مەهاباد و شەهیدکردنی (قازی محمد)ەوە بەبێ چارەسەر هێڵرا بویەوە..

ناوچەی پاوە و هەورامان بەحوکمی بوونی مامۆستا ناصر و هەندێ لەهاوکارانی کە لەکوردستانی عێراقدا خوێندبویان و هەڵگری فکرێکی ئیسلامی کراوە و بیرکردنەوەیەکی هۆشیارانە بوون ـ شێرەبەشی لەو ڕاپەڕین و بێداریەدا هەبوو کەڕووی کردبوە ناوچەکە ـ بۆیە هەر لە ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی ١٩٧٧ی زاینی ژمارەیەك لە مامۆستایانی روناکبیری ناوچەکە قوتابخانەیەکی شەرعی‌یان کردەوە بەناوی (مەدرەسەی قورئانی پاوە), لەناودارترینی ئەوکەسانەی کە لە کردنەوە و دانانی پرۆگرامی ئەو قوتابخانەیەدا ڕۆڵی سەرەکی یان هەبوو، مامۆستا ناصری سوبحانی بوو.

ئەو قوتابخانەیە ئەرکی فێرکردنی زانستە شەرعیەکان و, بێدارکردنەوەی لاوانی گرتبووە ئەستۆ..هەروەها سوودی زۆری دەبینی لە زیندووکردنەوەی بۆنە ئیسلامیەکاندا بە وتار و بابەت و ڕونکردنەوە.

ئێستەش دەسنوسی پرۆگرامی ناوخۆی ئەو قوتابخانەیە لای یەکێ لە دۆستانی دێرینی ماوەتەوە و پارێزراوە. ئەو کەسە دەڵێت: زۆربەی بەر نامەو پلانی (مەدرەسە شەرعیەکان) کە پەسەند دەکران مامۆستا ناصر دایدەڕشتن.

بەپێی زانیاری تەواو دەتوانین بڵێین: یەکەم جریقەی ڕاپەڕین و بەگژداچونی ڕژێمی ستەمشاهی, ئاهەنگێکی مەولود بوو کە لە مانگی ١٢ ی ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی, ئازاری

۱۹۷۸دا، ئەو مامۆستایانەی مەدرەسەی قورئان بەڕێوەیان بردو، مامۆستا ناصر وتارێکی ئاگرینی تێدا خوێندەوە. ئەو ئاهەنگە کە لە گوندەکەی مامۆستا ناصر (دوریسان) بەڕێوە برا، دواتر لە (نۆریاو) ـ گوندێکی نزیك پاوە ـ دوبارە کرا یەوە و، ژمارەیەکی زۆر مامۆستای ناوداری ناوچەکە وتاریان تێدا خوێندەوە, لەوانە: قادر قادری, عبدالرحمن یعقوبی, خودی مامۆستا ناصر کە لە وتارەکەیدا باسێکی چەمکی (علم) زانستی کرد لە یاساکانی ئیسلام وپێوەرە ئاینیەیەکانی تردا و, بەراوردکردنێکی نایابی کرد لە نێوان بۆچوونی ئیسلامیو بۆچوونەکانی تردا.[1]

لەو ئاهەنگەدا کە بە بانگهێشتی ڕەسمی و ڕاستەوخۆی ئەو مەدرەسەیە کرا, توێژانێکی زۆر لە زانایان و ڕوناکبیران و لاوانی ناوچەی هەورامان بەشداربوون..

بەو جۆرە چالاکی مامۆستا ناصرو هاوکارانی لەو سالأنەی ۱۹۷۸ بۆ ۱۹۷۹ دا بەردەوام بوو.پەیوەندی یان دەکرد بە زانایان و ڕوناکبیرەکانەوە. ئەتوانین بڵێین کە لە کاردانەوەی ئەوەدا بوو ڕژێمی شا هەندێ ئیجرائاتی تایبەت بەو ناوچەیە کرد, وەك هەڵمەتی چەك داماڵین و دەست بەسەراگرتنی چەکە شەخصیەکان و ئازاردانی زۆری خەڵکی پاوە لە ساڵی ۱۹۷۸دا.. هەروەها کردنەوەی مەرکەزێکی قومارخانەو خواردنەوە لەپاوە, کەزۆر نامۆ و نەگونجاو بوو لەگەڵ کەلتور و هەستو خواستی خەڵکی ناوچەکەدا, بۆیە لەهەمان مانگدا لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە سوتێنرا.

کاتێکیش کەچالاکی گروپ و دەستە شۆڕشیەیەکان لە شارەکانی تری ئێران ـ بەتایبەتی تەورێز و کرماشان ـ دەستیپێکرد؛ ڕۆژی ۱۳۵۷/۷/۱٤ ـ پایزی ساڵی ۱۹۷۸ ـ بە ئاراستەو تەگبیری مامۆستا ناصر و هاوکارانی لە مەدرەسەی قورئانی پاوە, یەکەمین ڕێپێوانی فراوانی سیاسی جەماوەری پاوە دژی ڕژێمی شا دەستی پێکرد و، تیایدا دروشمی ئازادیخوازی, داوای چارەی بێکاری، دابینکردنی مافی کرێکاران, پشتگیری لە ڕێپێوانیخەڵکی کرماشان و, هەلگرتنی ستەم لە ناوچەکە, دووبارە دەکرا یەوە.

---

[1] لەکتێبی (تاریخ سیاسی ـ اجتماعی پاوە و ئەورامانات)ی بارامی وەڵەد بەگیدا باس لەم ئاهەنگانە کراوە.

دیاره ڕژێم وەك لە ناوچەکانی تری ئێرانیشدا لاواز بوو, بەڵام پەلەقاژەی مەرگی بەردەوام بوو.. لە شاری پاوەش بە هەمان جۆر, هەموو پیلانێکی دەگرتەپێش بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو جموجوڵەکان.. هەرلەو سات و وەختانەدا و لە مانگی ئابانی ١٣٥٧ی هەتاوی، پایزی ١٩٧٨ دا، ڕژێم هەندێ بەکرێگیراوی خۆی ورووژاند بۆ هەڵگیرساندنی فیتنەی جاف و گۆران لەناوچەکەدا, بۆیە ڕۆژی ٨/ ١٣٥٧، بەرامبەر ١٩٧٨ زاینی هەندێ بەگزادەی جوانڕۆ سەردانی پاوەیان کردو، لەگەڵ هەندێ زاناو پیاوماقوڵانی ئەو شارە کۆبوونەوە. بۆڕۆژی دوایی مامۆستا ناصر لە مەراسیمێکی گەورەی مزگەوتی گەورەی پاوە لە١٣٥٧/٨/٥, ١٩٧٨/١٠/٢٥ دا وتارێکی گرنگی داو باسی ئەو فیتنەیەی کرد و, بانگەشەی هەموو لاکانی کرد بۆ ئیلتیزام بە چەمکە ئیسلامیەکانی برایەتی وهاوماڵییەوە, هەروەها لە وتارەکەیدا باسێکی غیرەت و ئازایەتی و نەترسان و هەق گوتنی کرد, پاشان ڕەخنەیەکی توندی گرت لە ڕژێمی کاپیتالیزم و سەرمایەداری و, هێرشی بردە سەر سیاسەتی ئەمەریکا و تێکدانی بۆ ئابوری جیهان. هەروەها ڕەخنەی گرت لە جۆرە سیستمی ئابوری کۆمۆنیستی و، ڕۆڵی ڕوخێنەری داگیرکەران و، زەوتکردنی سامان و دارایی میللەتان. لەبەرامبەرەوە داکۆکی کرد لە شێوە سیستمی ئیسلامی و, مانایەکی وردی (لا اله الا الله) ی کرد. لەبەر بایەخی ئەو ووتارە لەڕووی کاتی و مێژوویی و, لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە, پێمان باشە چەند پەرەگرافێکی لێرەدا تۆماربکەین [1]

مامۆستا ناصر سەرەتای وتارەکەی بەم موناجاتە دەست پێکرد:

(خوایە, باس لەتۆ دەکەم, سوپاست دەکەم کە نیعمەتی ئەوەت پێ داوم باس لە تۆ بکەم ! سوپاست دەکەم کە زمان و توانات پێ داوم کە سەرەڕای ئەوەی هەل و مەرج گونجاو نیە, بەڵام گوزارشت لەوە بدەم کە لەدڵمدا دەگوزەرێ! خوایە، ستایشت ئەکەم کە عەقڵت پێ داوم و چاك و خراپ جیا دەکەمەوە, سوپاست ئەکەم

---

[1] دەقی ئەم وتارەی مامۆستا ناصر لە کتێبی (تاریخ سیاسی اجتماعی) ل (٢٤) بۆ (٤٧) لەگەڵ وتاری بەڕێزان قادر قادری و عبدالرحمن یەعقوبی بلاوکراوەتەوە.

که سەرچاوەکان و کان و کانزای سروشتی زۆرت داوینێ تا بە باشی بژین؛ بەڵام لێمان زەوت کراون (لێرەدا جەماوەری دانیشتوو بەدەنگی بەرز الله اکبر دەکەن).

ئەی پەروەردگار! سوپاست دەکەم کە بەردەوام لەگەڵمی، پارێزگاریم لێ دەکەی، سەرپەرشتی وچاودێریم دەکەی، خوایە ! دە شەرت بێ تەنها چاوم لەچاودێری تۆ بێو، تەنها پشت بە تۆ ببەستم.

خوایە! شایەتی ئەدەم کە محمد المصطفی (ρ) بەرنامەکەی تۆی هێنا و، هەرگیز بەرژەوەندی خۆی نەخستە بەر چاو. شایەتی ئەدەم کە هەرگیز دەستی بۆ سامانی خەڵکی درێژ نەدەکرد، شایەتی ئەدەم کە ئەو تەنها ژوورێکی خاکین و حەسیرێکی پووشینی هەبوو. خوایە، شاهیدی ئەدەم ئەو پێغەمبەرە کاتێ وەفاتی کرد تەنها کراسێکی جەنگی لە پاش بەجێ ما، کە ئەویش بارمتە بوو لای جولەکەیەك، (ئامادە بووان بەدەنگی بەرز الله اکبر دەکەن).

هەروەها شایەتی ئەدەم ئەو نێرراوەی خوا کەسێك لە خزمانی خۆی نەخستە سەر کار، تەنانەت تا خۆی لە ژیاندا بوو هیچ پۆست و مەسئولیەتێکی بە عەلی برازای خۆیو عەباسی مامی نەدا..

دیارە مامۆستا ناصر بەم شێوازە دەیویست دەروازەی وتارەکەی بکاتەوە، تا ئامادە بووان بهەژێنێ و، لە قوڵایی تایبەتمەندی ئیسلامەوەو لە شێوەی موناجاتدا، ئاراستەکانی بە ئامادەبووان بگەیەنێت..

هەر لەو پێشەکیەدا ووتی:

(خوایە، شکاتێکیشم هەیە. شکات لە ترسنۆکی خۆم، کە ناتوانم بە تەواویی ڕاستیەکان بڵێم! هەروەها شکاتم لە خەڵکیش هەیە کە لە من گوناهبارترن و، ناتوانن ئازادانە گوێ لەڕاستی بگرن! چونکە من ناتوانم لەژێرباری گوتنی ڕاستی دەرچم؛ بەڵام خەڵکی گوێگر دەتوانن لەژێر باری مەسئولیەت دەرچن. خوایە، تەوفیقم بدە تا بتوانم ڕاستی بڵێم.خوایە، شەرت بێ تەوبە بکەم، بڕیار بێ ئیتر هەر ڕاستی بڵێم..خوایە،

تەوفیقی خەڵکیش بدە کە گوێ بگرن و بە ئاگا و هۆشیار بن...(خەڵکی تێکڕا الله اکبر دەکەن).

پاش ئەم دێباجە هەژێنەرە، ئەچێتە سەر باسی تایبەمەندیەکانی ئاینی ئیسلام و، هەڵەو ناتەواوی‌یەکانی سیستمەکانی ترو ئەو تەوەرانەی پێشتر ئاماژەمان پێکردن.. کۆتایی وتارەکەش بەم دوعایە دێنێت:

(خوایە، بێدارمان کەرەوە. بمانخەرەوە سەر ڕێگەکەی محمد ρ خوایە، ئەوانە لەناوبەرە کە ئێمەیان لەقورئان دوور خستەوە. ڕێمان بۆ خۆش بکە تا جارێکیتر قورئان فەرمانڕەوا بێت. خوایە, یارمەتیمان بدە تا هەموو یەکگرتوو بین و دەست لە ناو دەستی یەکتر بنێین..)

ئەگونجێ ڕادەی بایەخ و کاریگەریی ناوەرۆکی ئەم وتارە نەیەتەوە بیر, تا خوێنەر نەگەڕێتەوە بۆ هەل ومەرجە ئاڵۆز و دژوارەکەی ساڵانی پێش شۆڕشی ئێران و, هەڕەشەو کارە دیکتاتۆریەکانی دەزگاکانی ساواك وگوێ لەمشتانی ڕژێمی شاهەنشایی لە ئێران دا. بۆ ئەو ساتە وەختەی ئێران، باسی ئیسلام و هاندانی خەڵکی بۆ بێداری, یا ڕەخنە لە سیستمی ئەمەریکی و ڕژێمە هاوکارەکانی, یا بانگەشە بۆ ڕاپەڕین دژی ستەمی شاهەنشایی، کارێکی هەروا ئاسان نەبوو.

لەو مەراسیمەدا ژمارەیەکی تر لەزانایانی ناوچەکە وەك: عبدالرحمن یعقوبی, قادری قادری, عبدالرحمن وەلەدبەگی وتاریاندا و, ئاماژە یان بەهەندێ خاڵی گرنگ کرد کەلێرەدا تەوەرەکانی دەخەینە ڕوو:

* پێویستی بوونی ڕابەران وپێشەنگان بۆ میللەت.
* مەرجەعیەتی ئیسلام بۆ میللەتی کورد.
* ڕۆڵی مزگەوت لە کۆمەڵ دا.
* هەژاریی خەڵك ونەمانی عەدالەت.
* ڕەخنە لە هەڵس و کەوتی دوژمنکارانەی ڕژێمی شا و، هێرش بردنە سەر ساواك.
* بانگەشە بۆ ڕاپەڕین و موقاوەمەت وخۆڕاگری.

دیاره سیخوڕانی ڕژێمی ئەو کاتە، هەواڵی ئەو وتارانە و کاریگەری یان لەسەر جەماوەر ـ بەتایبەتی لاوان و ڕوناکبیران ـ یان بەخێرایی دەگەیاندە دەزگاکانی ساواك, بۆیە پاش چەند سەعاتێك و لە سەعات شەشی ئێوارەی هەمان ڕۆژدا (١٩٧٨/١٠/٢٥) هێزە چماق بەدەستەکانی ساواك و ژاندارمە, ڕژانە مزگەوتی گەورەی پاوە و, سوکایەتیەکی زۆریان کرد بە قورئان و, دەستیان کردە جوێندان بە وتار بێژان و, هەڕەشە لێکردنیان. هەروەها کەوتنە لێدانی ژمارەیەك لەخەڵکی ناو مزگەوت..لەو کاتەدا کە هێشتا حەماسەتی خەڵکی بەهۆی وتارەکانەوە دانە مرکابووەوە, بەتوندی ڕوو بەڕووی هێزەکان بوونەوە و کەوتنە شیعار دان, وەك: مردن بۆ شاە, بژی ئیسلام, بمرێ کۆنەپەرستی, خەڵکینە بۆ دانیشین, ئێران بۆتە فەلەستین.خەڵکەکە بەدەم ئەم دروشمانەوە کەوتنە ڕێپێوان و بەرەو بەرزاییەکانی دەوری پاوە ڕۆشتن, لەوێ تا ئێوارە مانەوەو بۆشەو هەموو پیاوانی پاشماوەی ناو شاریش چوونە لایان و, بڕیاریان دا دەست بکەن بە مانگرتن و دەست لە مانگرتن هەڵنەگرن تا هەموو داواکاری یەکانیان جێبەجێ نەکرێن.

ڕەنگە ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی ڕۆژانی شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی شا هەڵبدەینەوە شاروناوچەیەکی وەك پاوە و هەورامانمان نەیەتە پێش چاو, کە بەو جۆرە پەنا برابێتە بەر ئەو شێوازە ئاشتی و مەدەنی یانەو دووری گیرا بێت لەشێوازی توندوتیژی و خوێناوی..بەڵێ, شێوازی ئاهەنگ و, وتار و, مانگرتن و, یاداشتنامە بەرز کردنەوە و, داواکاریی هێمنانە, شێوازێکی ئێجگار سەرکەوتوو بوو, کەتوانی ناوچەکە لە مەترسی خوێن ڕژانێکی زۆر ڕزگار بکات, بە تایبەتی لەنێوان ڕۆڵەکانی ئەو میللەتەدا کەڕژێم بە تاکتیك گوێ لەمشت ومشە خۆرانێکی زۆری بۆ بەر پاکردنی فیتنە لە ناویاندا چەکدار کردبوو.. ئەم سەرکەوتن وڕووسووری یە مێژوویی یە زۆربەی زۆری ئەگەڕێتەوە بۆ حیکمەت و ووردبینی و دووربینی و تێگەیشتنی قووڵی مامۆستا ناصر و هاوکارەکانی لەمەدرەسەی قورئانی پاوە کەپێشەنگی ڕەوتی ئینقیلابیی ئەو ناوچەیەیان دەکرد.

ئەگونجێ لەتەواوکردنی کۆباسی قارەمانێتی مەراسیمی باسکراو و مانگرتن و ڕێپێوانە مێژووییەکەی(١٩٧٨/١٠/٢٥)دا, ڕادەی پێشکەوتوویی هزرویری ئەو کەسایەتیانە زیاتر ڕوون ببێتەوە. بۆیە گێڕانەوەی ئەم چەند زانیارییەش بە پێویست دەبینین:

ئەو شەوە مامۆستا ناصرو هاوکارانی لەڕێی تەلەفونەوە وەزعی ناو شاری پاوە و گۆڕانکاریەکانیان گەیاندە هەندێ شاری ترو هەندێ کەسایەتی, کەدەستیان دابووە جموجوڵی شۆڕشگێڕانە (وەك شارەکانی تاران وکرماشان وسنەو قوم). خەڵکیش سەرەڕای سەرمای شەوانی پایزو، سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی فەرماندار و بەر پرسانی ناوشار, تا بەیانی ڕۆژی دوایی مانەوە, واتە: ١٩٧٨/١٠/٢٦ هەموو دائیرەکان و قوتابخانەکان بۆ پشتگیری مانگرتووان، دەوامیان نەکردو, بە ڕێپێوانێك کەوتنەڕێ بەرەو خەڵکی مان گرتوو.. ئەم حاڵەتە فەرمانداری پاوەو سەرۆکی شارەوانی و بەرپرسانی تری ڕژێمی لە پاوە ناچارکرد کە بچن بۆ ناو خەڵکەکەو, بکەونە دانوستان ووتو وێژ لەگەڵیان دا.

لەو کۆبونەوەیەدا بەڕێز مامۆستا ناصر بەناوی جەماوەرەکەوە وتارێکی گرنگو بەحەماسەتی پێشکەش کرد، تیایدا ئاماژەی کرد بەخراپی کارە ستەمکارییەکان و, نەمانی دادپەروەری و, ڕاپەڕینی خەڵك دژی ملهوریی کاربەدەستان, ئەمانەش لەڕێی تەفسیرکردنی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆزەوە. پاشان بەڕێزی یاداشتنامەیەکی (١٩) خاڵی بەناوی هەموو جەماوەری شاری پاوەوە, بەرامبەر بەرپرسان و جەماوەری تورە بوو خوێندەوە. کە لەبەر گرنگی و بایەخی مێژوویی و, وەك بەڵگەیەك لەسەر ڕادەی ئەو هەڵسەنگاندنەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد, بۆ دیاریکردنی ڕادەی پێشکەوتوویی بیرو بۆچوونی ئەو پێشەنگانەی شۆڕشی ئێران لەو ناوچەیەدا, لێرەدا دەقی خاڵەکانی یاداشتنامەکە دەخەینە ڕوو:

دەقی یاداشتنامەی جەماوەری مانگرتووی پاوە کەلە ١٩٧٨/١٠/٢٥دا بەرز کرایەوە بۆ بەرپرسان و مامۆستا ناصر خوێندیەوە:

١ـ ئازادیی قسەکردن‌و کۆبونەوەی ئاینی‌و وتنەوەی قورئان‌و فێر بوون و ئاشنابوون بە مەسائیلە دینیەکان.

٢ـ عوزر هێنانەوەی بەرپرسانی ڕژێم لە زانایانی شاری پاوە، بە هۆی سوکایەتی ڕۆژی ١٩٧٨/١٠/٢٤لەڕێپێوانەکەدا.

٣ـ دادگایی کردنی ئەو ژاندرمەو پاسەوانانەی هێرشیان کردە سەر مزگەوتی گەورەی پاوە، کەناسراون وناوەکانیان دیارن.

٤ـ ڕێگرتن لەڕاوەدونانی خەڵکی‌و، ڕاگرتنی گرتنی ئەو کەسانەی کە بەشداریی ڕێ پێوان دەکەن, بەتایبەتی کارمەندان.

٥ـ گەیاندنی بابەتە ئاینیەکان لە ڕێی شارەزایانی دینەوە بە قوتابیان‌و, ڕێنەگرتن لەم چالاکیە.

٦ ــ ڕێگرتن لە سوکایەتی بە ئافرەتە پۆشتەکان, بە تایبەتی لەناو قوتابخانەو خوێندنگەکاندا.

٧ ــ ڕێگرتن و قەدەغە کردنی شوێنە گشتیەکانی فەساد.

٨ ــ جێبەجێکردنی داوا پێشووەکانی ڕوناکبیران و مامۆستایان(کەپێشتر خراونەتە ڕوو).

٩ ــ سپاردنی کاروباری مزگەوتەکان بەدەستەی چاودێرانی خۆجێیەتی‌و, سەرپەرشتی کردنی وەقفەکان لەلایەن ئەو دەستەیەوە.

١٠ ــ دابین کردنی مافی ژیان بۆ زانایان و, کارئاسانی بۆیان.

١١ ــ نرخاندنی وەزعی‌خوێندکارانی زانستە دینیەکان ولا لێکردنەوەیان.

١٢ ــ ئازاد کردنی زیندانە سیاسیەکان بەبێ قەیدو مەرج.

١٣ ــ هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی نیظامی وحاڵەتی نائاسایی لە ناوچەکە.

١٤ـ گەرەنتی دان لەڕێی نوسراوی ڕەسمی‌یەوە بە نەگرتنی ئەو کەسانەی بەشداریی ڕێپێوانەکان دەکەن.

١٥ـ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی بەپەیامنێری ڕۆژنامەی (کیهان) و (اطلاعات) کەوتووە.

١٦ـ ڕێگەدان بە پەیامنێرو هەواڵگرانی ڕۆژنامەی اطلاعات و کیهان بۆ بلاوکردنەوەی ڕووداوەکان.

١٧ ــ ڕێ گریی لە هاتنە کایەی دووبەرەکیی لەنێوان خەڵکی دا.

١٨ ــ گێڕانەوەی ڕێزو ئیعتیبار بۆ پێشەوایان و قوتابیان.

١٩ ـ هەڵوەشاندنەوەی یاسای پارێزگاریی لە خێزان لەلایەن ڕژێمەوە.

بەم جۆرە مامۆستا ناصر بە دەنگێکی پڕحەماسەت یەکەیەکەی ئەم خاڵانەی دەخوێندەوە و، لەسەر هەریەکەیان دەوەستا و، جەماوەری ئامادەبووش بەدەنگی بەرز (الله اکبر) یان دەکرد بۆپشتگیری لەو داواکاریانە و، سەلماندنی ئەوە کە داواو خواستەی ئەوانە. بەرپرسانی ئامادە بووی ڕژێمیش سەر سام بووبوون لە ئازایەتی و ڕاشکاوی ئەو خەڵکە، چونکە پێشتر شتی وایان بەخۆیانەوە نەدی بوو، لەهەل‌ومەرجێکیشدابوو کەشۆڕشگێڕان و مانگران لە شارەکانی تری ڕاپەڕیوی ئێران بە توندی سەرکوت دەکران.

لەڕاستیدا ئەم خاڵانە، ڕادەی تێگەیشتنی بەرزی ئەو کەڵەپیاوە و هاوکارانی دەردەخەن، کەپێش ٢٦ ساڵ و لە ئاوا دۆخێکی دژواردا، ویستوویەتی خەڵکی فێری خەباتی مەدەنی بکا و، هەر لەو کاتەوە پێگەی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵچنێ.[1]

بەڵێ، ئەو شێوازە خەباتە پێش چارەکە سەدەیەك، بەڵگەیەکی ڕونە لەسەر هۆشیاریو پێشکەوتوویی هزرو بیری ئەو جوامێرانە، کە بەو جۆرە جەماوەریان جۆش داوە و، هێمنانە داوایانن بەگژ ستەمکاراندا و، بوونەتە هۆی بەرگریی لە خوێنڕێژی ناو خۆیی؛ لەکاتێکدا هەندێ لە هێزو گروپە چەکدارەکانی ئەو کاتە بە سەدان لاوی گەلی کوردیان بەکوشتداو، نەشیان توانی کەمترین و سەرەتایی ترین داوا و خواستەکانی ئەوکاتەی گەلی کورد بەدەست بخەن؛ بەڵکو برینێکی قووڵی گرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی‌یان لە ڕێی‌خوێنڕێژی و تۆڵە و تۆڵەکارییەوە، لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا هێنایە ئاراوە، کە ئەتوانین بڵێین گوازراوەتەوە بۆ نەوەکانی پاش ئینقیلابیش و تا ئێستەش ساڕێژ نەبووە .

[1] (دەکرێ خوێنەر جارێکی تر چاوێك بخشێنێ بە بەندەکانی (١) و(٩) و(١٢) و(١٤) و(١٦) ی یاداشتنامەکەدا، وەك نمونەیەك لەسەر ڕاستی ئەم بۆچونە).

بەهەر حاڵ، ئەوەش بەشێکی تری خەباتی فیکری و فەرهەنگی مامۆستا ناصر و دۆستانی بوو، کە دەیان کاسێتی تۆمارکرا و و پارێزراوی ئەو ڕۆژانە ـ کەلە بۆنەو جێ‌وکاتی جۆراو جۆردا پڕی کردونەتەوە و ئێستا لەبەر دەستماندان ـ ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرەن، هەندێ لە وتار و بابەتە تۆمارکراوانە لەبۆنەی وتووێژ و گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی هەندێ لەدەستەو گروپە چەپ و ناسیۆنالیستەکاندا کراون و توێژینەوەی قووڵتر و فراوانتر هەڵدەگرن بۆ چاکتر ناساندن و نوێکردنەوەی بیری مامۆستا ناصر و هاوکارانی لەسەرێکەوە و، گروپ و دەستە و تاقمەکانی تر لەلایەکی ترەوە..

سەبارەت بەو یاداشتنامەیە، پاش خوێندنەوەی، مامۆستا ناصر دایە دەستی فەرمانداری ئەو کاتەی پاوە، ئەویش کە زانی وەزعەکە ئاڵۆزە، بۆ هێورکردنەوەی جەماوەری شاری پاوە، بەڵێنی دا کە داواکاریەکان جێبەجێ بکرێن.[1]

---

[1] ئەم هەواڵەو هەواڵی مانگرتنی جەماوەری پاوە و یاداشتنامەکە، لە هەموو ئێراندا ناوبانگی دەرکرد، تەنانەت ڕۆژنامەی (اطلاعات) ی ڕژێمی شا لە ڕۆژی دوایی ١٣٥٧/٨/٧، ١٩٧٨/١٠/٢٨ دا باس لە ١٩ خاڵی نارەزایەتنامەکە و ڕەزامەندی بەرپرسان بۆ جێبەجێ کردنی بڵاوکردۆتەوە.

ناڕەزایەتنامەی مامۆستا مفتی زادە سەبارەت بەرووداوەکانی شاری پاوە:

یەکێ لەو کەسایەتیە کوردستانیانەی کە هەنگاو بە هەنگاو لە ڕێی مامۆستا ناصرو دۆستانیەوە ئاگادار ئەکرایەوە لە ڕوداوو گۆڕانکاری یەکان, مامۆستا ئەحمدی موفتی زادە[1] بوو کە پێشەنگی جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستانی ئەکرد لە شاری

---

[1] مامۆستا (ئەحمەدی موفتی زادە) کەسایەتیەکی ئاینی ـ کۆمەڵایەتی ـ سیاسی ناوداری کوردستانی ئێرانە. لەشۆڕشی گەلانی ئێراندا دژی ستەمی شاهەنشایی؛ یەکێ لەڕابەرانی ئێران و پێشەنگی جەماوەری کوردستان بوو

* ساڵی ١٩٣٤ لە (سـنە) ی کوردستانی ئێران لە دایك بوە.

*لەتەمەنی لاوێتی یەوە شەیدای خوێندنی زانستە ئیسلامیەکان بووە و چەندین شار و شارۆچکەی کوردستان ـ بۆ ئەو مەبەستە ـ گەڕاوە.

*ساڵی ١٩٥١ لە گوندی تەوێڵەی هەورامان خوێندویەتی.

*مەلا محمدی باوکی پێشەوایەکی ئاینی کوردستانی ئێران بوە و، دواتر بووەتە مامۆستای کۆرسی (فقە) و چوارمەزهەبەکە لە زانکۆی تاران.

*لە پەنجاو شەستەکاندا پەرۆشی مەسەلەی نەتەوەیی گەلی کوردستان بووە، بەپێی هەندێ زانیاری کاتێ لەتەوێڵە بوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی حزبێکی سیاسی یان دامەزراندوە بە ناوی (شۆڕش)، پاش ماوەیەك حزبەکە هەڵوەشاوەتەوە و، دواتر هاوکاریی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کردوە و، بووەتە سەرۆکی کۆمیتەی تارانی ئەو حزبە (کتێبی (چپ در ایران) ل ٢٢٩)

* لە ساڵی ١٩٧٢ ی زاینیەوە دەستی کردۆتە چالاکی ئیســلامی و بەو گیانەوە کەوتۆتە داکۆکی لە کێشەی نەتەوەی کورد.

* لەحەفتاکاندا ژمارەیەك قوتابخانەی ئەهلی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانی ئێراندا کردۆتەوە، بەناوی (مەدرەسەی قورئان)و دواتر بە (مکتب قرآن) ناوبانگی دەکرد.

* لەپێش شۆڕشی ئێراندا پەیوەندی کردوە بەسەرانی شۆڕشەوە، بەتایبەتی ڕابەری شۆڕش آیة الله خومەینی کەهەر لەکاتی بوونی لە شاری نەجەفدا نامە گۆڕینەوەی لە گەڵدا کردوە.

*دروشمی داواکانی بۆ مەسەلەی کورد پوخت کرابوەوە لەم ڕستەیەدا: هەڵگرتنی ستەمی سێ کوچکەی نەتەوەیی و مەزهەبی و چینایەتی.

*لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشدا لە ساڵی ١٩٧٩دا لەگەڵ سەرکردە کوردەکان، کۆنگرەیەکی گەورەی لەشاری سـنە ساز کرد، بۆ کێشەی کورد و مەسەلەی چارەنوسی ئۆتۆنۆمی کوردستان.

*هەر لەو مانگەدا نامەیەکی نارد بۆ بەرپرسانی ئێران بەناوی (دواهەمین ئاگادارکردنەوە) و، تیایدا مۆڵەتی پێنج ڕۆژی دانا کە ئەگەر بەرپرسان بڕیارێك سەبارەت بە چاککاریی نەدەن، بەتەواوی ڕەوتی خۆی و هەڵوێستی خۆی لە پشتگیریی حکومەت دەگۆڕێ........

*هەر لەو ساڵەدا چەندین سەفەری کرد بۆ قوم و تاران و، چەندین دیداری ساز کرد لەگەڵ ڕابەرانی ئێران، بەتایبەتی آیة الله خومەینی و سەرۆك كۆمار و هەموو ڕابەرانی بەرچاوی ئەوکاتە.

*پاش ئەو سەردان و دیدارانە گلەیی زۆری بۆ دروست بوو لەسەرکردەکانی ئێران و کەوتە ناردنی نامە و گلەیی نامە، لەسەرێکی تریشەوە دەستی کردە وتاردان و لێدوان بۆ هۆشیار کردنەوەی گەلانی ئێران.

*کاتێ هەستی کرد یادخستنەوە و نامە نوسراوەکانی گوێیان بۆ ناگیرێ، لەپایزی ١٩٧٩دا لە (حسنیەی ارشاد) ی تاران وتارێکی گرنگی دا بەناوی (دوا دیدار و دوا ووتار) و بەدوور و درێژی دەستی خستە سەر گرفت و برینەکان و چەند پێشنیارێکی خستە ڕوو، وەك:

١ـ پێکهێنانی لیژنەیەکی دڵسۆز لەلایەن ڕابەرەوە بۆ خەم خواردنی ئۆرگانە حکومیەکان.

٢ـ هەرکەس و گروپێ کە ڕەخنەی هەیە لە(یاسای بنەڕەتی) کۆکرێنەوە ونوێنەری خۆیان هەڵبژێرن وگوێیان لێ بگیرێ.

٣ ـ شورا لەشارەکان دانرێ و گوێ لە نەتەوە و مەزهەبەکان بگیرێ.

*لەمانگی ١٩٧٩/١١دا کەنارە گیریکرد لەشۆڕش و، شاری سنەی بەجێ هێشت بەرە و کرماشان و هەمەدان و هاتوچۆی تارانی نەکرد.

*لە مانگی ١٠ی١٩٧٩دا پەیامی دا بە میللەتی ئێران کە شۆڕش لە خەتی خۆی لای داوە، بۆیە پێشنیاری کرد کە لیژنەیەك دانرێ بۆ هەڵسەنگاندنی بەرپرسان لەدەزگاکانی ئێراندا و، کارشناس و شارەزای تر دانرێن بۆ داڕشتنەوەی قانونی ئەساسی .

*لە مانگی ٤ ی ١٩٨٠ وەفدێکی سێ نەفەریی (الاخوان المسلمین) سەردانیان کرد و ئیلحاحیان لێ کرد کە هەوڵێکی تر بدات لە گەڵ سەرانی ئێران، لەو کاتەدا دوو ڕونکردنەوەی نوسی بەناوی (لێکۆڵینەوەیەکی گشتی لەمەسائیلی کوردستان) و (پلانی ڕیفۆرمی قانونی ئەساسی) و، لەگەڵ نامەیەك ناردی بۆ سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی ئێران. دوو کەس لەوەفدەکەی ئیـوان بریتی بون لە (غالب هیممەت) و (یوسف ندی).

*لەمانگی ٦ی ١٩٨١ دا نوسراوێکی بە ڕەسمی بڵاوکردەوەو ڕوونی کردەوە کەئەو هەنگاوەش بێ ئاکام بوەوە، هەروەها تیایدا ڕایگەیاند لەو مێژووە بەدواوە لە هەر جۆرە ڕوبەڕوبونەوەیەکی سیاسی کەنارگیری دەکا و، دەستی خاڵی دەکات بۆ پەروەردە و فێرکردن وبانگەوازی ئیسلامی.

*لەپایزی ١٩٨١ دا کۆنگرەی یەکەمی شورای ئەهلی سوننەتی لە تارانی پایتەخت گرێ دلو صەدان کەسایەتی زانستی ئەهلی سوننەتی کۆ کردەوە بۆ تاوتوێی گرفتەکان و خەبات کردن بۆ دەسخستنی مافەکان و، مامۆستا ناصر یەکێ لە ئەندامانی بەرچاوی کۆنگرە کە بوو .

*لە مانگی ٤ ی ١٩٨٢دا کۆنگرەی دووەمی لەماڵی خۆی لەشاری کرماشان گرێ دا، لەکاتی بەستنی کۆنگرەکەدا و دواتر خۆی و سەدان لە قوتابی و دۆستانی دەسگیر کران.

*دوای چەندین ساڵ لە زیندانی، ئازاد کراو لەبەر ناڕەحەت بوونی لە زینداندا کۆچی دوایی کرد.

*بۆ شایەتی مێژوو پێم چاکە لێرەدا گەواهی یەکی ئەدیب و نوسەری گەورەی کورد مامۆستا هەژاری موکریانی نەقڵ بکەم کە لە (چێشتی مجێور) ە کەیدا دەر هەق بە کاك ئەحمەدی موفتی زادە نوسیویەتی و دەڵێ:

سنەوە, بۆیە سەبارەت بەو ڕووداوەش ڕۆژی ١٩٧٨/١٠/٢٧ ناڕەزایەتنامەیەکی بەرز کردەوە بۆ (ئەنجومەنی شورای میللی ئێران) و (ئەنجومەنی سـەنا) و (دادگای مەرکەزی) و (ڕۆژنامە مەرکەزییەکانی تاران) و (کۆمەڵی داکۆکی لە مافی مرۆڤ) و (کۆمەڵەی مافناسان) و (بەرپرسانی پارێزگاری کوردستان).

لەو ناڕەزایەتنامەیەدا مامۆستا موفتی زادە ڕاشکاوانە ئیدانەی ستەمکاریەکانی بەرپرسانی ڕژێمی کرد لە شارەکاندا، بە تایبەت ئاماژەی کرد بەپەلاماردانی چەکدارانی ڕژێم بەخەڵکی شاری پاوە و سوکایەتی کردن بە زانایان و قورئانیپیرۆز و جەماوەری پاوە. لە یاداشتنامەکەیدا مامۆستا موفتی زادە دەڵێ: (بەو بۆنەیەوە هەموو بەرپرسان ئاگادارئەکەمەوەو داوایان لێ ئەکەم کە دەست لەم یارییە ترسناکانە هەڵگرن؛ چونکە جەماوەری خۆڕاگرو بێدارو ڕاپەڕیوی ئەو شارانە لەوە زیاتر ستەمکاریی قبوڵ ناکەن و, تازە ماهیەتی سیاسەتی شەرمهێنەری ڕژێمیان بۆ دەرکەوتووە).

شایانی باسە لە شاری پاوەشەوە مامۆستاناصر و هاوکارانی بەهەمان شێوە نامەی ناڕەزایی و ئاگادارکردنەوەیان بەرز کردەوە بۆ بەرپرسان وناوەندانێکی زۆر, لەوانە (کۆمەڵەی زانایانی ئێران)، ناسراو (بەجامیعەی روحانیەت)، بۆیە لە١٩٧٨/١٠/٣٠ـ پاش ٣ رۆژ لە ڕووداوەکە ـ کۆمەڵەی ناوبراو وەڵامێکی بۆ

(...لەهەرای ئازادیخوازی کوردستانی دوای ئینقلابی ئیسلامیدا، زۆر کەس لە کوردەکانی سابڵاخ و سـنە، خراپەی ئەحمەدی موفتی زادەیان دەگوت. بەڵام کەلەگەڵی بومە ئاشنا، زانیم کەلە غەرەزێکی نەزانانەوە خراپەی دەڵێن. گوناهی هەر ئەوە بوو کە موسڵمانی بەڕاستییە و ئەم بڕوایەش بۆ کۆمۆنیست و زۆر لە لاوانی ئەمڕۆمان قوت ناچێ..

موفتی زادە بەدڵ ویستویە ئازادیی بۆ کوردستان بستێنێ. زۆریش ماندوو بووە کە قەولی ئازادیی کوردستانی پێ دەدەن، خۆی کە بێ درۆ و دڵپاك بوە لای وابوە قەول دەرەکانیش دڵ پاکن.. وا ئێستا کە ئەم ڕوپەڕانە دەنوسم، کاك ئەحمەد لە زینداندایە و زۆر سزا دەدرێ و سەدان لەهاوکارانی کەزۆربەیان تازە لاون لە سوچی زیندان توند کراون و، هیچیان لە پەیڕەوی کاك ئەحمەد پاشگەزنین و، لە سەر بڕوای خۆیان سورن. لەو ساوە خۆم ڕووبەڕوو کاك ئەحمەدم دیوە و سەفەرم بۆ شیمال لەگەڵی کردوە، زۆر وە بەر دڵم کەوتوە، لام وایە بە مردوییش هەزاران کۆمۆنیستی نەزانی دەبێ بەقوربان بکرێ..)ل ٥٦٨ چێشتی مجێور. /هەژار

ناڕەزایەتنامەکە نارد, بە ئیمزای (آية الله مەرعەشی) و پشتگیری ڕوحانیەتی بۆ جەماوەر تیادا ڕاگەیاند.[1]

سەرەڕای ئەو هەموو هەولآنە و, پاش ئەو ڕووداوانە, لەگەڵ بەڵێنی بەر پرسانی خۆجێیی پاوە, بە پێچەوانەوە سەرانی ڕژێم لە ڕۆژانی دوا بیدا پەلاماری ناو شاریان داو, ویستیان ئاگری فیتنەیەکی ناوچەگەری و, بۆجارێکی تر شەڕی جاف و گۆران، هەڵگیرسێنن. خەڵکی هۆشیاری پاوەش, پاش وتووێژی سەرەمڕو بەردەوامی مامۆستا ناصرو دۆستانی ـ بەتایبەتی مامۆستایانی مەدرەسەی قورئان ـ لەگەڵ ڕیش سپی و پیاوماقوڵانی شار، پاش کۆبونەوەیەکی فراوان لە مزگەوتی گەورەی شار, بڕیاریان دا بۆ خۆلادان لە شەڕی ئەهلی و پێکدادان, شار چۆڵ بکەن و بچنە بەرزاییەکانی دەورو بەری پاوە.. ڕژێمیش هەمان ڕۆژ کە خەڵکەکەی تیادا دەرچوو، بە هەلیکۆپتەر بەدوای وەزعەکەدا چوو, بۆ چاو ترساندنی خەڵکی, بەلآم بێ سوود بوو.. لەڕۆژی دوایىدا صەدان چەکداری کرێ گرتەی ڕژێم هێرشیان بردە سەر شارو, لەگەڵ هەندێ لە پیاوان کەلە ناو شارو دەوروبەریدا مابوونەوە پێکدا هەڵ شاخان, سەرەنجام بیست کەس لە هێرش بەران و سێ کەس لە خەڵکی پاوە کوژران..ڕۆژانی دوایی ڕۆژنامەکانی ڕژێم هێرش بەرانیان بە دوو هەزار کەس و, مانگرتووانی دەرەوی شاریان بە دەهەزار کەس و, ئوتومبیلی چەکداری هێرش بەریشیان بە ١١٨ ئوتومبیل مەزەندە کرد.. [2]

بەلآم خەڵکی پاوە بە ژن و پیاوەوە ناچار بوون دیفاع بکەن و, چەکداران ناچار بکەن کە شار چۆڵ بکەن, کەسانێك کە خۆیان دیویانە دەڵێن: لەو ڕۆژەدا مامۆستا ناصر حەزی نەکرد خۆی لە خەڵکەکە جیابکاتەوە, بۆیە لە ساتەکانی بەرگری و ڕوبەڕوبوونەوەدا لەخەڵك دانەبڕا, دارێکی بەدەستەوە بوو ـ بەبێ چەك ـ دیفاعی لە خەڵکەکە دەکرد و، داوای چۆڵکرنی شاری دەکرد لە چەکداران.

---

(١) ل ٥٢ (تاریخ سیاسی اجتماعی پاوه).

(٢) بۆنمونە ڕۆژنامەی (اطلاعات) هەروەها (کیهان) ژمارەی ١٣٥٧/٨/٩ بەرامبەر ١٩٧٨/١٠/٣٠ بەدرێژی ئەم هەوالآنەیان بلآوکردۆتەوە.

هەوڵی دەستگیر کردنی مامۆستا ناصر لەلایەن ساواکەوە:

خێزانی دەڵێ:[1] " ڕەحمەتی دەستی کرد بەم چالاکی یانە, لەسەرێکی ترەوە دەرس و ووتارەکانی تایبەت کرد بە خستنە ڕووی عەیب وعاری شای ئێران و دار و دەستەکەی و, هاندانی خەڵکی بۆ ڕاپەڕین و, پشتگیری لە مانگرتووان و خۆپێشاندەران, بۆیە یەکێ لە بەکرێگیراوانی ساواك پەیوەندی کرد بەخزمانیو خۆیشیەوەو پێی ڕاگەیاندن کە دەوڵەت ئامادەیە یارمەتی مامۆستا بدات, بە مەرجێ بێ دەنگ بێ و, واز لە ڕیسوا کردنی دام ودەزگاو دارو دەستەکانی شا بهێنێ..

مامۆستا لەو بارەیەوە پێشنیاری کرد بۆ خزمانی کە دیدارێکی گەورەی جەماوەریی ساز بکات لە مزگەوتی گەورە و, پارەی یارمەتیەیە پێشنیار کراوەکە وەرگرێ و, لەو کۆبونەوە جەماوەرییەدا لەبەر چاوی خەڵکی بیسووتێنێ, تا ئەوەندەی تر پەردە لەسەر لاوازی و ڕیسوایی‌یەکانی ڕژێم هەڵماڵێ, بەڵام دۆستانی و خزمانی ڕجایان لێ کرد کە ئەو کارە نەکات و وازیان لێ بێنێ.. "

دیارە مامۆستا زۆر لەوە بەهێزتر بوو کە تەماع یان ترساندن کاری تێ بکاو, لەهەق وتن بێ دەنگی بکا, چونکە ئەو بڕوای وابوو کەپێشەنگانی میللەت هەرگیز نابێ بەچۆکدابێن, خەڵکی بێ هیواو بێ ڕابەر بکەن, دەبێ تا مردن وشەهید بوون، سوور بن لەسەر خۆڕاگری و خۆ بەدەستەوە نەدان و خۆ نەدۆڕاندن.

براکەی ودۆستانی دەڵێن: لەمانگی ۱۳۵۷/۹واتە مانگی۱۹۷۸/۱۱دا بوو کەسەرۆکی دەزگای سیخوڕی ساواك و چەند هاوکارێکی سەردانی گوندەکەی مامۆستا ناصر (دوریسان) یان کرد و لەگەڵ دەمڕاستی گوند ـ کە خاڵی مامۆستا بوو ـ کەوتنە وت و وێژ و داوای دیدارێکیان کرد لەگەڵ مامۆستا, خاڵەکەشی کە قسەی دەڕۆشت و لای هەموو کەس ڕێزی هەبوو بە مەرجی‌بگرت لە سەریان کە دەستگیری نەکەن و, تەنها گفتوگۆی لەگەڵ بکەن, ئەوانیش بەڵێنیان دا تەنها قسەی لەگەڵ بکەن و نەیگرن.

---

[1] لەدیدارکی تایبەتدا کەڕۆژی ۱۹۹۵/۱۱/۱ لەگەڵ خاتوو جەیرانی هاوسەری ساز کراوە.

سەرەنجام لە شوێنێك كۆبونەوە و مامۆستا بەبێ ئەوەی ئامادە بێ دەستیان لەگەڵ بداو تەوقە بكا, لەگەڵیان كۆبویەوە. سەرۆكی ساواك سەرەتا لێی پرسی: تۆ بۆچی دژایەتی حكومەتی شاهەنشای ئێران دەكەی ؟ مامۆستا ناصر وتی: من پێچەوانەی هەر كەسم كە دوژمنایەتی ئیسلام بكات و بە عەكسی قورئانەوە بجولێتەوە.پاشان كەوتنە گفتوگۆیەكی زۆر دوور و درێژ دەربارەی بارودۆخی ئێران و, مەسەلەی ئیسلام و, وەزعی ناو شاری پاوە.. گفتوگۆی نێوانیان ماوەی نۆ سەعاتی خایاند و نیوە شەو تەواو بوو..سەرەنجام بەرپرسەكەی ساواك و هاوكارەكانی ویستیان بە تەماعێكی زۆر گەورە بێ دەنگی بكەن و, مامۆستا بەڵێنیان بداتێ كە لەوەو دوا ڕەخنە لە ڕژێمی شا نەگرێ.مامۆستا فەرموی: من لەڕاستی وحەقیقەت زیاتر هیچی تر ناڵێم. من ناتوانم لە هەق وتن بێ دەنگ بم, چونكە ئەركی من هۆشیار كردنەوە و تێگەیاندنی ڕۆڵەكانی نەتەوەكەمە..[1] بەو جۆرە بەر پرسانی ساواك بە نائومێدی كۆڵیان دا.. دیارە پاش ئەو دیدارە كەوتونەتە بیری پیلانگێریی تر و, ڕۆژانی دواییش ئەمەیان سەلماند.. بۆیە پاش ماوەیەكی كەم لە١٩٧٨/١٢/١٠دا هێزەكانی ساواك لە زنجیرەی هەڵمەتی دەستگیر كردنی ژمارەیەك لەو كەسایەتیە لایەنگرانەی شۆڕشدا ـ كە لە پاوەو دەورو بەری چالاكیان هەبوو ـ پەلاماری ماڵی مامۆستا ناصریان دا, بەڵام خۆشبەختانە بەردەستیان نەكەوت، هەر لەو ڕۆژەدا بوو هەندێ دۆست وهاوكاری مامۆستا لە كەسایەتیە ناسراو و چالاكەكانی ناوچەكە دەستگیركران, لەوانە: بەڕێزان عبدالرحمن یعقوبی, سید قادری عەزیزی, فەتاحی نادری و چەند كەسێكی تر..

---

[1] بەشێك لە دەقی یاداشتنامەی كاك مەنصوری سوبحانی برای مامۆستای ڕەحمەتی.

بەشی دووەم

سەرکەوتنی شۆڕش و چالاکی یەکانی مامۆستا ناصر لە سالآنی یەکەمدا :

*هەلگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێران

*بەشداریی مامۆستا ناصر لە کۆنگرەی لایەنە کوردستانیەکان لەشاری سنە

*ڕاگەیاندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی

*یاداشتنامەی پشتگیریی لە شۆڕش

*بەشداریی مامۆستا ناصر لە ریفراندوم بۆ کۆماری ئیسلامیی

*سەردانی مامۆستا ناصر لە ڕابەری شۆڕش آیة الله خومەینی

*گلەیی لە کەمتەرخەمی یەکانی سەرانی شۆڕش لە ناوچە کوردی یەکاندا

*ڕەخنەی مامۆستا لە یاسای بنەڕەتی (قانونی ئەساسی)

*مانگرتن و ناڕەزایەتنامە

*پەیامی آیة الله خومەینی دەربارەی ڕووداوەکانی شاری پاوە

*دیدار لەگەڵ دکتور چەمران و گلەییینامە

*دوا سەردانی مامۆستا ناصر لە ڕابەرانی شۆڕش لە قوم و تاران

*دەستەی (حوسنی نییەت)

*رەخنەی مامۆستا ناصر لە ماددەی دوازدەی قانونی ئەساسی

*مالئاوایی لە سەرانی شۆڕش و دەسەلآت

*بەستنی کۆنگرەی یەکەمی شورای مەرکەزیی سوننەت (شمس)

*کۆچکردنی بۆ شاری مەریوان وسنە, پاشان کرماشان

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران:

ڕۆژانی پڕ لە ژانی لە دایکبوونی شۆڕش کەم کەم بەڕێکران. مامۆستا ناصر بەردەوام بوو لە وتار و دەرس گوتنەوە و کۆکردنەوەی خەڵك و کۆبونەوە لەگەڵ هەموو توێژو ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان. ئەو ڕۆژانە ـ واتە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ ـ بەگەرمی و پڕ لە ڕوداو و پڕ لە چالاکی بەڕێ دەکران.. مامۆستا و هاوکارانیشی بەردەوام بوون لە هاندانی خەڵکی بۆپێکهێنانی ڕێکخراوەی مەدەنی جۆراو جۆر و, کۆڕ بەستن و, مانگرتن و, گوشار خستنە سەر بەرپرسانی ڕژێم لە پاوەو هەورامان و, یاداشتنامەو نارەزایەتنامە بەرزکردنەوە و, پەیوەندی بەستن بە چەندین کەسایەتییەوە لە سەراسەری شارە گەورەکانی ئێراندا..

ئەم جموجوڵ و چالاکی یە خەست و گەرمانە هاوکات بوون لەگەڵ ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانی ئێران لە شارەکانی ترو, دەست وپەنجە نەرم کردنی ڕابەری شۆڕش آیة الله خومەینی بۆ گەڕانەوە و, خۆسازدانی شــا و نۆکەرانی بۆ دەرباز بوون لە تۆڵەی خەڵکی شۆڕشگێڕی ئێران. تا سەرئەنجام شـــای ئێران ڕۆشت و لە سەرەتای شوباتی١٩٧٩ دا ڕۆژی ١٢ی بەهمەنی١٣٥٧ڕابەری شۆڕش گەڕایەوە..

خیزانی مامۆستا ناصر دەڵێ:

(کاتێ مامۆستا لە ڕادیۆوە یەکەم دەنگی (الله اکبر) ی سەرکەوتنی ئینقلابی بیست, یەکسەر سوجدەی شوکری بردو, بۆ ماوەیەکی زۆر لە سوجدەدا دۆعای خوێند..). [1]

بەڵێ مامۆستا ناصر هیوای زۆری بەستبووەوە بەسەر کەوتنی شۆڕشەوە, ئاواتی گەورەی ئەو و هەموو دڵسۆزێکی ئێران لەناوچوونی ستەمکاری و دیکتاتۆریەت و, هێنانەکایەی سیستمێکی دادپەروەرانە بوو, بەمەبەستی حەسانەوەی گەلانی چەوساوەی ئێران لەدەستی ڕژێمی ستەمکارانەی شـاهەنشـاهی.. بۆیە یەکسەر

---

[1] لە دیدارێکی تایبەتی کە ڕۆژی ١٩٩٥/١١/١ لەگەڵ خێزانی سازکراوە.

بروسکەی مژدەدان و پیرۆزبایی لەگەڵ سەرکردە ناسراوەکانی شۆڕشدا ئاڵوگۆڕ کرد. بەتایبەتی لە گەڵ سەرکردەی بەتوانا مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە.

بەهەر حاڵ سەرکەوتنی شۆڕش گوڕ و تینێکی زیاتری بە مامۆستا ناصر بەخشی، بۆیە بە حەماسەتێکی زیاترەوە وانە گشتی یەکانی زیاتر کرد و، چالاکی یە سیاسی و فکری یەکانی پەرە پێداو وانەیەکی فراوانی بۆ سەرجەم توێژو ناوەندە ڕوناکبیرەکان دامەزراند، سێ ڕۆژ لە هەفتەی تایبەت کرد بەپیاوان و سێ ڕۆژ بەئافرەتان، ئەو مەدرەسە کاتی‌یە بە پەیمانگایەکی گەورەی زانستی زۆر سەرکەوتوو دەژمێردرێ بۆ پێگەیاندنی سەرکەوتووترین کادری فکری و، تائێستەش زنجیرە دەرسەکانی (سیستمی سیاسی ئیسلام) و (سیستمی ئابووری ئیسلام) و (وانەکانی خواناسی ـ کە لەدەیان کاسێتدا تۆمارکراون ـ)[٤] بە مەوسوعەیەکی ئەکادیمی و، بابەتگەلێکی زانستی زۆر بە بایەخ دەژمێررێن و، هەزاران لاوو ڕوناکبیری کوردستان و ئێران بە گشتی لێیان بەهرەمەندن. بەهێزی وکاریگەریی و سودمەندیی ئەو دەرسانە لەئاستێکدا بوو کەزۆربەی توێژە ڕوناکبیرەکان بەشداردەبوون و، تەنانەت فەرمانداری ئەو کاتەی (پاوە) ش بۆ ماوەیەك ئامادەی ئەو دەرسانە دەبوو.

کۆنگرەی فراوانی (ئۆتۆنۆمی) لە ســـنە و بەشداریی مامۆستا ناصر:

بەپێی هەندێ زانیاری کە ڕاستەوخۆ لە مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە وەرگیراون، ژمارەیەك لە سەرکردە کوردەکان هەر لەگەڵ گەرم بوونی سەرەتاکانی دژایەتی ڕژێمی شـــا؛ پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لە گەڵ ڕابەری شۆڕشی ئێران (آیة الله خومەینی) بەستوە، چ کاتێ لە (نۆفل لوشاتو) ی فەرەنسا بووە، چ پێشتریش کە لە شاری نەجەفی عێراق چالاکی یە سیاسی یەکانی خۆی دژی ڕژێمی شـــا دەست پێ کرد بوو..

بە پێی وتەی مامۆستا موفتی زادە؛ خۆی یەکێك بووە لەو کەسایەتیانەی کە لە ڕێی نامەگۆڕینەوەوە لەگەڵ خومەینی لەشاری نەجەف پەیوەندی سیاسی دامەزراندوە و پێی ڕاگەیاندووە کە ئەگەر لە حکومەتی داهاتووی ئێراندا، دوای ڕووخانی ڕژێمی شـــا، مافی خەڵکی کوردستان لە بەر چاو بگرێ و، هەر سێ ستەمی (مەزهەبی) و (نەتەوەیی) و (چینایەتی) لە ناوچەو خەڵکی کوردستان هەڵگیرێ، ئەویش لە ناوچەکانی کوردستاندا بە هاوکاری سەرکردە کوردەکانی تر و کەسایەتیە ئاینیە کاریگەرەکان، یارمەتی دەدەن و، لە قۆناغەکانی ڕاپەڕین و شۆڕشدا هاوکاری ئەکەن.[1]

جا کاتێ کە شۆڕش لە شارەکانی ئێراندا سەری هەڵدا و، ڕابەری شۆڕش لەسەرەتای شوباتی ١٩٧٩ دا گەڕایەوە ئێران، کاك ئەحمەدی موفتی زادە و هەندێ لە ڕابەرانی کورد کەوتنە جموجوڵ و وەبیر هێنانەوەی آیة الله و سەرانی شۆڕش بۆ ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکی کورستان و سەرکردەکانیان دابوو. بەڵام هەر لەو سەرەتایەوە کاك ئەحمەد ـ بەو ئیعتیبارەی هەڵگری بیر و بۆچونی ئیسلامی بوو ـ هەستی کرد کە سەرانی شۆڕش بەو گەرم و گوڕییەی پێش گەڕانەوەیان، باس لە کوردستان ناکەن و، لە بڕیار و کۆبونەوەکانی تارانیاندا بەشداریان ناکەن، بۆیە کاك

[1] کاك ئەحمەد لە دوا وتاری (دوا دیدار و دوا وتە)ی تارانیدا ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکات.

ئەحمەد کەوتە بیری گرێدانی کۆنگرەیەکی فراوان لە شاری سنە، تا ـ وەك چالاکی یەکی مەحەلی و خودیی دوور لە کاریگەریی مەرکەز و سەرانی شۆڕش لە تاران ـ چەند بڕیارێك بدەن و گوشارێکی سیاسی ـ جەماوەری دروست بکەن، بەو هیوایەی ئاوڕدانەوەیەکی جیددی لە کێشەی کورد بکرێ.

بۆیە نۆ ڕۆژ پاش گەڕانەوەی ڕابەری شۆڕش و، لە ١٩٧٩/٢/١٢ دا ـ واتە پێنج مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕش ـ لەسەر بانگێشت و بەچاودێری کاك ئەحمەد، کۆنگرەیەکی فراوان بە ئامادە بوونی سەدان سەرکردە و زانا و ڕووناکبیر و سەرۆك هۆزە کوردەکان لە شاری ســـنە بەسترا و سێ ڕۆژی خایەند.مامۆستا ناصری سوبحانی یەکێك بوو لەو کەسایەتی یە ناودارانەی کە بەشداری ئەو کۆنگرەیە بوو. بەپێی لێدوانی یەکێ لە هاوکارانی مامۆستا ناصر کە پێکەوە بەشداری ئەو کۆنگرەیە بوون، دەڵێ:

مامۆستا ناصر وتارێکی ئامادە کرد، لە بیست خاڵدا لە دیدی ئیسلامییەوە تیشکی خستە سەر کێشەی کورد و، پوختەی داواکاری یە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان، وتارەکە بەشێکی لە شێوەی پلان و پێشنیاردا بوو، کەبووە مایەی ڕەزامەندی یەکی زۆری ئامادەبوان. هەروەها مامۆستا ناصر لەو کۆنگرەیەدا بۆ یەکەم جار لە نزیکەوە ئاشنا بوو بە کاك ئەحمەدی موفتی زادە و، لە زۆربەی بۆ چونەکانیاندا نزیکی و لێکچوون بەدی دەکرا.لەو کۆنگرەیەدا ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەوانی ناوخۆیی و جیهانی ئامادە بوون، کە بەشدار بوانیان بە دوو هەزار کەس دەخەملاند.

نوسەرێکی میصری دەڵێ:

((یەکەم کۆنگرەی فراوان لە شاری ســـنەی کوردستان، لە ١٧٩٧/٢/١١ دا بەسترا، نزیکەی ٢٠٠هەزار کورد بە ئامادە بوونی قاسملۆ و موفتی زادە بەشدا بوون. ئەو دوو سەرکردەیە هەردووکیان لە وتارەکانیاندا جەختیان کردەوە لەسەر ئەوە کە کورد داوای ئۆتۆنۆمی دەکات، نەك جیا بونەوە، ئۆتۆنۆمی یەك کە:

١/ سیاسەتی دەرەوەی ئێران و، دیفاع و سوپا و سیاسەتی دارایی و پلانی ئابووری درێژ خایان، لە صەلاحیەتی حکومەتی مەرکەزیی بێت.

٢/ کاروباری روناکبیری، ئیداری، کۆمەڵایەتی، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە صەلاحیەتی حکومەتی هەرێم و مەحەلی بێت..

بە پێی ووتەی ئەو نووسەرە ئەو داواکارییانەی کەلەو کۆنگرەیەدا بڕیار دران و پوختەکەی لە و دوو خاڵەی سەرەوەدا بوو، لەلایەن سەرانی شۆڕشەوە لەتاران و قوم ڕەتکرانەوە و وتیان: (ئەگەر ئەمە بۆ کورد بکەین، ناوچەکانی تری ئازربایجان و عەرەبستان و بەلوجستان و تورکمانستانیش لە ئێران داوای ئەکەن. .))[1]

بەهەر حاڵ مامۆستا ناصر لەو ڕۆژەوە ئاشنایيەکی زۆری لە گەڵ ڕوناکبیر و زانا و سەرکردە کوردەکاندا پەیدا کرد و، زۆرێك لەوانیش سەرنجیان بەرەو بیر و بۆچوونە قوڵ و زانستیەکانی مامۆستا ناصر ڕاکێشرا بوو..کۆنگرەکەش بەیەکێ لەچالاکیە هەرە بایەخدارەکانی کورد دەژمێرێ، هەرچەندە بەپێودانگی سیاسی تا ڕادەیەکی زۆر بەبێ ئاکام لەقەڵەم درا و سەرانی شۆڕش نەهاتن بەدەم داواکانەوە.

شایانی باسە ڕاگەیانراوی کۆتایی ئەوکۆنگرەیە لە ١٥ خاڵ پێك هاتبوو، کە لەبەر بایەخی مێژوویی و کاریگەریی ڕاستەوخۆی مامۆستا ناصر لە بەشداری و پشتگیریی ئەو خاڵانەدا، پوختەکەیان لێرەدا دەخەینە ڕوو:

ماددەی یەکەم: پێویستە مافی ئۆتۆنۆمی ئیسلامی بە شێوەی یاسایی و یەکسانی بە هەموو میللەتانی ئێران بدرێ و، یاسای بنەڕەتیش لەسەر ئەم ڕێسایە دابڕێژرێت.

ماددەیدووەم: بۆ شیعە و سوننی دەستەواژەی کەمینە و زۆرینە بەکار نەبرێ.

---

[1] کتێبی (ایران بین التاج و العمامة):احمد مهابة.دار الحرية، القاهرة ل:٤٢٨ –٤٢٩.هەواڵی بەشداری د.قاسملۆ ڕاست نیە، چونکە لەدوا سانەکانی پێش دەستپێکردنی کۆنگرەکە هەواڵی نارد کە ناتوانێت بەشدار بێت. بەشدارانیش بە دوو هەزار کەس دەخەملێنران، نەك ٢٠٠ هەزار. بەنیسبەت کاتی کۆنگرەکەشەوە ڕاستتر ئەوەیە کەلە ١٢/حوزەیران بووە، نەك مانگی شوبات.

ماددەی سێیەم: بە پێی سروشتی ڕژێمی پێشوو کۆمەڵگەی ئێران بە کۆمەڵگەیەکی چینایەتی لە قەڵەم دراوە؛ هەوڵ بدرێ سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵات وا بێ کە جیاوازی یە چینایەتیەکان هەڵگیرێن.

ماددەی چوارەم: پێشتر کوردستان لە ڕووی پیشەسازی و ئاوەدانی و پشتگیری ئابوری یەوە ستەمی لێ کراوە. پێویستە داهات یەکسان دابەش بکرێ.

ماددەی پێنجەم: لە بەر ئەوەی حکومەت لە ئیسلامدا بریتیە لە شورا و هێزی یاسا دانەر (القوة المقننة)، بۆیە ڕێگەی مسۆگەربونی خودموختاریی (ئۆتۆنۆمی) بریتی یە لەپێکهێنانی (شورا خودموختارەکان) لە هەرناوچەیەکدا، کەلەپاڵیاندا هێزێکی جێبەجێکەر (القوة المجرية) و هێزێکی(قضائی) و هێزێکیتری (دارایی) دیاری بکرێن. دواتر نوێنەری ئەمانە لە (شورای مەرکەزی) و(حکومەتی مەرکەزی) دا بەشدار بن، بە پێی ڕێژەیەکی گونجاو لە هەر شوێنێ..

ماددەی شەشەم: حکومەتە خودموختارەکان هەر شێوە جموجوڵێکی جودایی خوازی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری مەحکوم دەکەن.

ماددەی حەوتەم: حکومەتە خود موختارەکان مافی سوود وەرگرتن لە زمانی خۆیان هەیە.

ماددەی هەشتەم: پۆلیسی ناوچە ئۆتۆنۆمیەکان بۆ ئاسایشی ناوخۆن و لە ژێر فەرمانی هێزی (قضائی) دان. بەڵام سوپا بۆ ڕوو بەڕووبونەوەی دەرەکی یەو مافی نیە دەست وەرداتە کاروباری ناوخۆ.

ماددەی نۆیەم: هەموو ناوچە ئۆتۆنۆمیەکان لە تایبەتمەندی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، بەپێی ڕێژەی دانیشتووان، بەهرەمەند دەبن.

ماددەی دەیەم: سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، بە پێی خواست و ئیرادەی میللەت، بەبێ کەمترین سەپاندن دیاری دەکرێت.

ماددەی یازدەهەم: دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەبێ هەموو ئەو بڕیارە پێشووانەی ئێران کە دژی نەتەوەی کورد دراون، هەڵوەشێنێتەوە.

ماددەی دوازدەهەم: کەمینە مەزهەبی و نەتەوەییەکانی سنوری ناوچە ئۆتۆنۆمیەکان دەبێ دارای مافی تەواوی کار و باری فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی خۆیان بن.

ماددەی سێزدەهەم: پاش ئەم کۆنگرەیە، بۆ ڕێگری لە هەر جۆرە دووبەرەکی یەك، کۆنگرەیەکی تر بگیرێ و، کەسانی تر کەلێرە بەشدار نەبوون بەشدار بکرێن.

ماددەی چواردەهەم: ئەو نوێنەرانەی لەم کۆنگرەیەدا هەڵ دەبژێردرێن هەوڵ بدەن لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ پلانێکی ورد و دوورو درێژ بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستان ئامادە بکەن.

ماددەی پازدەهەم: ئەم بەیاننامە کۆتایی یە کە ڕۆژی سێشەممە ۵۸/۲/۲۲ هەتاوی لە دانیشتنی کۆتایی کۆنگرەدا ۱۵ ماددە داڕێژراوە هەنگاوێکە بۆ هەلگرتنی هەموو جۆرە ستەمەکان کە ساڵەهایە دژی گەلی کورد بەکار دەبرێن.[1]

مامۆستا ناصری سوبحانی یەکێ بوو لەو کەسایەتی‌یە سەرەکیانەی کە لە داڕشتن و پەسەندکردنی خاڵ و بڕگەکانی ئەم داواکاری‌یانەدا بەشداریی لەبەرچاوی هەبوو.. بۆیە بە بەڵگەی زانستی زۆربەی خاڵەکانی دەسەلماند.

یەکێك لە هاوەڵانی بەناوی (ح.ح) کە لەو سەفەرەدا لەگەڵی بووە دەڵێ: (...کاتێ کاك ناصر لەو کۆنگریەدا ووتارێکیدا و پشتگیریی خۆی بۆ خاڵ و داواکاریەکان ـ بە تایبەتی داوای خود موختاریی کوردستان ـ دەربڕی؛ ئامادەبووانی کۆنگرەکەش بە دەنگی بەرز و دروشمدان پشتگیری و دەستخۆشی خۆیان بۆی دووپات دەکردەوە..).

بەو جۆرە ئەو کۆنگرەیە کۆتایی هات و، دەقی ئەم ڕاگەیەنراوە نێررا بۆ هەموو دەزگا و ناوەندە بەرپرسەکانی ئێران و کەسایەتیە سیاسی یەکان لە دەرەوە و ناوەوەی ئێران.. بەڵام بەداخەوە ئەمیش وەك دەیان نامەو ڕاگەیەنراو و بەیاننامەی تر، نەچوو بەگوێی بەرپرساندا و، هیچ وەڵامێکی نەدرایەوە.

---

[1] دەقی هەواڵی کۆنگرە کە و ئەو ڕاگەیەنراوی کۆتاییە لە کتێبی (دەربارەی کوردستان) ی کاك ئەحمەدی مفتی زادە، لاپەرە ١٩٧ ـ ٢٠١ دا بلاوکراوەتەوە.

ڕاگەیاندنی پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی سیاسی:

لەگەڵ شۆرو شەوقی خەڵکی ئێران بە گشتی، کوردستان بە تایبەتی، لە کەنار هەواو نەفەسی ئازادی دا و، بەمەبەستی برەو دان بە گیانی شێوە خەباتی مەدەنی و، پەرە دان بەڕێکخراوە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی - کەوا دەر دەکەوێ هەنگاوێکی ستراتیژی مامۆستا ناصرو هاوکارانی بووە - وە بەمەبەستی دەربڕینی هەڵوێستی ڕەسەن و ئیسلامخوازانەی جەماوەری پاوەو ناوچەی هەورامان، مامۆستا ناصرو هاوکارانی لە مەدرەسەی قورئانی پاوە هەستان بە پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی سیاسی بەناوی (کۆمەڵەی لایەنگران لە حکومەتی قورئان) و، لەمانگی ئازاری ۱۹۷۹ بەرامبەر (۱۳۵۷/۱۲/۱۵)هەتاویدا واتە مانگێك پاش گەڕانەوەی ڕابەری شۆڕش بۆ ئێران، پێڕەو و پرۆگرامەکەیان بڵاوکردەوە، کە لەبەر بایەخی مێژوویی[4] پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە، چونکە هەر لەو پێڕەوە وە دەرئەکەوێ کە شۆڕشگێڕانی ناوچەکە، جۆرە دوودڵی یەکیان لە دروشمبازیی سەرکردەکانی شۆڕش بۆ دروست بووە.

پاش ئایەتی ﴿ولتكن منكم أمة يدعون إلى الخير...﴾ لە ژێر سەر دێڕی ئامانجەکاندا دەڵێ:

<u>یەکەم</u>: عەقیدەمان ئیسلامی ڕاستەقینەیە، چونکە پێمان وایە - بەڕای ئێمەی موسڵمان - ئیسلام چارەسازی گرفتەکانە.

<u>دووەم</u>: بڕوامان وایە دەبێ لەهەرحاڵەتێکدا ڕووبەڕوی واقعەکان ببینەوە، تابتوانین بگەین بەڕاستیەکان، بۆیە لەگەڵ ئەو کۆنەپەرستانەدا کە وێنەی ئیسلام ناوەژوو ئەکەنەوە، ڕووبەڕوو ئەبینەوە.

<u>سێیەم</u>: لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردا تێ دەکۆشین و، لەسەرەتاوە لەبەر ئیلهامی ئایەتی ﴿وأنذر عشيرتك الأقربين﴾ دا بۆلابردنی ستەمی نەتەوەیی لەسەر خەڵکی ستەملێکراوی کورد، دەست پێ دەکەین.

<u>چوارەم</u>: دژی هەر نایەکسانییەکی کۆمەڵایەتی دەوەستین و، بۆگەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسانی دوور لە چینایەتی، تێ دەکۆشین.

پێنجەم: دژی هەر جۆرە داگیرکردن و, دیکتاتۆریەت و, ئیستقلالێکی ستەمکارانەین و، ڕووبەڕووی دەبینەوە.

شەشەم: هەوڵ دەدەین بۆ دەستخستنی ئازادیی تاك و كۆمەڵ لە هەموو ئاستو ناوەندەكاندا ...[1]

بە ورد بوونەوە لەم ئامانج و مەرامە فیکری و سیاسی یانە, ئاستی بەرزیی هزرو بۆچون و دیدی پێكهێنەرانی ئەم كۆمەڵەیە بەدیار دەكەوێ, كە لە پێشەوەی هەموویان جێ پەنجە و كاریگەریی مامۆستا ناصر دیارە, بۆیە بە زیادەڕەویی نازانرێ كە دەوترێ (نزیكەی ٨٠٠ كەس لەماوەیەكی كەمدا ناوی خۆیان لە ئەندامێتی ئەو ڕێكخراوە سیاسی یەدا تۆمار كرد)....[2]

جا بۆ كاركردن لەسەر گەیاندنی ئەو ئامانجانە و, هۆشیار كردنەوەی جەماوەر ـ بەتایبەتی توێژی ڕوناكبیر و لاوان ـ بەرپرسانی كۆمەڵەی ناوبراو هەستان بە دەركردنی بلاوكراوەیەك ـ وەك ئۆرگانی كۆمەڵە ـ بە ناوی ڕووناكی (النور) كە لە لایەن مەدرەسەی قورئانی پاوە و كۆمەڵەی ناوبراوەوە ڕاستەوخۆ چاپ و بلاودەكرایەوە..دەستەی نوسەرانی بریتی بوون لە بەڕێزان: مامۆستا ناصری سوبحانی, قادری قادری, عبدالرحمن یەعقوبی, حەیدەری ضیائی.. شایانی باسە بلاوكراوە كە تەنها ٣ ژمارەی لێ دەرچوو, بەهۆی ڕووداوە خوێنینیەكانی ئەیلولی ١٩٧٩ وە ڕاگیرا.

لە دیدارێكی تایبەتدا بەڕێز حە یدەری ضیائی دەڵێ:

(زۆربەی بابەتەكانی ئەم گۆڤارە، مامۆستا ناصر خۆی ئامادەی دەكردن).

مامۆستا (ا، ب) یش كە یەكێ لە كەسایەتییە چالاك و ناسراوەكانی ئەو كاتەی ئێران بوو، دەڵێ:

(لە مانگی هەشتی ١٣٥٧ ی كۆچی (١٩٧٩) ی زایینی بەندە وچەند زانایەكی تری ناوداری هەورامان و ناوچەكانی ڕوانسەر و جوانڕۆ كۆبونەوەیەكمان كرد لەگەڵ

---

[1] تاریخ سیاسی – اجتماعی پاوەو ئەورامانات ل ١٠٥ ـ ١٠٦.

(٢) لە دەقی وتارێكی هەینی بەڕێز قادری قادری وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی پاوە لە تابی ١٩٨٣ دا.

ماموّستا ناصری رەحمەتی و بەلێنمان دا بە یەکتر کە دەست بکەین بە چالاکی، بۆ ئەو مەبەستە لە شاری پاوە و گوندی دەرەبەیان چەندین کۆبونەوەمان کرد.).

ماموّستا ناصر لە کەنار ئەو هەنگاوە سیاسی یانەدا بڕوایەکی زۆری بە چالاکی ڕێکخراوەیی هەبوو، بۆیە پشتگیری زۆری لە توێژە ڕەنجکێش و زەحمەتکێشەکان دەکرد..

هاوکارانی دەڵێن: زۆر حەزی ئەکرد یارمەتی کرێکار و جوتیاران بدا، بۆیە بە فەرمانی ئەو، هەندێ جار ١٠ تا ١٥ کەسی کۆ دەکردەوە و خۆشی لەگەڵمان دەهات و ئەچوین بۆ هەڵمەتی هەرەوەزی بۆ یارمەتی ئەو جوتیارانەی کە دروێنەیان ئەکرد. هەروەها چەندین کاری تری لەو بابەتە.

یاداشتنامەی پشتگیری شۆڕش و تێبینی یەکان:

مانگێك بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران دا تێپەڕی. یا پشتگیری لە شۆڕش، یاوەدوکەوتنی کلاوی بابردووی ڕژێمی شای پێشوو، هەردوو حاڵەتەکە پێویستی بە هەڵوێستگیری هەبوو... بۆیە لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی ئێراندا مەسەلەی یاداشتنامە نووسین و ڕێپێوان و بەیاننامەی پشتگیریی، بووە داب ونەرێت.

جەماوەر کەوتە بەر مەحەکی خۆ یەکلاکردنەوە. دیارە کەسانێکی زۆر هەبوون کە لە کاردانەوەی ڕژێمی ستەمشاییدا، گوێیان ئەجۆری گۆڕانکاریی و ڕادەی توانا و لێهاتوویی‌و دڵسۆزیی شۆڕشگێڕان نەبوو.. ئەمەش دیاردەیەکی بلاوە لەزۆربەی وڵاتە دیلەکانی دەستی دیکتاتۆریەت و ستەمکاریدا، کە هەموو توێژەکانی جەماوەری خێر لەخۆ نەدیو، ئەوەندەی لە بیری چاککاریی داهاتوی خۆیدایە، لەوە زیاتر لە بیری خۆ قوتارکردندایە لەتالاوی ئەو واقعە دژوارەی تێیدا دەژی..گەلانی ئێران و سەرجەم ناوچە جیاجیاکانی ـ بەهەموو مەزهەب و نەتەوەو تیرەکانیەوە ـ هەمان حاڵەتیان هەبوو..

بەلام لەگەڵ ئەمەشدا کەسانێکی دووربین وخەمخۆری ئێران و گەلانی ئێران هەبوون کە هەر لەگەڵ سەر هەڵدانی سەرەتاکانی شۆڕش و، ورتەورتی بەگژاچوونەوەی ڕژێمی شادا ـ سەرەڕای پێشوازیی لەم بزاوتە ـ کەوتنە پرسیار لە نیاز و مەرامە سیاسیەکانی ڕابەرانی شۆڕش و، باکگراونی پەردەپۆشکراوی ئەو ڕەوت و بزاڤانەی لە پشتیانەوە

بوون.. لەو کەسایەتیانەی کە بەم حەزەر و ئیحتیاطەوە کەوتنە پشتگیری شۆڕش، مامۆستا ئەحمەدی موفتیزادە و مامۆستا ناصری سوبحانی بوون، کە هەر لەو سەرەتایەوە کەوتبوونە گومان لە هەندێ لێدوانی بەرپرسان و هەندێ ئیجرائاتو هەڵسوکەوتی نوێنەرانیان لە ناوچە کوردستانی وسوننی نشینەکانی ئێران.

ئەم بەڕێزانە و هاوکارو لایەنگرانیان دوو ترسی سەرەکی یان بۆ دروست بوو بوو:

یەکەم/ مەسەلەی نەتەوەی گەلی کورد و کێشە سیاسیەکەی و جۆری مامەڵەی حکومەتی مەرکەزیی ئێران لەگەڵ کوردستان.

دووەم/ چۆنیەتی مامەڵەکردنی سەرانی شۆڕش وحکومەتی تازە لەگەڵ مەسەلە مەزهەبیەکان و، چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ مەزهەبی سوننی و کەسایەتیە مەزهەبیەکان.

لەم سۆنگەیەوە مامۆستا ناصر و دۆستانی لە مەدرەسەی قورئانی پاوەو (کۆمیتەی شۆڕش) ـ کە لەو هەل و مەرجەی سەرکەوتنی شۆڕشدا دایان مەزراند بوو ـ هەستان بە خستنە رێی ڕێپێوانێکی فراوان لە شاری پاوە و، ڕاگەیاندنی یاداشتنامەیەکو گەیاندنی بە سەرانی حکومەتی کاتیی ئێران..

بەچاو خشاندن بە خاڵەکانی یاداشتنامەکەدا کە لە ئازاری ١٩٧٩ بەرز کرایەوە ڕادەی ئەو بۆچوونەی سەرەوەو ئەو دڵە ڕاوکێ و دوودڵیە دەردەکەوێ، هەر وەك ڕادەی دڵسۆزیی و بێداریی ئەو کەسایەتی و مامۆستایانەش ڕوون دەبێتەوە. بەتایبەتی بەوەدا کە جەخت لەسەر مەسەلەی ئۆتۆنۆمی و کێشە نەتەوەییەکەی کورد دەکەنەوە، لەگەڵ پشتگیریی لە ئیسلامی بوونی شۆڕش و بانگەشە بۆ ئیسلامی بوونی کۆماری نوێی ئێران. ئەمەی خوارەوەش بەشێك لەدەقی ئەو یاداشتنامە مێژوویی یەیە:

یەکەم: پشتیوانی لە سەرکردەیی ڕابەری شۆڕش دەکەین و، ئێمەش خوازیاری دامەزراندنی کۆماری ئیسلامین.

دووەم: ئێمە خوازیاری ئۆتۆنۆمی و، دابین کردنی مافی نەتەوەیی گەلی کوردین.

سێیەم: لەشورای شۆڕش داواکارین کە لە یاسای بنەڕەتیی (قانونی ئەساسی) دا مەسەلەی یەك مەزهەب بوون یاداشت نەکرێ و، تەنها ئاماژە بەئاینی پیرۆزی ئیسلام بکرێ.

چوارەم: داوای ڕوون کردنەوە لە (قطب زادة) دەکەین کە بۆچی پەخشی کوردی ڕادیۆی کرماشانی ڕاگرتووە.

پێنجەم: ئێمە مافی دیاری کردنی چارەنووسمان بە هیچ گروپ و دەستەو حیزبێك نادەین, مادام نوێنەری زۆرینەی خەڵکی ئەم ناوچەیە نەبن.[1]

ئەم یاداشتنامەیە درا بە بەرپرسان و دۆستانی شۆڕش و وێنەشی لێ نێردرا بۆ شارە کوردستانیەکان, بەڵام بە داخەوە ـ وەك دواتر ڕوون بوویەوە ـ ئەم یاداشتنامەیەش وەڵامێك نەدرایەوە.

بەشداریی مامۆستا ناصر لە ڕیفراندۆمی خەڵکی بۆ کۆماری ئیسلامی:

سەرەڕای ئەو سەرنجانەی کە بۆ مامۆستا ناصر و دۆستانی دروست بوو بوو, سەبارەت بە ڕەوتی شۆڕش وسەرکردەکانی، بەڵام لە سۆنگەی هەست بە بەرپرسیاری یەوە ـ لای کەم بۆ ناوچەکانی خۆیان ـ ئەوانیش وەك زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران تامەزرۆی یەکلاکردنەوەی کێشەی شێوە سیستمی ئێران بوون, بە بارێکدا کە لەگەڵ خواستەی گەلانی ئێران و بەرژەوەندیەکانیدا یەك بگرێتەوە. بۆیە کە باسی ریفراندوم هاتە ئاراوە هەموو بە شەوقەوە خۆیان بۆ ئامادەکرد و, هانی خەڵکیاندا بۆ بەشداریی.

مامۆستا ناصر یەکێك بوو لەو کەسایەتییە سیاسی و زانا متمانە پێکراوانەی کە فتوای واجب بوونی بەشداریی دا لەو ریفراندۆمەدا بەدەنگدان بۆ کۆماری ئیسلامیو کۆتایی هێنان بەرژێمی شاهەنشایی.. ئەمەش لەڕێی وەڵامی پرسیاری دۆستانو هاووڵاتیان و لەڕێی وتار و وانە تایبەتی و گشتیەکانیەوە. بۆیە سەرەنجام بەڕێزی وەك هەر هاووڵاتیەکی تر ڕۆژی هەینی ١٣٥٨/١/١٢ ی هەتاوی, سەرەتای نیسانی ١٩٨٠ چووە بەردەم سندوقی دەنگدان و دەنگیدا بۆ کۆماری ئیسلامی. ئەو کۆمارەی بەپێی ڕاگەیاندنەکانی ئەو کاتە لە شارستانی پاوە لە کۆی ٤٠٢٢٧ دەنگ ٣٩٩٠٩ دەنگ (بەڵێ) یان لێ دابوو بۆ کۆماری ئیسلامی و, تەنها نزیکەی ٣٠٠ دەنگێك (نەخێر) یان لێ دابوو. کەئەوەش ڕادەی واقعیەتی ئیسلام ویستنی نەتەوەی کورد

---

[1] دەقی یاداشتنامەکە لە لاپەڕەی ١١١ی (تاريخ سياسى اجتماعى پاوە و هەورامانات) هاتووە.

دەسەلمێنێ، سەرەڕای گومان درووست کردن و پڕوپاگەندەیەکی زۆر کە لەو کاتانەدا تەشەنەیان سەندبوو, هەروەها سەرەڕای هەندێ تێبینی و دوو دڵی ـ کەوەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ـــ سەری هەڵدابوو.

سەردانی مامۆستا ناصر بۆ لای آیة الله خومەینی:

پاش ئەوەی کە گەلانی ئێران (بەڵێ) یان کرد بۆکۆماری ئیسلامی و ریفراندۆمی نیسانی ١٩٨٠ وەڵامی هەموو پرسیارە وروژاوەکانی لەمەڕ جۆری سیستمی نوێی ئێران دایەوە, وە پاش ئەو دوو دڵی و ورتە ورتەی کەوتبوە زیهنی مامۆستا ناصر و دۆستانی, سەبارەت بە هەندێ کێشەی مەزهەبی و نەتەوەیی, وە بەمەبەستی دڵنیا بوون لە حەقیقەتی مەسەلەکان و ڕاز و نیازکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرانی شۆڕش، بەتایبەتی ڕابەری شۆڕش، مامۆستا ناصر و دۆستانی پێیان باش بوو کە لە نزیکەوە سەردانی (آیة الله خومەینی) بکرێ و, وێڕای پشگتیری خۆیان لە ئەسڵی شۆڕش و سیستمی ئیسلامیی بۆ ئێران، لەهەندێ گرفتیش ئاگاداری بکەنەوە. بەتایبەتی لە مەسەلەی ئاماژە کردن بە مەزهەبی وڵات کە دەنگ و باسی هاتبوە ئاراوە و, مامۆستا ناصر ڕاشکاوانە لەچەند بۆنەدا بەسەرەتای لە دەست دانی دروشمەکانی شۆڕشی دەزانی و, بەهۆکاری سەرهەڵدانی جیاوازیە مەزهەبیەکان و, پشتگوێ خستنی مەزهەبی ئەهلی سوننەتی لە قەڵەم دەدا.

بۆیە لە ڕۆژی ١٣٥٨/٣/٨ی هەتاوی, ٢٦ی مایسی١٩٨٠ مامۆستا ناصری سوبحانی بەیاوەری ژمارەیەك زاناو مامۆستای شاری پاوەو مەدرەسەی قورئان سەردانی ڕابەری شۆڕش(آیة الله خومەینی) یان کرد لەشاری قوم.

سەرەتا مامۆستا ناصر ـ بەنوێنەری وەفدی هاوڕێی ـ وتەیەکی پێشکەش کرد لە بەردەم ڕابەری شۆڕشدا کەئەمە دەقەکەیەتی: [1]

---

[1] دەقی وتارەکەی مامۆستا ناصر لە سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١١٩ —١٢٠ هاتوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ وما أُمِرُوا الا ليعبدوا اللهَ مخلصين له الدينَ حنفاءَ ويقيموا الصلاة و يؤتوا الزكاة وذلك دين القيّمة ﴾

ڕابەری پایە بەرز آية الله ئیمام خومەینی !

لەگەڵ سوپاسی بێ پایان بۆ خواو درودی فراوان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێی ڕاستی، سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، بەڕابەری پایە بەرز پیرۆز بایی عەرز ئەکەم، هیوادارم کە جیهانی ئیسلام لەژێر سایەیدا بحەوێتەوە. ئەمڕۆ چەوساوەکانی جیهانی ئیسلام چاوی هیوایان بڕیوەتە ئەم شۆڕشە موعجیزە ئاسایەو، لەدادگای ئەودا داڕمانی بالآخانەی زاڵمێزان، بەپێی بەڵێنی ﴿ونريد أن نمنّ على الذين استضعفوا فى الارض ونجعلهم أئمة ونجعلهم الوارثين ﴾چاوەڕێ دەکەن.

بەڕێز جەنابی ئیمام !

ئێمەخەڵکی نیشتەجێی مەرزو ناوچەی هەورامان و پاوە لەمەدرەسەی قورئان و کۆمەڵی لایەنگرانی حکومەتی قورئان، خۆمان بەسەر فراز ئەزانین کە ئامادەی گیان بەخشین بین لە پێناو ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامیو یەکخستنی سەرجەم چەوساوان لەژێر ئاڵای ﴿ لااله الا الله محمد رسول الله ﴾ دا.

ئێمە بە جیهانی ڕادەگەیەنین کە تیرۆرو تیرۆریزم لە ژێر هەر بەرگێکداو بەهەر ناونیشا نێك بێت مەحکوم و ڕیسوا دەکەین. بۆیە بۆ موصیبەتی لەدەست دانی دوو کەسایەتی گەورە (آية الله مطهری) و سەرلەشکر (قەرەنی) لە جەنابت و موسڵمانان سەرەخۆشی عەرز ئەکەین، لە سەرێکی ترەوە پیرۆز بایی گەیشتنە پلەی شەهیدی ئەکەین.

هەروەها سەبارەت بە شکستخواردنی پیلانی شەیتانی و نیاز خراپیی دەرهەق بە گیانی تێکۆشەری گەورە حجه الاسلام هاشمي سوپاسی خوا دەکەین.

هەروەها دەست تێوەردانی وەحشیانەی سەنای ئەمەریکا لە کاروباری کۆماری ئیسلامی ئێران بەتوندی ئیدانە دەکەین و هەنگاوەکانی دادگای شۆڕش بۆ ئەو مەبەستە بەنمونەی دادپەروەریی ئەزانین.

لەم بۆنەیەدا لە ڕابەری پایەبەرز داواکارین کە لەپاکنوس کردنی (قانونی ئەساسی) دا کاربەدەستان ئاگادار بکاتەوە کەخۆیان لادەن لە دانانی هەر خاڵێ دەبێتە مایەی ئیمتیاز و جیاوازیدان بە هەر مەزهەبێك و، سەرەنجام چەند دەستەیی دروست کردن لەنێوان شوێنکەوتووانی مەزهەبە ئیسلامیەکاندا. داواکارین کە (جیهانی بوونی شۆڕش) بە گوێی ئەو مەسئولانەدا بدا.

لە کۆتایی دا عەرزت دەکەم کە: بۆ ئارامی وئاسایشی ناوچەی سنووری ئێمە، پێویستە سوپای تازە دامەزراوی شۆڕش بەهێز بکرێ و چاوەڕێی ئاڕاستە تایبەتەکانی ڕابەری مەزنین.

والسلام علی من اتبع الهدی

لەوەڵامی‌ئەم وتارەی مامۆستا ناصردا، (آیة الله خومەینی) وتارێکی زۆر کورتی ئاراستەی ئامادەبووان کرد، بەپێی‌گێڕانەوەی مامۆستا ناصر و چەند ئەندامێکی وەفدەکە کە لەگەڵی بوون، ڕابەری شۆڕش بێ تاقەتی پێوە دەرکەوتووە دەرهەق بە ئاماژە بە مەسەلەی مەزهەب و تۆمار نەکردنی لە قانونی ئەساسی دا، بۆیە زیاتر لە وتەکەیدا جەختی کردەوە لە سەر دیفاع لە شۆڕش و دەسەڵاتی تازەی ئێران و، وریا بوون لە پیلانی ناحەزان بە شۆڕش، هەروەها ئاماژەی کرد بە گشتگیری ئیسلام و، بەڵێنی دا بە وەفدەکە کە خەمیان نەبێ و کەس بە سەرکەسدا زاڵ نابێ. شایانی باسە لەو سەفەرەیدا مامۆستا ناصر کتێبی (معالم فی الطریق) ی شەهید(سید قطب) ی بەدیاری داوە بە ڕابەری شۆڕش (آیة الله خومەینی).

کەمتەرخەمی سەرانی شۆڕش دەرهەق بەگرفتەکانی کوردستان و ڕۆڵی مامۆستا ناصر لە ڕوبەڕوبوونەوەی ئەو مەترسیەیدا:

بەپێی خوێندنەوەی ڕووداوەکان و گێڕانەوەی زۆرێك لەڕابەرە کوردەکانی شۆڕش بۆ ڕۆژمێری مێژووی ئینقیلاب، لەبەر هەر هۆیەك بێ - چ کەمتەرخەمی وگوێ پێ نەدان، یان فریانەکەوتن و بێ ئیدارە یی، یا هەر هۆیەکی تر کە باسەکەی ئێمە بەدەرە لە توێژینەوەی ئەو ڕەهەندە - لەبەر هەرچی بێ، کوردستان بە تایبەتی و ناوچەی

سوننی نشینەکان بە گشتی، لەلایەن سەرانی شۆڕش و حکومەتی کاتی‌یەوە خرابوونە پشت گوێ و، بە دەم پێداویستی و کێشەکانیانەوە نەدەهاتن.

ئەگەر ڕوپەڕەی ڕۆژنامەکانی یەك تا دوو ساڵی سەرەتای شۆڕش لەمەڕ کوردستاندا هەڵ بدەیتەوە، دەبینی کەدەیان یاداشتنامە و، داخوازی و گلەیینامە و نوسراوی جۆرا وجۆر، دراون بە سەرکردەکانی قوم و تاران و، تیایاندا داواو ڕجای خەڵکی ناوچەکە خراوەتە ڕوو، کە فریای کوردستان بکەون، تا نەبێتە مۆڵگەی شاپەرست و دژەشۆڕشان و، گۆڕەپانی پیلانگێڕی و، سەرەنجام قەسابخانەی لەناوبردنی شۆڕشگێڕانی کورد زمان.. بەڵام بە داخەوە هەموو هەوڵەکان بێ هودە بوون، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ساردو سڕیی لە بەدەمەوە چوونی داواکاندا بەدیار دەکەوت، ئەوەش بوو کێشای بە شەڕی خوێناویی لە شارەکانی سنە و مەهاباد و مەریوان و نەغەدە و زۆر ناوچەو شارۆچکەی تری کوردستان، هاوڕێ لەگەڵ شەهید بوونی سەدان گەنجی بەحەماس و خەمخۆر و، سەدان کوشتاری تری نابەجێ لە ناو میللەتەکەدا و، دەست تێوەردانی کەسانی بەکرێگیراو و دژە کوردو دژە ئیسلام.. ئەو هەڵویستەی قوم و تارانیش ئەوەی لێ دەخوێنرایەوە کە شۆڕش و سەرکردەکانی پشتیان بە میللەتەکە و ناوچەکەوە نایەشێ و، دووریش نیە کە دووبەرەکی نانەوەو هێڵانەوەی گرفتەکان بە شێوەیەکی هەڵپەسێراو، لە بەرژەوەندیی هەندێ لە سەرکردەکان نەبوو بێت.

ڕەخنەی مامۆستا ناصر لە یاسای بنەڕەتی:

پاش ئەو سەردانەی مامۆستا ناصر لە (آیة الله خومەینی) و گەیاندنی داوای خۆی و تێکڕای زانایان و جەماوەری کورد زمان و سوننی بە گشتی، بەتایبەتی لە بواری چارەی کێشەی نەتەوەیی کورد و، مەسەلەی مەزهەبگەرایی و، لابردنی ماددەی تایبەت بە دیاریکردنی مەزهەبی وڵات لەیەك مەزهەبدا، هەروەها پاش گومان بۆ دروست بوونی کە بەدەم گرفتەکەوە ناچن و، بە مەبەستی ڕۆشن کردنەوەی زیهنی جەماوەر و وەك ئەرکێکی

شەرعی، هەستا بە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بە وتار و نوسین و لێدوان لە دوانگە جۆرا و جۆرەکان و وانە گشتی و تایبەتی یەکانیدا.

لە بەشێ لەو هەوڵانەیدا پەنای بردە بەر وتاری عیلمی لەڕۆژنامە ڕەسمیەکانی تاراندا، بۆیە وتارێکی گرنگی بە ناونیشانی (تێڕوانینێك لە یاسای بنەڕەتی) لەژمارە (١٠٧٥٩٥) ی ڕۆژنامەی بەربڵاوی (کەیهان)، ڕۆژی یەکشەممە ١٣٥٨/٤/١٧ ی هەتاوی (تەمموزی ١٩٧٩) بڵاوکرایەوە. لە بەشێکی ئەو وتارەیدا دەڵێ:

((... دانانی قانونی ئەساسی پێویستی بە ئاگاییەکی تەواو هەیە، بەتایبەتی ئاگایی سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ و تایبەتمەندیەکانی و، شێوەی حوکمکردن و دەسەڵاتداریێتی.. ئەم کارە کۆکردنەوەی هەموو وزە و تواناکانی دەوێ و، من بەگەورەترین کار و ئەرکی میللەتانی ئێرانی دەزانم...))

هەروەها سەبارەت بە یەکسانی لەبەردەم قانونی ئەساسیدا دەڵێ:

((... بەلای ئیسلامەوە ماف و ئەرکی مرۆڤەکان بەرامبەر یەکتر یەکسانن..)) لە بەشێکی تری وتارەکەدا ڕەخنە لە ئەصلی ٧١ دەگرێ، کە باسی ئۆتۆنۆمی نەتەوەکانی غەیری فارسیلابردوە.. لە ئەصلی ٨٤ یشدا، کە باس لە دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماری وڵات دەکات، ئاماژە دەکات کە دەسەڵاتەکان زۆرن و جۆرە دەسپێکێکن بۆ دیکتاتۆرییەت. لە ئەصلی ١٤٢ شدا ڕەخنە دەگرێ کە بۆچی باسی(مەراجع) ی سوننی نەکراوە. هەروەها ڕەخنەی لە نزیکەی ٣٢ ئەصلی تر گرتوە و بۆچونی خۆی لەو ڕوانەوە خستۆتە ڕوو.[1]

مانگرتن وناڕەزایەتنامە:

شاری پاوە ـ وەك زۆرێ لە شارەکانی تری کوردستان ـ ڕووبەڕووی ئەم مەترسییە بوویەوە. لەبەر چەند هۆکارێکی بابەتیش پەلاماردانی پاوە لەلایەن چەکدارانی دژ بە شۆڕشەوە کەوتە دواوە، لەدەوروبەری هاوینی ١٩٨٠ دا هەوڵی پەلاماری درا.

دوژمنانی شۆڕش ـ بە تایبەتی پاشماوەکانی ڕژێمی شا ـ مامۆستا ناصر و هاوکارانی لە مەدرەسەی قورئانی پاوەیان بە کۆسپی سەر ڕێ دەزانی.. بۆیە سەرەتا

---

[1] ڕۆژنامەی (کیهان)، ژمارە (١٠٧٥٩٥) لە ١٣٥٨/٤/١٧ هـ ١٩٧٩ ز.

کەوتنە هەوڵی تێکشکاندنی ئەو و هاوکارەکانی, بە تایبەتی بڵاوکراوەی زۆریان دەگەیاندە دەستی خەڵکی, کەدژی مەدرەسەی قورئان و زاناکانی دەنوسران. دواتر کەوتنە بیری نەخشەکێشان و هەوڵدان بۆپەلاماردانی پاوە. بەشێ لە ئامانجیان شێواندنی کارو ڕوخساری چەکدارانی کورد بوو, کە لەشوێنانی تری کوردستان کەوتبونە جموجولێ. مامۆستا ناصریش ئەو هەوڵ و هەواڵانەی ڕۆژانە پێ دەگەیشت, بۆیە ڕۆژی ١٣٥٧/٥/١٨ تەموزی ١٩٧٩ مامۆستا ناصر بە یاوەری ژمارەیەك لە کەسایەتی وڕوناکبیرانی شاری پاوە (لەوانە بەڕێزان مەلا قادری قادری، باقری ضیائی, سید راغب أحمدی) بە نوێنەرایەتی خەڵکی پاوە, چوونە فەرمانداریی ئەو شارەو مامۆستا ناصر وەك وتەبێژی وەفدەکە بەرپرسانی حکومەتی ئاگادارکردەوە کە باری ئاسایشی شاری پاوەو دەورووبەری تەواونیەو، پێویستە بەرپرسان لە خەمێکی تەواودا بن, ئاگایان لە هەموو شتێ بێت, پلانی چارەو ڕووبەڕووبوونەوەیان لەلابێ.

هەروەها داوای کرد کە بەرپرسانی پاوە سەرانی حکومەت ئاگادار بکەنەوەو خەمسارد نەبن. تا ئەزمونە تاڵەکانی شاری مەریوان و نەغەدەو شارەکانی تر دووبارە نەبنەوە, کە بەناهەق جەنگێکی ئەهلی بەرپا کراو, سەدان ڕۆڵەی کورد لە ناوچوون..

جێگەی داخە کە ئەوجارەش هیچ نەکرا.. هەرچەند خودی مامۆستا ناصر و زاناو دۆستانی تری, خۆشیان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان دەکرد بە هەندێ لە سەرانی شۆڕشەوە لە کرماشان و قوم و تاران ـ کەپێشتر ناسراوی یان پەیدا کردبوو ـ بەڵام هیچ بەدەمەوەهاتن و کاردانەوەیەك بەدی نەکرا، بۆیە ناچار بوون ئەو وەفدە و چەند کەسێکی تر لە نوێنەرانی توێژە جەماوەریە کانی پاوە، مانگرتنی ڕەسمی خۆیان ڕاگەیەنن (هەرچەند لەلایەن آیة الله خومەینی یەوە فەرمان دەرکرابوو کە مۆڵەتی هیچ مانگرتنێك نادرێ, لەگەڵ ئەوە کە مانگرتن مافێکی ئاسایی هەر هاوولاتی و هەر توێژێکی جەماوەری خەڵکە بۆ گەیاندنی داوا و خواستەکانیان.) لەڕۆژانی مانگرتنەکەیاندا کەلە فەرمانداریی شاری پاوە بوو, یاداشتنامەیەکی گلەیی ئامێزیان بەرز کردەوە بۆ

بەرپرسانی حکومی و ڕای گشتی, شایانی باسە لە کاتی خۆیدا پەیامنێری ئاژانسی (پارس) دەقی ئەو یاداشتنامەیەی بڵاوکردەوەو ئەمە بەشێکیەتی:

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ .... إنّ الله لا يغير ما بقوم حتى يُغيروا ما بأنفُسهم ﴾

لەبەر ئەوەی لە سەردەمی ڕژێمی داڕوخاوی پەهلەوی دا گەلی موسڵمان و تێکۆشەری پاوەو هەورامانات, زەحمەت و موصیبەتی زۆریان دیوەو, دوای سەرکەوتنی خەڵکی قارەمانی ئێرانیش بە هۆشیاریەکی تەواوەوە ڕووبەڕووی‌پیلانەکانی بێگانەو دژە شۆڕشەکان بوونەتەوە ـ کە ئامانجیان تێکدانی ئاسایش و سازدانی زەمینەی بە گژیەکدادانی خەڵکی ناوچەکەیە ـ هەروەها لەبەر ڕێگرتن لە هەر کوشتارێك و هەر شەڕێکی برا کوژی, بڕیارمان دا خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانە (صەبری ئینقیلابی) بکەینە پیشەو بەبێداری‌یەکی تەواوەوە پیلانی ئەو گێرە شێوێنانە هەڵوەشێنینەوە, بەڵام ئەوان ئەم کارەی ئێمەیان بەلاوازی و تەسلیم بوونی دەوڵەت و میللەت زانی.. بۆیە ئێمەی خەڵکی‌موسڵمانی پاوەو هەورامانات, وەك وەڵامێك و ڕەتدانەوەی بەرنامە شوم و دژە ئیسلامیەکانی ئەوانەو, بۆ هێنانە کایەی برایەتی نێوان هەموو ناوچەو گوندەکان، لە فەرمانداریی پاوە (مان گرتن) ڕادەگەیەنین تا کاتێکی نادیار و تا کاتی‌جێبەجێکردنی داواکاری‌یەکانمان درێژەی‌پێ دەدەین, هەرچەند فەرمانی ڕێبەری شۆڕش ڕێگری لەهەرجۆرە مانگرتنێك کردووە, بەڵام ئێمە لەبەر پێویستی‌و کەم وکورتی ناوچەکە ناچار بووین پەنا بەرینە بەر مانگرتن. لەکۆتاییدا پشتیوانی لە شۆڕش دووپات دەکەینەوەو, داوا لە ڕێبەری شۆڕش دەکەین کە فەرمان دەرکا بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە و, ڕێگری بکرێ لە دیاردەی فرۆشتن و مامەڵە کردن بە چەك ومەوادی تەقەمەنی..)

ئەمە دەقی یاداشتنامەی مانگران بوو, کە مامۆستا ناصر لەپێشەوەی ناوەکاندا بوو لە داڕشتن و ئیمزاکردندا, بەڵام بەداخەوە سەرەڕای ئەم چالاکی‌یە مەدەنی‌و هێمنانەیەو, ئەم شێوازە پێشکەوتووانەیە, ئەوجارەش دەسەڵاتدارانی تاران دەرهەق بە شاری پاوەش وەك شارەکانی تری کوردستان کەمتەرخەمی‌یان کرد و, نەهاتن

بەدەم خواستەکانی ئەوخەڵکەوە، کە خەڵکانی دڵسۆز و پشتگیری شۆڕش بوون، پێشەنگانی جەماوەری دەنگدەر بە کۆماری ئیسلامی بوون, خەڵکانێ بوون کە گلەیی زۆریان هاتبووە سەر لەلایەن خەڵکانی نەیار بە شۆڕشەوە, تا ڕادەی تۆمەتبار بوون بە میللەت فرۆشی ونیشتمان و گەل فرۆشی و بە کرێ گیراویی. ئەوەش هەمووی لەبەر خاتری ڕاستگۆیی لەگەڵ شۆڕش ولایەنگریی لە سەرانی ئینقیلاب..

بۆیە بەڕاستی دەتوانین بڵێین لێرەوە دوودڵی و دڵساردییە پێشووەکەی کە باسمان لێ کرد گۆڕا بەبێ متمانەیی و، گلەیی و گازندە بەراییەکانی مامۆستا ناصر و هاوکارانی سەرانی شۆڕش لێرەوە دەستی پێ کرد.

بەداخەوە هەر لەو ڕۆژەوە کە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزان بوو, ئەوخەڵکە مانگرتووە هەموو بەڕۆژوو بوون ١٣٥٨/٥/١٨ تا ١٣٥٨/٥/٢٣ ی هەتاوی (تەمموزی ١٩٧٩) بەدرێژایی هەفتەیەك و پێشتریش لە ڕێی چەندین یاداشتنامە و پەیوەندی تەلەفونی و ناردنی نوێنەرو تکای جۆراو جۆرەوە، هەوڵ درا حکومەت فریای ناوچەکە بکەوێ, بەڵام هیچ نەکرا تەنها ئەوە نەبێ کە لەو ڕۆژانەی مانگرتن دا چەند بەرپرسێکی حکومی سەردانی مانگرتووانیان کرد, لەوانە پارێزگاری کرماشان و, آیة الله ئەصفەهانی و, نوێنەری سوپای ٨١ و, سەرۆکی شارەوانی و، سەرۆکی سوپای پاسداران, هەرکام لە ئاست خۆی هەندێ قسەی کرد.. مامۆستا ناصری سوبحانیش لە وتارێکیدا بەرامبەر بەرپرسان وخەڵکی مانگرتوو، ئاماژەی کرد کە ناوچەکە بێ سەروبەرەو، حاڵەتی پاشاگەردانی یەو, دادگەریی نەماوە.. بۆیە داوای کرد کە بە خێرایی دادگایەکی عادیلانەی خۆماڵی پێك بهێنرێت.

شایانی باسە هەر لەو ڕۆژانەدا مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، بۆ پشتگیریی لە جەماوەری مانگرتووی شاری پاوە، دوو نوێنەری خۆی (بەڕێزان حەسەن ئەمینی و فەرید تەعریف) ی نارده پاوە و سڵاوو پشتیوانی مامۆستا موفتی زادەیان بە خەڵکەکە ڕاگەیاند. گرفتی زۆر دژوار و ناخۆش ئەوە بوو کە ئەو خەڵکە ماڵ و گیانی خۆیان

خستبووه مەترسیی، لە بەر خاتری شۆڕش و دروشمەکانی, بەڵام ڕابەرانی شۆڕش پشتیان بەو مەسەلەیەوە نەدەیەشا..

ڕەنگە دەرچوون لە باسەکە نەبێ و, بۆ تۆمار کردنی مێژوو پێویست بێ، ئاماژە بەوەش بکەین کە بەرپرسان و ڕابەرە شۆڕشگێرە دێرینەکانی ناوچەکە، شایەتی ئەو کەمتەرخەمی و گوێ پێ نەدانە دەدەن.. یەکێ لەوانە هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئامادەکردنی ئەم یاداشتە ـ واتە بە درێژایی ٢٥ ساڵ ـ پشتگیری شۆڕش بووە و, ئەنانەت وتارخوێنی ڕەسمی مزگەوتی گەورە و, نوێنەری ڕەسمی حکومەت بووە لە پاوە, بەڕێز مامۆستا قادری قادرییە, لەوتارێکی هەینی خۆیدا و لە چوارەمین ساڵڕۆژی کارەساتی پاوەدا دەڵێ:

(.. ڕۆژی ١٣٥٨/٥/١٩ (ڕۆژی دووەمی مانگرتن) آیة الله ئەصفەهانی و چوار مەلا و بەرپرسی پارێزگای کرماشان هاتنە پاوەو سەردانی مانگرتووانیان کرد, چەند بەرپرسێك چوونە گوندی قوری قەڵا، ئەو شوێنەی کە دژ شۆڕشەکانی تێدا بوو و، نەخشەی هێرش کردنە سەر پاوەیان تێدا کێشا بوو, بەڵام وەفدەکە کە گەڕانەوە ئەیان ووت: هەم ئەوانە ڕاست ئەکەن، هەم ئێوە ؟ ئەم ڕستەیە بۆ ئێمە لە هەموو دەردەکان گرانتر بوو, بۆ؟ چونکە ئێمە ئەمان ووت: کۆماری ئیسلامیی, ئەوان ئەیان ووت: کۆماری نا ئیسلامیی. ئاخر چۆن خواستەی هەردوولا پەسەندە ؟)) [1]

یەکێکی تر لە سەرکردە سوپاییەکانی ئەو کاتە سەرتیپ (عزیز الله أمیر رحیمی) یە، لەبروسکەیەکیدا بۆ (آیة الله خومەینی) دان بەو کەمتەرخەمیەی سەرانی شۆڕشدا دەنێ و دەڵێ: (رادێو و تەلەفزیۆن ڕایان گەیاندووە کە ئەرتەش سەرکوتی یاخی بووان ناکات. ڕاستە ئەرتەش وەزعی شێواوە). [2]

بەهەرحاڵ سەرەڕای ناردنی دەیان بروسکەو یاداشتنامە و, چەندین پەیوەندی تەلەفونی و, مانگرتن و, ڕێپێوان، دەوڵەتی کاتیی ئێران نەهات بە هانای پاوەو ناوچەی

---

[1] بەشێ لەدەقی ووتاری هەینی ڕۆژی ١٣٥٨/٥/١٩ی هەتاوی بەڕێز قادری.

[2] ڕۆژنامەی (اطلاعات) ١٣٥٨/٥/٢٧ (ئابی ١٩٧٩).

هەورامانەوەو ئەوشەڕە مێژوویی یە نابەرابەرە ڕووی داو چەندین کەس تیا چوون.. لەبەر ئەوەش کە هێزی ڕەسمی ونیظامی وحکومەت بەدەم خەڵکەوە نەچوو، ناچار خەڵکی خۆبەخش، بەچەکی ساکار، دەستیان کردە دیفاع لە شارەکە.پێش پەلامارەکە مامۆستا ناصر و دۆستانی زۆر هەوڵیان دا کە ئەو کارەساتە ڕوونەدا و، لە ڕێی گفتوگۆوە گرفتەکان چارەسەر بکرێن، بەڵام بەداخەوە هێزەکانی نەیار بە شۆڕش زۆربە شێوەیەکی ڕق ئەستورانە و تۆڵەسێنانە ڕژانە پاوە و، ویستیان فرسەتی نەبوونی سوپا و چەکدارانی میری لە ناو پاوەدا بقۆزنەوەو، ئەو شارەش وەك شارەکانی دی بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان.

کاتێکیش (آیة الله خومەینی) پەیامی ١٣٥٨/٥/٢٧ ی دا، پێنج ڕۆژ بەسەر قەتڵ و عام و شەڕە خوێنێنینەکەی پاوەدا تێپەڕی بوو..ڕاستە لە پەیامەکەیدا تورەیی دەربڕی بوو، بەڵام پرسیارێك زیهنی هەموو کەسی وروژاندبوو: بۆچی ئەو هەموو دەنگ هەڵبڕین و ئاگادارکردنەوانەی چەندین ڕۆژی پێش پەلاماری هێرشبەرانی دژە شۆڕش، وەڵامی نەدرایەوە؟بۆچی دوای کار لەکار ترازان و داگیر کرانی پاوە، خۆی تورە کرد و سوپای جوڵاند؟ لەبەر پەیوەندی ئەو پەیامە بەم باسەوە جێی خۆیەتی چەند پەرەگرافێکی نەقڵ کەین کەجێی سەرنج وتێڕامانن لەڕووی بەراوردکردنی گەرمی پەیامەکە لەسەرێکەوە و، ساردی جموجوڵی مەیدانیی لە سەرێکی ترەوە.

لەو پەیامە ئاگرینەدا (آیة الله خومەینی) ووتی:

(...من بڕیار دەدەم و داوا دەکەم سوپاو پاسداران و خەڵکی بە غیرەت، بەرەو پاوەبچن، ئەو کارەساتە کۆتایی پێ بێنین. ئەگەر تا بیست وچوار سەعاتیتر دەوڵەت و سوپاو ژاندارمری بەرەو پاوە نەجوڵێن، هەموویان بە بەرپرسیار لە قەڵەم ئەدەم. من وەك فەرماندەی گشتی هێزەکان، بە سەرۆکی ستادی لەشکر ڕادەگەیەنم بێ وەستان و فەوری بەهەرچی تواناوە هەیە بچن بەرەو پاوە. من هێزە نیزامیەکان بە مەسئول لەو کوشتارە دڕاندانەیە دەزانم. ئەگەر سەرپێچی لەم فەرمانە بکەن و دواکەون، من هەڵوێستی ئینقیلابیيان لەگەڵ ئەنوێنم..بەردەوام لە ناوچەکەوە پێم

ڕادەگەیەنن کە حکومەت و سوپا هیچ کارێکیان ئەنجام نەداوە. (ئەم ڕستەیەی بەڵگەیەلەسەر ئاگادار بوونی لە هەموو یادا شتنامە وهەواڵ و داواکاریەکان).

لە کۆتاییدا دووبارە دەڵێ: ((ئەگەر تا بیست و چوار سەعاتی تر کارێکی چاك نەکرێ, سەرانی لەشکر و ژاندارمری بە بەر پرسیار ئەزانم)) [1]

سەردانی دکتۆر چەمران (جێگری سەرەك وەزیران) لە پاوە و گلەیینامەی مامۆستا ناصر:

پاش ئەوپەیامە، دکتۆر مصطفی چەمران کە ئەو کاتە جێگری سەرەك وەزیران بوو سەردانیپاوەی کرد و, سەرکردەیی هێزی سوپای کرد بۆپاکسازیی شاری پاوە و دەوروبەری لە دژ شۆڕشان, بەڵام ئەوە پاش هەفتەیەك بوو لە پەلاماردانەکە, پاش کوشتارێکی زۆر و بەرپابوونی گیانی دووبەرەکی و تۆڵەسێنی لە ناو خەڵکی دا.. هەروەك ئەزمونی هەموو شارەکانی تری مەریوان و سنەو نەغەدە..

گلەیی نامەی مامۆستا ناصر بۆ دکتۆر چەمران:

بۆ تۆمارکردنی ڕاستی ئەو کەمتەرخەمیەیەو هەستان بە ئەرکی دیفاع لە خەڵکی پاوەو, نەشاردنەوەی ڕاستیەکان و, گەیاندنی دەنگی خەڵکی بە مەقاماتی سەرەوە, مامۆستا ناصری سوبحانی و دوو یاوەری تری گلەیینامەیەکی توندیان ئاراستەی دکتۆر مصطفی چەمران کرد.لێرەدا لەبەر بایەخی مێژوویی و سەلماندنی ئەو بۆچوونەی پێشەوە، دەقەکەی دەخەینە ڕوو:

[1] دەقی ئەو پەیامەی آیة الله خومەینی لەژێر ناونیشانی (مۆڵەتی ٢٤ سەعاتەکەی ئیمام بەدەوڵەت و ســوپا) لە هەموو ڕۆژنامەکانی ئێراندا بڵاوکرایەوە.بۆنمونە (کیهان)، (انقلابی ئیسلامی) ڕۆژی شەمە ٢٧/مرد ـ/١٣٥٨ی هەتاوی (ئابی ١٩٧٩).

﴿.. بسم الله الرحمن الرحيم

خوایە، تۆ بە شاهێد دەگرین کە ڕاستیەکان ڕوون دەکەینەوە !

جەنابی دکتۆر چەمران جێگری سەرەك وەزیران !

بەڕێز، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، کوردستان بوو بە ساواکستان. ئێمە لە لایەن مەدرەسەی قورئانی پاوە وە دووجار چووینە لای ئیمام خومەینی و، زۆربەی بەرپرسانمان لە وەزعی ناوچەکە ئاگادار کردەوە، هەفتانە بەرپرسانی پارێزگا و، چەندین جار فەرماندەی سوپای پاسدارانی پاوە، بەدەمی و بە نوسراو، هەموویانمان ئاگادار کردۆتەوە.. بەڵام زۆر بە داخەوە کەسێ بە هانامانەوە نەهات، تا ساواکیەکان و دژە شۆڕشان و دوژمنان، هەرچییان ویست کردیان و، لەبەرامبەرەوە کاربە دەست و بەرپرسان گوێ پێ نەدانیان هەڵبژارد.

لە ١٣٥٨/٥/٢٧ لە ناوچەی ئێمە شۆڕشێکی ئیسلامیی تر بەرپابوو. ئێمە چاوەڕێ بووین دەوڵەت دان بە تاوانیخۆی و کاری نا ئینقیلابی خۆیدا بنێ و، کارێکی شۆڕشگێڕانە ئەنجام بدات. بەڵام بە داخەوە نەك شۆڕشگێڕانە مامەڵەی نەکرد! بەڵکو فەساد و کەس بەکەسی و پشێوی زیادی کرد. بە داخەوە تاوانبار و سەبەبکارە سەرەکییەکان ئازاد کران !بەڵام هەڵخەڵەتاوەکان ئیعدام کران. لە سەرێکی ترەوە فەرماندەی سوپای پاوە جیددیەتی نەبوو، گوێی نەدا بەڕاستیەکان، لە جێێ (ضوابِط) پەنای بردە بەر بەکارهێنانی (روابط) و پەیوەندی شەخصی خۆی. بۆیە ڕەوتی شۆڕش شێوێنراو، وا بڕوا خوێنی شەهیدان بە فیڕۆ دەڕوا.. بە هەر حاڵ هەرچی پێویست بوو وتمان. ئیتر ئێوەو، خوا و، قورئان و، بەر پرسیاریی مرۆڤایەتی [1]

مەدرەسەی قورئانی پاوە

حسێن حەسەنی　　　ناصری سوبحانی　　　قادری قادری

وێنە بۆ　ـ سوپای پاسدارانی تاران

ـ آیة الله خەڵخالی

---

[1] دەقی ئەم گلەییینامەیە لە ژمارەی ڕۆژی دووشەممەی ٢٩/مرداد/١٣٥٨ هەتاوی (ئابی ١٩٧٩) ی ڕۆژنامەی (انقلاب اسلامی) دا بڵاو کراوەتەوە.

پێ دەچێ زبری و ڕاشکاوێتی ئەم گلەیینامەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو دادگا سەرپێیەی کە بەرپرسان ـ بە تایبەتی خەڵخاڵی ـ لە پاوەدا سازیاندا و، بە بێ لێکۆڵینەوەی یاسایی، کەوتنە بڕیاردانی حوکمی لە سێدارەدان دەرهەق بە کەسانێکی سادەو فریو خواردوو، یا تەنانەت بێ تاوان و بێ خەبەر، لە کاتێکدا دەیان کەسی تاوانبار و سەبەبکار یا وێڵکران وەلاتن، یا لێیان نەپرسرایەوە و کرانە خاترانەی ئەمونەو. ئەو کارەش لە دیدی مامۆستا ناصر ودۆستانیدا ستەمێکی زەق و ئاشکرا بوو کە دەکرا لە پرەنسیب و مەبدەئەکانی شۆڕش و مافی خەڵکی، جگە لەوەش لە ڕوویەکی ترەوە بە پێچەوانەی ئادابەکانی دادگاییکردن و دادپەروەری و سیستمی قەزایی ئیسلامییان دەزانی.

دوا سەردانی مامۆستا ناصر لە سەرانی شۆڕش:

لە زنجیرەی دوا هەوڵەکانی مامۆستا ناصر و هاوکارانی لە مەدرەسەی قورئانی پاوە، بۆ گوشار خستنە سەر حکومەت و ڕابەرانی شۆڕش و، بە مەبەستی بەدەمەوە چوونی داواو خواستەکانی خەڵکی ناوچەکەو، بە هیوای چاکسازی و چاوخشاندنەوە بە هەندێ بڕیاری حکومەتدا سەبارەت بە کێشە مەزهەبی و نەتەوەیییەکان؛ مامۆستا ناصر و ژمارەیەك لە دۆستانی لە زانایان و کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکانی پاوەو هەورامان، بڕیاریان دا بۆ جارێکی تر سەردانی قوم و تاران و کرماشان بکەن و، دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بە بەر پرسانی شۆڕش بگەیەنن..

بۆیە پاش سێ مانگ لە ڕووداوە ناسۆرەکانی شاری پاوە و، دوای ئەوە کە دەوڵەت نەهات بە دەم هیچ داوایەکەوە، لە ڕۆژی ١٣٥٨/٨/٢٩ ی هەتاوی (تشرینی دووەمی ١٩٧٩) دا وەفدێکی ١٠ کەسی یان پێك هێنا و، بەرەو شاری کرماشان بەڕێ کەوتن. وەفدەکە سەرەتا سەردانی پارێزگایان کرد و، مامۆستا ناصر و هاوەڵانی گلەیی خۆیان بە شەخسی پارێزگار و بەرپرسانی تری شارەکە ڕاگەیاند؛ بەڵام

پارێزگار و بەرپرسانی تری هەموو دەزگا دەوڵەتی یەکان، ڕاشکاوانە دەستە پاچەیی خۆیان بۆ چارەسەر بەوەفدەکە ڕاگەیاند.

لە نێوان وەفدەکەدا مامۆستا ناصر و دوو هاوکاری تری، بەڕێزان (عبد الرحمن یعقوبی و قادری قادری) زیاتر لە هەموو کەس لە بێ هودەییو بێئاکامی ئەو سەردانانە دڵنیا بووبوون؛ بۆیە ئەو سیانە لە کرماشان مانەوە و وەفدێکی حەوت نەفەری لە هاوکارانیان سەردانی تارانیان کرد..

سەردانی ئەمجارەی ئەو دوو وەفدە وەك جاران نەبوو, زیاتر لە جاران دەم بە گلەییبوون و, بە ڕونی دڵساردیی خۆیان خستە ڕوو..مامۆستا ناصر و دوو هاوەڵەکەی لەم سەفەرەیاندا گرنگییاندا بەجوڵاندنی خەڵکیو, چەند دیدارێکیان ساز کرد لەگەڵ خەڵکی ئاوارەی شارەکانی سەقزو سنەو مەریوان ـ کەبە هۆی فەرامۆشکارییەکانی دەوڵەتەوە شارەکانیان لەلایەن نەیارانی شۆڕشەوە گیرابوون, پشتگیرانی ئینقیلابیش هەموو ئاوارەکرابوون ـ ئەم دیدارانە بە مەبەستی لێك حاڵی بوون و هاوئاهەنگی و یەکخستنەوەی هەڵوێست بوو لەگەڵ حکومەتی تازەی ئێران.وەفدی تارانیش وەك لە گەڕانەوەیاندا مەعلوم بوو, زۆر دڵسارد بوونو سەرەڕای چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسان، هیوایەکی ئەوتۆیان بۆ دروست نەبوو بوو.

لەم سەفەرەدا بەرپرسانی دەسەڵات هەندێ پارەیان دابوو بە وەفدەکە (بەحساب) بۆ مەصرەفی هاتوو چۆو ئاسانکاریان، بەڵام مامۆستا ناصر وتبوی: من ئەو پارمەتی یە وەرناگرم تا نەزانم هی کێیە و چۆن و بەچ مەبەستێ دراوە ؟ با لە جێی ئەوە بەدەم داواکاری یەکانمانەوە بێن.. ئەتوانین بڵێین: لەو کاتەوە ناکۆکی کەوتە نێوان مامۆستا و هەندێ لە هاوەڵانی کە زۆر بایەخیان بەو لایەنانە نەدەدا..

لەم ساتە وەختەوە ڕەوتی جموجوڵی مامۆستا ناصرو هاوکارانی گۆڕانکاریی تێ کەوت.. سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەك لە دۆستانی ـ کە لە ڕۆژانی سەختی ڕاپەڕین و شۆڕشدا یەکدەنگ و یەکدەست چالاکییان دەکرد ـ هەر سوور بوون لەسەر درێژە پێدانی هەوڵ و, دڵسارد نەبوونەوە, بە هیوای هەندێ چاکسازیی, یا بە تەعبیری

خۆیان لای کەم بە هیوای کەم کردنەوەی زیانەکان و زیاتر پشت گوێ نەخستنی ناوچەکەو جەماوەری ناوچەکە؛ بەڵام سەرەڕای ئەوبۆچونانە مامۆستا ناصر بەڕاشکاوی بۆ یەکجاریی بێ هیوایی خۆی ڕاگەیاند و, لە ئاکامی سەفەرەکانی قوم و تارانەوە بۆی دەرکەوت کە سەرانی شۆڕش بەڵێن و پەیمانەکانیان دەرهەق بە کێشەی کوردو مەسەلەی مەزهەبی سوننی نابەنە سەر و, هەموو کەوتوونەتە بیری خۆ سازدان وخۆ پێکهێنان و, وەلا نانی هەر کێشەو مەسەلەیەکی تر کە بە بەرژەوەندی خۆیان تەواو نەبێت..

وەفدی دەستەی نیازپاکیی (هەیئەتی حوسنی نیەت)؛

لە ئاکامی گوشارە زۆرەکانی ناوچە کوردستانیی‌یەکان ـ بە تایبەتی پاش هەوڵە بێ ووچانەکانی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە لە سنەوە و, مامۆستا ناصرو دۆستانی لە ناوچەی پاوەوە ـ بە فەرمانی(آیة الله خومەینی) وەفدێکی ڕەسمی پێك هێنرا بە ناوی (دەستەی نیاز پاکیی بۆ کاروباری کوردستان)، (هەیئەی حوسنی نیەت) کەپێك هاتبوو لە ئاغایان (عزت الله سەحابی, مهندس هاشمی صەباغیان, داریوش فروهەر) و چەندکەسێکی تر.. ئەو وەفدە کە مەسئولیەتی قسەکردن لەگەڵ حزبی دیموکراتی ئێران و کۆمەڵە و هێزە نەیارەکانی تری پێ ڕاسپێرا بوو, ڕۆژی (١٣٥٨/٩/٢٣) (کانونی یەکەمی ١٩٧٩) سەردانی شاری پاوە یان کرد, بۆگفتوگۆ کردن لەگەڵ هێزە بەرهەڵستکارەکانی ناوچەکە و, دیدار لەگەڵ دۆستانی شۆڕش لە ناو پـاوە و دەوروبەری.

بەڕێز مامۆستا ناصر و زۆربەی هاوکارانی لە ناوچەکە، دڵساردبوون لە دیدار لەگەڵ ئەو وەفدە, بەڵام بە ئیلحاحی هەندێ کەسایەتیی‌تر پێیان باش بوو کە سەردانیان بکرێ, بەو ئیعتیبارەی وەفدی باڵای حکومەتن و, بە فەرمانی ڕابەری شۆڕش آیة الله خومەینی نێرراون و, صەلاحیەتیان پێ دراوە و, بەشکو کارێکیان پێ بکرێ.. بە هەرحاڵ مامۆستا ناصرو ژمارەیەك لە زانایانی پاوەو ناوچەکە، سەردانی وەفدەکەیان کرد لە فەرمانداریی شاری پاوە و, بە دوورو درێژی باسی وەزعی ناوچەکەیان کرد و، گلەیی و گازندەی خۆیان پێ ڕاگەیاندن, بەتایبەتی جەختیان کردەوە لەسەر فەرامۆشکاریی‌یەکانی بەر پرسانی ڕەسمی لە بەدەمەوەچوونی کێشەکان..هەر لەو دیدارەدا تەئکیدیان کردەوە کە دەبێ لە

حکومەتی تازەدا ڕۆشنتر باس لە مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورد بکرێ و، مەسەلەی مەزهەبگەراییش چارەیەکی بۆ دابنرێ، وەگەرنا خەڵکی شۆڕشگێر و ماندووبوو لەگەڵ خەبات و ڕاپەڕین و شۆڕش، ناچارن هەڵوێستی تر بگرن و، بەلای کەمەوەماڵئاوایی لە شۆڕش وحکومەت و بەرپرسان بکەن بۆ یەکجاریی.

وتوێژی مامۆستا ناصر لەگەڵ لایەنە سیاسیە کوردستانی یەکان:

لە هەلومەرجی سەر هەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران و تا ساڵانی پاش شۆڕشیش، چالاکی سیاسی لایەنە کوردستانی یەکانی ئێران لە گەشەدابوو. مامۆستا ناصر وەك کەسێ کە بڕوای بە دایەلۆك و گفتوگۆ هەبوو، پەرۆشی بوو کە دیدار لەگەڵ لایەنە سیاسی‌یەکان ساز بکات و، بیر وڕا بگۆڕێتەوە، بۆیە چەند دیدارێك ساز کران و لەگەڵ هەندێ لەکادیرانی حزبە سیاسی‌یەکان وتووێژی فکری و سیاسی تۆمارکرد و، ئێستەش هەندێ کاسێتی تۆمارکراوی هەن کە وەڵامی هەندێ لەو مەسەلانەیە کەلەلایەن ئەو لایەن و گروپانەوە دەوروژێنران.

لە بەشێکی ئەو جموجوڵەیدا لە کاتی کۆنگرە فراوانەکەی شاری سـنەدا ـ کە لایەنە شۆڕشگێڕە کوردەکان لە ساڵی ١٩٧٩ دا بەستیان ـ (پێشتر تیشکێکمان خستە سەر)، مامۆستا ناصر لە گەڵ هەندێ لە سەرکردە کوردەکانی ئەو کاتە ئاشنایی پەیدا کرد. یەکێ لە دۆستانی دەڵێ: لەیەکێ لە سەفەرەکانماندا کە لە مانگی ٦ ی/١٣٥٨ هـ (١٩٧٩ز) کردمان بۆ قوم و تاران و دیدارمان لەگەڵ سەرانی شۆڕش کرد، لە ئوتێلێکی شاری قوم کە تیایدا دەحەواینەوە، مامۆستا ناصر دیدارێکی سێ سەعاتی کرد لەگەڵ سەرکردەیەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی (م.ح.ح) ی (مەسان) و، بە دورو درێژی مامۆستا ناصر بیروڕای لە گەڵکۆڕیەوە سەبارەت بەوەزعی کوردستان و دیدی ئیسلامی بۆ ئازادیی کورد و مەسەلە نەتەوەیی یەکان بە شێوەیەکی گشتی. [1]

---

[1] لە یاداشتنامەیەکی شەخصی مامۆستا (ئە. ب)ی یەوە.

کێشەی ماددەی دوازدەی قانونی ئەساسی و هەڵوێستی مامۆستا ناصر:

دوا وێستگەی ترسناك کە مامۆستا ناصری داچڵەکاند, مەسەلەی ڕەشنوسی قانونی ئەساسی نوێی ئێران بوو. دیارە لە زۆر شوێنی قانونەکەدا کەلێن و ناتەواوی هەبوو. پێشتر هەندێ لە سەرنج و تێبینیەکانی ئەومان خستە ڕوو.بەڵام ماددەیەك کە هەموو ئەهلی سوننەت و، تەنانەت هەندێ بیریاری بە ئینصافی شیعە مەزهەبیشی هێجگار بێ تاقەت و نا ئومێد کرد, ماددەی ١٢ بوو کە بەم جۆرە دارێژرابوو:

﴿ ئاینی ڕەسمی ئێران ئیسلام و مەزهەبی جەعفەری دوازدە ئیمامیيە. ئەم ئەصلەش هەتا هەتایە نابێ بگۆڕدرێ..﴾.

هەموو ڕابەرانی ئەهلی سوننەت لە سەرتاسەری ئێراندا, وەك کاك ئەحمەدی موفتی زادە و کاك ناصر و زۆری تر لەزانایانی کوردستان, مەولەوی عبدالعزیز و زۆر زانای تر لە بەلوجستان, ضیائی و زۆرێکی تر لەزانایانی بەندەر عەباس، بەم ماددەیە زۆر بەخۆدا هاتنەوە و هەموو کەوتنە بێدار کردنەوەی خەڵکی و، وتار و بابەت نوسین.جگە لە هەوڵی بێ ئاکامی ئاگادارکردنەوەی بەرپرسان، هەر کەسە بە جۆرێك و لەسەرێکەوە ڕەخنەی لە داڕشتنی ئەو ماددەیە دەگرت, بەڵام مامۆستا ناصری سوبحانی سەرنجی زانایان و ڕوناکبیر و سیاسییەکانی بۆخاڵێکی گرنگ لە داڕشتنی ئەوماددەیە راکێشا، ئەویش مەسەلەی عەتف کردنەوەی ڕستەی (مەزهەبیجەعفەری) بوو بۆ سەر دینی ئیسلام, بەڕێزی دەیوت: (ئیسلام)و(مەزهەبی جەعفەری) یان عەتف کردۆتە سەر یەك, ئەمەش بەڕوونی و ڕاستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێ کە دارێژەران و سەرکردەکان, تەنها مەزهەبی جەعفەری بەدینی ئیسلام دەزانن..ڕاستتر وابوو کە هەر باسی مەزهەب نەکرایە, یا ئەگەر سووریش بوون لە سەر ئاماژە کردن بە مەزهەبی ڕەسمی, دەبووایە بەم جۆرە ماددەکەیان داڕشتایە: (دینی ڕەسمی ئێران ئیسلامەو, مەزهەبی ڕەسمیش مەزهەبی جەعفەری یە..).

مامۆستا ناصرو زۆرێك لە زانایانی ئەهلی سوننەت لەچەندین بۆنەدا و بە چەندین ڕێگە، ئەم دەستەواژەیەیان گەیاندە یاسادانەران و سەرانی نیظام. یەکێ لەوانە کە زیاتر لە هەموو کەس ڕووبەڕوو کرایەوە بەو گرفتە، ئیبراهیم یەزدی بوو کە لەو سات و دەمەدا نوێنەری ڕابەری ئێران بوو لەناو ئەهلی سوننەت و کوردستاندا..لە چەندین قۆڵەوە گلەیینامە و یاداشت وسەرنج و ڕەخنەی بۆ نێررا، ناچار ئەویش پوختەی ئەو سەرنج و گلەییانەی بە نوسراوێکی ڕەسمی گەیاندە (آیة الله خومەینی).

ڕۆژنامەی (جمهوری ئیسلامیی) لەژمارەی ۱۳۵۸/۱۱/۱ (کانونی دووەمی ۱۹۸۰) ئەم هەواڵ و ڕوونکردنەوەیەی بڵاوکردەوە:

(..پێشنیاری دەسکاریی کردنی ئەصلی دوازدەی قانونی ئەساسی کە لەلایەن برادەرانی ئەهلی سوننەتەوە کراوە، لە ڕێی بەڕێز ئیبراهیم یەزدییەوە گەیشتە لای ئیمام، ئەویش ـ واتە ئیمام خومەینی ـ لە ژێریدا ئەم عیبارەتەی نوسی وەك پێشنیار:

(دەسکاریی ئەو ئەصڵەو هەندێ ئەصڵی تر کە لە پاشکۆی قانونی ئەساسیدا دەنوسرێنەوەو، دەنگدان بۆ گۆڕینی لە صەلاحیەتی میللەتە و بە ریفراندوم ئەکرێ، بەلای منەوە ڕێی لێ ناگیرێ..)

ئیمزا (روح الله الموسوی الخمینی)

واتە، ئەو پێشنیار ئەکا دەسکاریی ئەصڵەکە ئەبێ لە پاشکۆدا بێ، بەڵام گۆڕینی لە صەلاحیەتی میللەت بێ و بەریفراندوم، ئەوەش هەموولای دڵنیا کردەوە کە هەرگیز ناکرێ، بەو ئیعتیبارەی زۆرینەی میلەتی ئێران لە مەزهەبی جەعفەرین و، دەنگەکانی ئەهلی سوننەت هیچ دادێك نادەن.

بەڵام بە هەرحاڵ خودی بیرۆکەی دەسکاریکردن ئومێدێکی تری دروست کردەوە. بۆیە مامۆستا ناصر بڕیاری دا کە دوا پێودانگی بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ دەسەڵاتی نوێی ئێران، یا کشانەوە، ببەستێتەوە بە هەنگاوی عەمەلی بەرپرسانەوە

سەبارەت بە گۆڕینی ئەو ماددەیە, بۆیە بەڕێزی و چەند مامۆستایەکی مەدرەسەی قورئانی پاوە پێیان باش بوو کە پشتیوانیەیەك لەوپێشنیاری دەسکاریەیە بکرێ و, هاندانی بەر پرسان لەو چاکسازیەیە بەردەوام بێ, بۆیە ڕۆژی۲ /۱۳۵۸/۱۱ ی هەتاوی (کانونی دووەمی ۱۹۸۰) و ڕۆژێك پاش ڕوونکردنەوەکەی ئیبراهیمی یەزدی و نوسینی ئەوپەراوێزەی سەرەوەی آیة الله خومەینی, بەناوی مەدرەسەی قورئانی پاوەوە بەیاننامەیەکی پشتیوانیی لە پێشنیارەکە بڵاوکرایەوەو، تیایدا جەختیان کردۆتەوە لەسەر مەسەلەی برایەتی ئیسلامیی و یەك ڕیزی.. هەر بە هەمان بۆنەوە هەمان مەدرەسە پەیامێکیان نارد بۆ آیة الله خومەینی و مەولەوی عبدالعزیز و, ئاماژەیان تێداکرد بە مەسەلەی برایەتی مەزهەبەکان و دوریی لە چەند دەستەیی و جوداخوازیەو مەزهەبگەرایی..

لەڕووی جۆشدانی جەماوەریشەوە هەمان ڕۆژ (۱۳۵۸/۱۱/۲) ی هەتاوی مامۆستا ناصری سوبحانی لە پێشەوەی ڕیزەکانی ڕێپێوانێکی هێمنانەدا بوو، کە بۆ چاککردنی ئەو ماددەیە سازکراو بەرەو فەرمانداریی پاوە کەوتنە ڕێ. لە کۆتایی ڕێپێوانەکەدا مامۆستا ناصر لە حەوشەی فەرمانداریدا و بەرامبەر جەماوەر و بەرپرسان, وتارێکی گرنگی داو, تیاید' مەترسی پشتگوێ خستنی ئەو داوایانەو, چاوپۆشی و لێبوردن لە چاککردنی ئەو ماددەیەی خستە ڕوو, هەر ئەو ڕۆژە فەرمانداری پاوەو، وتار خوێنی شاری پاوە مامۆستا قادری, سەرەو وتاریان خوێندەوە و, سەرەنجام یاداشتنامە یەکیان لەو بارەیەوە بەرز کردەوە بۆ بەر پرسان و, تەئکیدیان لە چاککردنی ماددەی دوازدە کردەوە..[1]

---

[1] دەقی پەیامەکان و یاداشتنامەکە، لە (تاریخ سیاسی اجتماعی پاوه) ل ۳٤٦ و ۳٤۷ دا بڵاوکراوەتەوە.

ماڵئاوایی لە سەرانی شۆڕش و دەسەڵات:

جێی ئاماژە پێکردنە کە ئەو هەوڵانە هەموو بێ ئاکام بوون. بەرپرسان ئامادە نەبوون ئەو ماددەیە بگۆڕن و هەروەك خۆی مایەوە, هیچ بایەخێك بەو هەموو داواو خواستانەی ئەهلی سوننەت نەدرا. لەسەرێکیتریشەوە داواکارییە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیش پشت گوێ خران و, کارێکی ئەوتۆ نەکرا کەمایەی دڵخۆشی بێ و ئومێد بەخش بێ, بۆیە مامۆستا ناصرو زۆرێك لە دۆستانی بۆ یەکجاریی ماڵئاوایییان لە هاوکارانی شۆڕش کرد و, لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ ئەوانەی درێژە بە هاوکاریی بەرپرسان دەدەن, خۆی لە هات وچۆی بەر پرسان و چالاکیی لەگەڵ دەوڵەتی نوێی ئێران دوور خستەوەو, دەستیکرد بە توێژینەوە قورئانیەکان و, درێژەدان بە جیهادی دەعوە و بانگەواز و, پەروەردەکردن و پێگەیاندنی لاوان و, ڕاست کردنەوەی تێگەیشتنە هەڵەکان و, ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکان.. بە هیوای ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان گۆڕانکارییەك بەسەر هەندێ لە بڕیاری ئەو دەستە لەبڕیار بەدەستاندا بێت, کە دەیانویست ئێران تەنها بە ئاقاری مەزهەبگەرایی تەسکدا بچێت و, گوێ بەو هەموو داواو خواستە مەزهەبی و نەتەوەییە عادیلانەیە نەدرێت کە لە سەراسەری ناوچە سوننی نشینەکان و کوردستان و نەتەوەکانی ترەوە جەختیان لەسەر دەکرایەوە.. -

بەو جۆرە ژیانی مامۆستا ناصر کەوتە قۆناغێکی تەواو تازە, قۆناغێکی تەواو جیاواز لە قۆناغی پێشوو. قۆناغی تەحقیقاتی زانستی و, توێژینەوەی قورئانی و, پێداچوونەوەی چوارچێوە تەقلیدییەکانی زانستە ئیسلامیەکان, بە دیدێکی تازە و بۆچوونێکی کراوەتر و کارامەترەوە, لەبەر ڕۆشنایی ئەو قەناعەتە نوێیانەدا کە لە تێگەیشتنە قورئانیەکانەوە بۆی دروست بوو بوو..[١]

---

[١] پشت بە خوا کتێبی دووەم لە ژیاننامەی مامۆستا ناصر تایبەت دەبێت بە توێژینەوەی بۆچونە فیکری و زانستییەکانی لەبەر ڕۆشنایی نووسراو و بەرهەمەکانیدا.

کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی شورای مەرکەزیی سوننەت

ناسراو بە شورای (شەمس) لە ٤/١ بۆ ١٩٨١/٤/٣ (تاران):

پاش ئەوەی هەوڵە دبلۆماسیەکان لەگەڵ سەرانی شۆڕش ـ بۆ بەدەمەوە هاتنی مافە نەتەوەیی و مەزهەبیەکانی نەتەوە و مەزهەبە کەمینەکانی ئێران ـ بێ ئاکام بوو؛ کاک ئەحمەدی موفتی زادە بەهاوکاریی هەندێ لەزاناو سەرکردەکانی ئەهلی سوننەت، وەك مەولوی عبدالعزیز لە ناوچەی بەلوجستان و هەندێ لە زانایانی ناوچە بەندەرییە سونییەکان, کەوتنە بیری کۆکردنەوەی زانا و کەسایەتیە بەتواناکانی ئەهلی سوننەت، بەمەبەستی بەستنیکۆنگرەیەکی فراوان، تایبەت بەهەموو ناوچە سوننی نشینەکانی سەراسەری ئێران. بۆیە بانگێشتی زیاتر لە ٥٠٠ کەسایەتی و زانایان کرد و لەتاران کۆنگرەکە لە (٤/١ بۆ ١٩٨١/٤/٣) گرێ درا.. لەو هەلومەرجەدا هەڵچونێکی دژە ڕاگەیاندن لەلایەن دەزگا و بەرپرسەکانی قوم و تارانەوە دژی هەموو چالاکییە کوردیو سوننیەکان بەگشتی لەئارادابوو؛ بۆیە کاك ئەحمەدی موفتی زادە بەڕەسمی بانگێشتی بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆی کرد بۆ بەشداری کۆنگرە و، داواشی کرد کە هەموو کۆبونەوەکان بەئاشکرا دەگیرێن و؛ بۆ دەزگاکانی حکومەت هەیە کە هەمووی تۆمار بکەن، دواتر لەگەڵ شالآوی ئەو دژە ڕاگەیاندنەدا ـ کەوتمان لە ئارادا بوو ـ ڕاستییەکانی کۆنگرە نەشێوێنرێن. بێ گومان هەر بەو جۆرە بوو کە کاك ئەحمەد و هەموو سەرکردە سوننییەکان پێشبینیان کرد، ڕۆژی دوایی بەرپرسانی دەوڵەت، دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان گەرم کرد دژی ئەو کۆنگرەیەو، نازناوی شورای (طائف) یان بەسەرا سەپاند.. (کۆنگرەکە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو شورا مەشهورەی لە سعودیە گرێ دەدرا)..

بەهەر حاڵ دەزگا ڕەسمییەکانی ڕاگەیاندن هەموو بەشدارانیان تۆمەت بارکرد بەوەی دژی شۆڕشن و پیاوی بێگانەن و بەناوی ئەهلی سوننەتەوە ئەیانەوێ دژی شۆڕش و دەسەڵات پیلان بگێڕن..

بەداخەوە خودی ڕابەری شۆڕش خومەینیش، ڕاستی ئەو کۆنگرەیەی لێ شێوێنرا و لە وتارێکی ڕاستەوخۆدا کە تەلەفزیۆنی ئێران پەخشی کرد، دەستی کردە هێرشی توند بۆ بەشدارانی کۆنگرە و، تۆمەتبارکردنیان بەدژایەتی ئینقلاب و پیلانگێڕیی و نۆکەریی بێگانە. بۆیە کاك ئەحمەد رایگەیاند کە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی گرێدەداو وەلامی پرسیاری هەموو کەناڵ و میدیاکان دەداتەوە, بەلآم حکومەت ئەو مافەشی پێنەدان و, دەزگای (اطلاعات) ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەنوسییەی قەدەغەکرد.

بەهەر حاڵ یەکێ لەو کەسایەتیە ناودارانەی بەشدارییان کرد لەو کۆنگرەیەدا مامۆستا ناصری سوبحانی بوو، کە وتارێکی زۆر گرنگی دا، تیایدا پایەکانی یەکتاپەرستی و، ئەرکی بەندایەتی ڕوون کردەوە و، لە دیدێکی قورئانیەوە تیشکی خستە سەر هەموو ماف و ئەرکەکان، بەتایبەتی ئەو ئەرکانەی ڕوو ئەکەنە سەرکردە و زانایان و بیرمەندانی میللەت.

پاش وتارەکان و، لە ڕۆژی کۆتایی کۆنگرەدا هەڵبژاردن کرا بۆ نوێنەرانی شار و ناوچەکان و، مامۆستا ناصر بەنوێنەرایەتی شاری کرماشان و، جێگری سەرۆکی کۆنگرەی (شمس) هەڵبژێردرا. هەروەها لەو کۆنگرەیەدا زۆرێك لە کەسایەتی و زانایانی ئەهلی سوننەتی ناوچە جیاجیاکانی ئێرانی ناسی و یەکچون و بیروڕای لەگەڵ گۆڕینەوە.هەروەها لەو کۆنگرەیەدا بەدوور و درێژی گیروگرفتەکانی ناوچە سوننی نشینەکانی هەموو ئێران ،لەرێی نوێنەرە ئامادە کانەوە خرایە ڕوو سەرەنجام کۆنگرە بڕیاریدا لەرێینوێنەرە هەڵبژێراوەکانەوە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر دەست پێ بکەن و، لەرێی بەیاننامە و نوسراو و شێوازی جۆراوجۆرەوە، بەرپرسانی ئێران لە گرفت و کەم و کورتیەکان ئاگادار بکەنەوە..

هەروەها کۆنگرە بڕیاریدا کە داوای کردنەوەی مزگەوتێك لە تاران بکەن بۆ ئەهلی سوننەت و ژمارە حسابێکی تایبەتیان لە بانکدا بۆ ئەو مەبەستە کردەوە.

بەڵام دواتر حکومەتی ئێران مۆڵەتی کردنەوەی مزگەوتەکەشی نەدا و دەستیشی گرت بەسەر ئەو ژمارە حسابە بانکی‌یەشدا.

مامۆستا ناصر ـ کە یەکێ لە کەسایەتیە بەرچاوەکان بوو ـ لە پاش ئەو کۆنگرەیەوە درێژەی دا بە وانە وتنەوە و وتار تۆمار کردن و دیدار سازکردن لەگەڵ ڕوناکبیران و سەردانی شار و شارۆچکەکان . . .

بەڵام حکومەتی ئێران لەپاش ئەوکۆنگرەیەوە دژایەتیەکی سەختی ڕوناکبیرانی ئەهلی سوننەتی دەست پێ کرد و، تۆمەتی (شورای شمس)ی بوون کرایە لەقەبی هەر ڕووناکبیر و زانا و لاوێکی سوننی چالاك لە سەراسەری ئێراندا.هەر جوڵانەوەیەکی ئاینی و هەر چالاکی‌یەك بکرایە یەکسەر مۆرکی (شورای شمس)ی لێ دەدرا و، پێشتریش ڕاگەیاندن و میدیاکانی دەوڵەت پڕوپاگەندەی ئەوەی کردبوو کە ئەو شورایە و سەرکردەکانی پەیوەندیان بەعەرەبستانی سعودی و وەهابیەکانەوە هەیە؛ کەئەو تۆمەتە هیچ ڕاستی‌یەکی نەبوو.. هەرئەوەش بووە مایەی دڵساردی و متمانە لەدەستدانی یەکجاریی زۆرێکی تر لەوانەی کە تا ئەوکاتەش جۆرە هیوایەك، یان پەیوەندی یەکی لابەلایان لەگەڵ هەندێ دەزگای میری و سەرانی شۆڕش مابوو.

لەو هەلومەرجەدا مامۆستا نا ـىر و زۆرێك لەو پێشەنگە دیار و ناودارانەی ئەهلی سوننەتی ئێران ـ هەر لە بەندەرەکانەوە تا ناوچەکانی بەلوجستان و تالش و تا دەگاتە کوردستان ـ لە بەر کاردانەوەی توندی بەرپرسانی ئێران باری ئەمنی یان ئاڵۆز کراو، هەموویان کەوتنە بەر پلانی شکاندنی کەسیەتی‌یان و ناو و ناتورە لێنان و، تەنانەت تۆمەتبار کردنیان بە پەیوەندی دەرەکی و، بەسەرا سەپاندنی ناز ناوی (دژە شۆڕش) کەبوبوە بنێشتە خۆشەی بەرپرسە مەحەللی‌یەکانی شار و ناوچە سوننی یەکان. بۆیە مامۆستا ناصر ناچار بوو بۆ چەند هەفتەیەك شاری پاوەی زێدی خۆی بەجێ بێڵێ و ڕوو بکاتە شاری مەریوان.

شایانی باسە لەو کاتەدا کە شاری پاوەی بەجێ هێشت، سەرپەرشتی دوو قوتابخانەی پڕ لەوانە و بەسوودی دەکرد. قوتابخانەیەك بۆ پیاوان لە سێ ڕۆژی

هەفتەدا و، قوتابخانەیەکی تر بۆ ئافرەتان لە سێ ڕۆژی تری هەفتەدا. لەو قوتابخانەیەدا بۆ ماوەیەکی زۆر دەیان وانەو (محاضرة) ی زانستی لە هەموو بوارە جۆراو جۆرەکاندا ووتەوە، دەربارەی (سیستمی ئابوری ئیسلام، سیستمی سیاسی ئیسلام، وانە کۆمەڵایەتیەکان، بانگەوازی ئیسلامی، مەسەلەکانی عەقیدە و ئیمان, مەسەلەکانی ئافرەت، بابەتە سیاسیەکان، تەفسیری سەدان ئایەتی قورئان).. شایانی باسە لەو قوتابخانەیەدا توێژانێکی زۆری ئاستە فەرهەنگی و زانستی و سیاسیەکان بەشدارییان دەکرد، تەنانەت بۆ ماوەیەك خودی (قائمقام) فەرمانداری پاوە و هەندێکی تر لە بەرپرسان بەشداری یان دەکرد وەك پێشتر ئاماژەمان پێ کرد.

بەهەر حاڵ لە گەرمەی ئەو وانە وتنەوە و چالاکیانەدا ـ کە لە سەدان کاسێتدا تۆمار کراون و ئێستە خۆشبەختانە لەبەر دەستدان ـ مامۆستا ناصر ناچار بوو ئەو وەزعە بەجێ بێڵێ، بەڵام زۆر ناڕەحەت بوو بە بەجێ هێشتنی ئەو دەرسانە و، بۆ ماوەیەك جێگرێکی خۆی سەرپەرشتی قوتابخانەکەی دەکرد. خۆیشی لە دوورەوە جاروبار لەڕێی نامەوە پەیوەندیی درێژە پێ دەدا لەگەڵ دۆستان و قوتابیەکانی لەو قوتابخانانەدا. لەیەکێ لەو نامانەیدا، لە کاتی ئەو خۆ حەشاردانە کاتیەیدا، مامۆستا ناصر بە چەند ڕستەیەکی زۆر بە بایەخ دۆست و قوتابیانی بەسەر دەکاتەوە کە تیایدا هاتوە:

(...خوشك وبرا بەڕێزەکانم !

لە خوا داواکارم سەرفرازی و خۆشبەختی هەمیشەیی تان پێ ببەخشێ.

برا و خوشکانم ! هەر کات تەوفیقی دۆعای خێرم پێ درا بێت! ئێوەم لەبیر بوە، هیوادارم کەئێوەش لەدوعاکانتاندا منتان لەبیر بێ.چونکە ئەوە چاکترین دیاری براودارانە بۆ یەکتر..

بەڕێزان ! لەم ماوەیەدا سوودم لەمەسەلەیەك بینیوە! حەز ئەکەم بۆ ئێوەشی بڵێم، بەو هیوایەی ئێوەش لێی بەهرەمەند بن و لەدۆزەخی دڵەڕاوکێ و نا ئارامی ڕزگارتان ببێ ـ پێشتر ئەمەم هەر زانیوە، بەڵام زانین شتێکە و هەست پێ کردن و لەمس کردن شتێکی ترە ـ ئەو مەسەلە سودمەندەش پەیوەندی بە (حیکمەتی خواوەند)ەوە هەیە ـ.. ئێوە ئەوە ئەزانن کە (حیکمەت) یانی: هەر کارێ خوا ئەنجامی دەدا بەجێیەو، بەو جۆرە کەپێویستە بێ! وا ئەنجامی

دەدا.. بەشێوەیەك كە لە (جیهانی بوون و دروست كراوان) دا هیچ ڕوداوێك لە جێی غەیری خۆیدا ڕوونادات..

ئەگەر گریمان شتێك لەغەیری جێی خۆیدا ڕوو بدات، سیستمی جیهانیی هەمووی تێك دەچێت، هەرچەند ڕووداوێكی چكۆلەش بێت، چونكە هەموو شتێك پەیوەندی بە (هۆكارەكان) و (پێشەكی یەكان) و (ئاكام)ە فراوانەكانەوە هەیە و، سەیر كردنی بەشێوەیەكی تاك و جیا، لەموسڵمانی هۆشیار ناوەشێتەوە.. لە بەر ئەمە من هەستم پێ كردوە كە ئینسان دەبێ بەو جۆرە (تصمیم) بگرێ كە خوا فەرمانی داوە. جا پاش ئەوە هەرچی ڕووی دا دەبێ پێی دڵخۆش بێ! چونكە ئەوە عەینی حیكمەتە. هەڵبەتە (تصمیم) خەیاڵ كردن نیە. بەڵكو ئەبێ بۆ كارێك ـ كەعەزمی كردنی دەكرێ ـ هەرچی توانایی هەیە بخرێتە گەڕو بە كار ببرێ.

خوشك و برایانم !

لەئاكامی هەستكردن بەم ڕاستی یە، ئینسان ئارامی و دڵنیایی ڕووی تێ دەكا و، ڕوودانی هیچ شتێ بێزار و نارەحەتی ناكا. بەو تێگەیشتنەوە كاری جەموجۆر دەبێ. بەڕاستی ئەمە نیعمەتێكی گەورەیە. (ألا بذكرالله تطمئن القلوب)..

لەكۆتایی ئەم نامەیەدا ئاماژە دەكات كە پشت بەخوا پاش مانگێكی تر دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی خۆی.) [1]

كۆچ كردن بۆ شاری مەریوان:

ئەو ڕووداوە بۆ مامۆستا ناصری سوبحانی بووە سەرپێچێكی نوێ، بۆیە شاری پاوەی بەجێ هێشت و، چوو بۆ شاری مەریوان. بە دزی پیاوانی دەسەڵاتەوە درێژەیدا بەخەباتی خزمەت و بانگەواز و هۆشیار كردنەوەی لاوان..

كاتێ كە لە مەریوان بوو، بەردەوام پەیوەندی بەشارەكانی ترەوە هەبوو، بەتایبەتی پاوە و سنە و كرماشان ـ كە مەڵبەندی جموجوڵی ئیسلامیی بوون ـ زۆر بەپەرۆشەوە لە وەزعی كاك ئەحمەدی موفتی زادە و دۆستانی دەپرسیەوە، كە لەو كاتەدا دەستگیر كرابوون. چەند مانگێك لە شاری مەریوان مایەوە. لەوێش مەترسی ئاشكرا بوونی لای

---

[1] مامۆستا ناصر ئەو نوسراوەی لە ١٣٦٠/٨/٢٢ ی هەتاوی، ١٩٨١/١١/١٢ ی زایینی، نووسیوە.

دەزگاکانی ئاسایشی ئێران زیادی کرد، هەم لەبەر مەحدودیەت و بچوکی شارەکە، هەم لە بەر زۆربونی موراجەعەی دۆستانی کە نەدەتوانرا سنوری بۆ دابنرێ.

لە سەرێکی تریشەوە دۆست و قوتابیانی کاك ئەحمەدی موفتی زادە ـ کە مەڵبەندی چالاکی یان لە شاری سنە بوو ـ! لە کاتی گیرانی کاك ئەحمەددا هەستیان بە بۆشاییەکی گەورە دەکرد. لە سەرێکی تریشەوە، رێز و نرخاندنێکی زۆریشیان هەبوو بۆ مامۆستا ناصرو، متمانەیەکی زۆریان بەزانست و توانا عەقڵی و هزری یەکانیی هەبوو، بۆیە یەکێ لە کەسایەتیە بەرچاوەکانی (مەکتەبی قورئان) ـ کەدۆستێکی زۆر نزیکی کاك ئەحمەد بوو ـ نامەیەکی لە سنەوە نارد بۆ مەریوان، بۆ مامۆستا ناصر و داوای لێ کرد کە بچێتە شاری سنە و، وانە و خولی زانستی بۆ قوتابیانی و دۆستانی کاك ئەحمەد بکاتەوە، تا چالاکی ئیسلامی یان بەردەوام بێ و، لە توانا عیلمیەکانی مامۆستا ناصر بەهرەمەند ببن.. لە سەرێکی تریشەوە بۆ خودی مامۆستا ناصرو، بزر بوونی لە بەر چاو و دەستی نەیارانی، بە کەڵك بوو..

مامۆستا ناصر باسەکەی ئاراستەی هاوکار و دۆستانی خۆی کردەوە و، راوێژی پێ کردن.. ئەوانەی کە مامۆستا ناصر لە قسەیان دەرنەئەچوو پێشنیارە کەیان پەسەند کردو، بڕیار درا بۆ ماوەیەك بچێ لە شاری سنە نیشتەجێ ببێت، بەو ئومێدەی هەم سوود بە برایانی (مەکتەبی قورئان) بگەیەنێ، هەم بۆ ماوەیەکی تریش لە بەر چاوی بەرپرسان دوور کەوێتەوە و جێ گۆڕکێ بکات، تا بتوانێ درێژە بە هەوڵ و خەباتی بانگەوازی و زانستی خۆی بدات، کە تەمەنی خۆی وەقف و تەرخان کردبوو بۆی..

گوێزرانەوەی بۆ شاری سـنـە:

پاش ئەوەی مامۆستا ناصر چەند مانگێکی پڕ بەرەکەتی لە شاری مەریواندا بردەسەر و، ژمارەیەك وانە و بابەتی زانستی تۆمار کرد! سەنگەری گواستەوە بۆ شاری سنە و بۆ ماوەی هەشت مانگی تەواو لەوێ مایەوە. لە گەڕەکێکی شەعبی ئەو شارەدا دوور لە چاوی چاودێران، بە چڕوپڕی دیداری کرد لەگەڵ زۆربەی ئەو لاوە خوێن گەرمانەی کە دۆستی کاك ئەحمەد بوون، زۆر تامەزرۆی دیداری مامۆستا

ناصریش بوون، ئەویش زۆر سەخاوەتمەندانە پێشوازیی دەکردن و، زۆربەی ساتەکانی ژیانی تەرخان کرد بۆ وانە وتنەوە و ئاراستە ئیمانی و پەروەردەییەکانی..

لەو چەند مانگەدا ـ سنوری هەشت مانگ ـ بە دەیان کاسێتی زانستیی، لە تەفسیری قورئانی پیرۆز و بابەتە جۆراو جۆرەکانی (اصول الفقه) و (علوم القران) پڕ کردەوە. تا ئێستەش ئەو کاسێتانە ماون و، بە زەخیرەیەکی زانستی کەم وێنەی تۆمارگەی فکری ئیسلامی هاوچەرخ دەژمێردرێن.

لەو کاتەدا کە لە شاری سنە مابوەوە پەیوەندی بە دۆست و هاوکارانییەوە لە برایان بەردەوام بوو، لە شارەکانی پاوە و جوانڕۆ و مەریوان و کرماشان و ڕوانسەر و مەهاباد و سەقز و پیرانشەهر و بۆکان و سەردەشتەوە، دەچوونە دیداری و بەهرەیان لێوەردەگرت.پاش چەند مانگێك لە وانەوتنەوە و ئیدارەی خولی زانستی و تۆمار کردنی دەیان بابەتی گرنگ و، دیدار لەگەڵ زۆربەی دۆست و هاوکارانی کاك ئەحمەدو، ئاشنابوون لەگەڵ زۆربەی بەرپرسانی شانەکانی ڕێکخستنی برایان لەو شارانەی ناوبران؛ بیرۆکەیەك لای سەرکردایەتی (مەکتەبی قورئان) دروست بوو کە مامۆستا ناصر سەردانێکی وڵاتی پاکستان بکات، بەمەبەستی کرانەوە بەسەر دەرەوەی ئێراندا و، گەیاندنی هەواڵی دەسگیرکردنی کاك ئەحمەد و هاوکارانی و، ڕوونکردنەوەی وەزعی ئەهلی سوننەتی ئێران بە گشتی و کێشەی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی و، دورکەوتنەوەیەکی کاتیش لە بەر چاوی نەیارانی..

شایانی باسە کە لەو ماوەیەی مانەوەیدا لە شاری سنە هەست دەکرا کە دەزگاکانی ئاسایشی ئێران گومانیان بۆ دروست بووە و، چاودێریی ئەو ماڵ و گەڕەکانەیان دەکرد کە بووبوونە بنکەی کۆبونەوەو دیدار لەگەڵیدا. هەرچەند دۆستانی چەند جارێك ماڵیان بۆ گرت و جێ گۆڕکێیان پێکرد، بەڵام دڵنیا بوو بوون کە ئەگەری دەستگیرکردنی پەرەی سەندوە.

بەهەر حاڵ پاش هەشت مانگ لەمانەوەی لەشاری سنە سەفەری کرد بۆ وڵاتی پاکستان و، خێزانەکەی گەڕایەوە بۆ شاری پاوە. پاش ئەو سەفەرە یەك ساڵییەی بۆ

پاکستان؛ مامۆستا ناصر گەڕایەوە شاری سنە و بۆ ماوەی ۳ساڵی تر مایەوە و، ژن و منداڵەکانی گەڕانەوە بۆ لای و لە گەڕەکێکی شەعبی شاردا ماڵێکی بۆ گیرا بە کرێ.

لە ماوەی مانەوەی لە شاری سـنەدا ـ چ لە جاری یەکەمدا، چ لە جاری دووەدا ـ گرفتێك هاتبووە پێش، کە بۆ مێژوو بە پێویستی دەبینین لێرەدا تۆماری بکەین، ئەویش ئەوە بوو کە بەرپرسانی (مەکتەبی قورئان) ئەوەیان بۆ دۆست و قوتابیانی کاك ئەحمەد ڕوون نەکردبۆوە کە مامۆستا ناصر یەکێ لە بەرپرسانی بزووتنەوەی برایانە و، دۆستایەتی کردنی لەگەڵ کاك ئەحمەد و ئەو هاوکاری و بەدەمەوە بوونەی؛ لە ڕوانگەی هەست بە مەسئولیەتی شەرعی و، لە سۆنگەی برایەتی ئیسلامییەوەیە. بۆیە هەرکات کە دەیان بیست مامۆستا ناصر پشتگیری یەکی برایان دەکا، یا ڕاو بۆچونێکیان پەسەند دەکات، وا تەفسیریان دەکرد کە دەستەیەك لە کەسایەتیەکانی برایان دەوریان داوە و، بەزۆر دەیانەوێ ڕاو هەڵوێستی مامۆستا ناصر بگۆڕن و، لە ئەندامێکی مەکتەبەوە، بیکەنە ئەندامێکی برایان..

ئەم گرفتە لەولایەنەوە دروست بوو بوو، کە ئەوانەی ڕاستی مەسەلەکەیان دەزانی؛ کە لەبەر مەسڵەحەت بوو بێ، یان بە هەر نیـاز و مەبەستێ، باسەکەیان نەدەکرد و، نەیاندەویست ئەو مەسەلانە بورووژێنن، بە تایبەتی کە مەرحومی مامۆستا ناصر خۆی، هەرگیز لە وانەی گشتی و کۆڕە فراوانەکانیدا؛ ئاماژەی بەهۆگری حزبی خۆی نەدەکرد و، وەك زانایەکی ئیسلام و بانگخوازێکی گەورەی ئیسلامی دەردەکەوت؛ بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کاتە کە لە سنە بوو، ساڵانی ۱۹۸٤ بۆ ۱۹۸۷ مامۆستا ناصر یەکێ بوو لە سەرکردەکانی ڕێکخستنی برایان، بگرە پێش ئەوە بەچەند ساڵێك و لە ساڵی ۱۹۸۰ دا هەر لە شاری پاوە پەیمانی هۆگری و ئیلتیزامی بۆ بەرپرسانی برایان دەرخست بوو، وە پەیمانی ئەندامێتی پێ دابوون. لەم بارەیەوە کاك مەنصوری برای دەڵێ: ساڵی ۱۳٦٤ هەتاوی، ۱۹۸٤زاینی، نامەیەکم لەو بارەیەوە لە شاری پاوەوە ئاراستەی کاکە ناصرم کرد، کە لە شاری سنە بوو، ئەویش بە نامەیەك وەڵامی دامەوە و نووسی بووی: (... من لەگەڵ ئەوەی خەریکی یارمەتی

برایانی مەکتەبی قورئانم و هاوکارییان دەکەم؛ بەڵام من مەحسوب نیم لە گەڵ ئەواندا و، هەدەفی من نزیك خستنەوەی (برایان) و (مەکتەب)ە...).

کاك مەنصور دەڵێ: بەداخەوە لە بەر وەزعی سیاسی ئەو نامەیەم سوتاند.[1] لە راستیدا ئەم مەسەلەیە تا ڕادەیەك ئیحراجاتی بۆ سەرکردە و ڕێکخستنەکانی برایانیش و مەکتەبی قورئانیش دروست کرد بوو، چونکە برایان - وەك بزووتنەوەیەکی نهێنی - نەدەکرا لە هەر کۆڕ و کۆبونەوەیەکدا ئەو ڕاستی یە ڕوون بکەنەوە. برایانی مەکتەبیش بە هەمان هۆ و لە بەر هەندێ مەسەلەی تر - کە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەبوو - نەیاندەویست لە هەموو ئاست و ناوەندەکانیخۆیاندا، حەقیقەتی ئەو حاڵەتە بخەنە ڕوو. بۆیە لەو سەردەمە ناسك و هەستیارەدا کە پرسیاری زۆر لەو بارەوە دەورووژێنرا - چ لە لایەن خەڵکی بە گشتی، چ لە لایەن دۆستانی مەکتەبی قورئانەوە - ئەو نهێنی یە لە بازنەی چەند برایەکی سەرکردایەتی مەکتەبی قورئاندا، بە داخراوی مایەوە.

سەبارەت بەم حاڵەتە، دواتر کاتێ کە کاك ئەحمەد لە زینداندا دیدار ئەکرا، کەسێك بە کاك ئەحمەدی وتبوو: (کاك ناصر هەندێ لە برادەران ئەدزێ و ئەیان خاتە ریزەکانی برایان.) کاك ئەحمەد - بە ڕەحمەت بێ - زۆر لە هێنان و بردنی ئەو قسەو ڕستەیە تووڕە بووبوو وتبوی: (جا، کاکە ناصر، نەفەر ئەدزێ چی لێ ئەکات ؟ چی لەوە باشترە کە وەکو خۆیانی لێ بکا..؟)[2]

---

[1] لە یاداشتنامەیەکی تایبەتی کاك مەنصوری سوبحانی، برای مامۆستا ناصر، وەرگیراوە.

[2] لە دیداری یەکێ لەو کەسایەتیانەی شاری جوانرۆ، کە بیرەوەریی تایبەتی لەگەڵ کاك ئەحمەد و کاك ناصر هەیە و لە ١٣٧٥/٥/١٢ ی هەتاوی (١٩٩٧ز)، تۆمار کراوە.

کۆچ کردن بۆ شاری کرماشان:

مامۆستا ناصر، پاش تێپەڕاندنی ئەو چەند ساڵە، لەبەر هەندێ هۆی ئاسایشی، شاری سنە ی بەجێ هێشت و ڕووی کردە شاری کرماشان و لە گەڕەکێکی شەعبی بە ناوی (حیکمەت ئاباد) نیشتەجێ بوو، لەوێش دووبارە دەستی کردەوە بە وانە ووتنەوە و وەڵامی پرسیاری لاوان و خەڵکانی زانستخواز، کە لە شارە جۆراو جۆرەکانی کوردستانەوە و، شارە سوننی نشینەکانی خۆرهەلات و باکور و باشوری ئێرانەوە، وەك بەندەر عەباس و بەندەرەکانی ترو ناوچەی بەلوجستان و تالش و خۆراسانەوە، سەردانیان ئەکرد.

بەشێ لە کاتەکانی خۆیشی تەرخان کرد بوو بۆ نوســین و تەحقیقاتی زانستی. زۆرێ لە بەرهەمە بە بایەخ و گرنگ و زانستیەکانی تایبەتن بەو چەند مانگەی شاری کرماشان (ســالی ١٩٨٧بۆ ١٩٨٩).

لە شاری کرماشان، لەبەر ئەوەی دەرنەکەوێ و نەکەوێتە بەر چاوی بەرپرسانی میری ـ کە تا ئەو کاتەش هەر بە دوایدا دەگەڕان ـ ناچار بوو بوو کە شوێنی وانە وتنەوەی لە ماڵەوە بگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی تر لە شاردا، تا ماڵەکەی نەناسرێ، بۆیە بە تاقی تەنیا و بەیانیان زوو؛ سواری پاسکیلێ، دەبوو کە بۆی تەرخان کرا بوو، دەڕۆیشت بۆ شوێنی کۆبونەوەی قوتابیەکانی..

پاش ماوەیەك هاوکارانی پاسکیلەکەیان بۆ گۆڕی بە ماتۆڕێکی غازی، کە زۆر جیاوازیی نەبوو لە پێشوەکە، ئەوەندە نەبێ کە تۆزێ خێراتر دەگەیشتە شوێنی وانە وتنەوەکەی. زۆربەی کاتیش تا شەو لە شوێنی وانە وتنەوەکە دەمایەوە و شەو دەگەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی.

لەو هەل و مەرجەدا و، لەو کەش و هەوا ی غەریبی و بێ ناز و ڕێزیەدا و، دوور لە کەس و کار و ناوچە و خزمانیخۆی؛ توانی چەند بەرهەمێکی زۆر بە بایەخ بخاتە سەر خەرمانی هەوڵی زانا هەرەگەورەکانی مێژووی ئیسلام؛ لەوانە:

١ـ كتێبی(الامامة و الولاية) كه به هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی نوسیویەتی و، بە یەكێ لە نوسراوە هەرە بایەخدار و گرنگەكان دەژمێردرێ لەبواری سیستمی سیاسی ئیسلامدا و، لە روانگەی بەلگە قورئانیەكانەوە جەدەلیەتی مەسەلەی ئیمامەت و عیصمەت چارەسەر دەكات.

٢ـ (مجموعة فتاوی) كە ڕاو بۆچون و ڕونكردنەوەی خۆیەتی لەسەر گرنگترین مەسەلە فیكریيەكان و حوكمی هەندێ مەسەلە كە جێی ڕاوڕای جیاوازی زانایانی ئیسلامن لە كۆن و نوێدا.

٣ـ پوختەیەكی خێرا لە تەفســـیری قورئان تا سورەتی یوسف بە زمانی فارسی كە دوا بۆچونەكانی خۆی تێدایە.

٤ـ (مذكرة في علوم الحديث) كە یاداشتنامەیەكی زانستیی زۆر بە نرخە و ئاراستەی (مجمع السنة النبوية) ی كردوە كە دكتۆر یوسف القرضاوی سەرپەرشتی دەكات.

٥ـ (متن تلخيص التهذيب) كە كورتكراوەی (تهذيب مدارج السالكين)ە، شاكارە زیندووەكەی زانای گەورەی ئیسلام، (ابن القيم) كە نوسەری ناودار محمد احمد الراشد كورتی كردۆتەوە.

٦ـ كورتكردنەوەی كتێبی دانسقەی (الاعتصام) ی پێشەوا شاطبی، كە بایەخدارترین كتێبە لەسەر مەسەلەی (بدعه) و جۆرەكانی و حوكمەكانی.

سەردانی بەندەرەكانی ئێران:

پاش چەند مانگێك لە دەرس وتنەوە و نوسین و كۆبونەوەی چڕوپڕ لەگەڵ دۆست و هاوكارانی؛ بۆ جارێكی تر لەبەر دیدار لەگەڵ دۆستانیو, هەندێكیشی لەبەر لایەنی ئاسایشی و خۆ بزركردن لە دەسەڵاتداران، سەفەرێكی كرد بۆ بەندەرەكانی خواروی ئێران و بۆ ماوەی پێنج مانگ لە شارەكانی بەندەر عەباس و دەورووبەری مایەوە. لەوێش ژمارەیەكی زۆر دۆست و زانستخوازانی بینی و، مەلا و فەقێ و قوتابیانی زانكۆ، چین چین دەچوونەلای و لە خزمەتیدا بەهرەمەند دەبوون. هەر لەو ماوەیەدا دەیان كاسێتی زانستی گرنگی بە زمانەكانی عەرەبی و فارسی و كوردی تۆمار كردوە، لەسەر بابەتە عیلمیەكانی خوێندنگا شەرعیەكان و، تەفسیری قورئان و، بابەتە فیكری و ڕەوشتیەكان، كە سوپاس بۆ خوا هەموو پارێزراون و لەبەردەستی قوتابی و دۆستانیدان.

بەشی سێیەم

پانۆرامای بەسەرهاتی گرتن و شەهیدکردنی مامۆستا ناصر

- کات و شوێن و شێوەی دەسگیرکردنی
- هەوڵی بێ وچانی کەس وکاری و دۆستانی بۆ ئازاد کردنی
- نامەی خێزانی بۆ ڕابەری ئێران و بەرپرسان
- پروپاگەندەی شەهیدکردنی
- دیدار لەگەڵ داواکاری گشتی ئێران و چەندین بەرپرسی دی
- هەوڵی کەسایەتی و لایەنە ئیسلامیيە جیهانیيەکان
- سەردانی زانایانی کوردستان لە تاران و دیدار لەگەڵ بەرپرسان
- ڕۆژانی پرسە و سەرەخۆشی
- سەبارەت بە گواستنەوەی تەرمی ماسۆستا و وەصیەتنامەکەی
- کاردانەوەی هەواڵی شەهیدبوونی لە ڕۆژنامە ئێرانی و بیانیيەکاندا
- نامەی زانایانی کوردستان بە ڕابەری ئێران و بەرپرسانی دەوڵەت
- نامەی خێزانی شەهیدانی شۆڕش بۆ ڕابەری ئێران

کات و شوێن و شێوەی دەسگیرکردنی مامۆستا ناصر:

بەڕێز مامۆستا ناصر بەیاوەری دۆستێکی و خێزانی هەردووکیان، بە ئوتومبێلێك، ڕۆژی ١٣٦٨/٣/١٤ ی هەتاوی، ٤/ حوزەیرانی/١٩٨٩ سەردانی شاری سنەی کرد، بەمەبەستی دیدار لەگەڵ دۆست و هاوکارانی لەو شارە و، خۆحەشاردانێکی تر لە دەزگا موخابەراتی‌یەکانی شاری کرماشان کە چاودێری یان خستبوە سەر، بڕیار بوو پاش چەند ڕۆژێك و دوای تەواوکردنی دیدار لەگەڵ براو خوشکانی لە شاری سنە، سەردانی دۆستانی لەشاری مەریوان بکات..

لەو چەند ڕۆژەی مانەوەیدا لە شاری سنە، چەندین دیدار و کۆبونەوەی لەگەڵ دۆست و هاوکارانی سازکرد، بەداخەوە لەبەرکەم تەرخەمی هەندێ لە دۆستانی لەمەحکەم کردنی جۆر وجێ و کاتی کۆبونەوەکان و، جۆری تەرتیبکردنی دیدارەکان و زۆریی ئەو کەسانەی سەردانی جێی کۆبونەوەکە یان دەکرد، دەزگای موخابەراتی ئێران پێی زانی و شەوی ١٣٦٨/٣/١٨ ی هەتاوی ١٩٨٩/٦/٨ ی زایینی هەڵیان کوتایە سەر ئەو ماڵەی تێیدا بوو.[1]

کاتێ هەڵیان کوتایە سەرئەوماڵە، خاوەن ماڵەکە(کاك فاروق) زۆرجەختی کردەوە کە لەجێی مامۆستا ناصر خۆی دەسگیر بکەن و، ئامادەی لەئەستۆگرتنی هەموو بەرپرسیارێتی‌یەکە، بەڵام ڕازی نەبوون و وتیان ئێمە فرمانی گرتنی (ناصری سوبحانی) مان پێیە.

هێزە چەکدارەکان ـ کە ئەو کۆڵان و ناوچەیەیان تەنیبوو ـ زۆربەلەیان بوو، مامۆستا ناصریش داوای کرد کە نوێژی عیشا(دوا نوێژێ کە لە ماڵەوە کردی)، لەگەڵ خێزانی بەجەماعەت بکات.. ئەوانیش پێیان عەیب بوو داوای وا ڕەت بکەنەوە،

---

[1] مەبەست ماڵی کاك فاروقی فەرسادە، کەیەکێ لەدڵسۆزانی‌دێرینی مامۆستا ناصر و، قوتابی و هاوکارانی خەباتگێڕی کاك ئەحمەدی مفتی زادە بوو، ئەویش دواتر لەلایەن دەزگا موخابەراتیەکانەوە دوور خرایەوە بۆشاری ئەردەبیل و دواتر لەهەلومەرجێکی تەمومژاویدا تیرۆرکرا دۆستانی، موخابەراتیان تۆمەتبارکرد بە شەهیدکردنی.

مامۆستا نوێژێکی بەخشوعی بەجەماعەت کرد بۆ خێزانی وخاوەن ماڵەکە، بەدەنگێکی ئارام و کاریگەر و زۆر خۆش، سورەتی (البروج) ی لەرکاتێکدا خوێند. ویستی چماقبەدەستان تێگەیەنێ کە مێژووی بڕواداران لەگەڵ نەیارانیان دوبارە دەبێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمجارە لەقاڵب و شێوەیەکی‌تردا.. بەڵێ مامۆستا ناصر بەتەنها ڕاپێچ کرا. تکای خاوەن ماڵ و نیگای پڕ لەماناو گوزارشتی ژن و کچە ساواکانی، کاری نەکردە سەر چەك بەدەستانی دیلی بڕیاری سەرتری خۆیان..

لەو کاتەوە هەوڵی جۆراوجۆر لەرێی بنەماڵە وخزم و دۆستانیەوە دەستی پێ کرد، بەڵام سەیر ئەوە بوو هیچ دەزگایەکی ڕەسمی نەدەچوە ژێر لە ئەستۆگرتنی بڕیاری دەستگیرکردنی. هەرلەئێستەوە پێویستە بزانین کە تا ڕۆژی شەهید کردنی - واتە بەدرێژایی‌زیاتر لە٩مانگ - بۆیەکجاریش مۆڵەتی چاوپێکەوتن نەدرا بەخێزان و کەس و کاری، یان هەرکەسێکی تری دۆست و ناسیاوی، سەرەڕای چەندین هەوڵ و تەقەلای جۆراوجۆری ناوخۆیی و دەرەکی لەگەڵ بەرپرسان و دادگا و دەزگا پەیوەندیدارەکان..ئەمەش بەلای هەمووچاودێران و دۆست و کەس و کار یەوە بەڵگەی ئەوە بوو کە هەر لەڕۆژانی یەکەمی دەستگیرکرانیەوە خراوەتە ژێرئەشکەنجەو ئازاردانی زۆر، وەگەر نا دەکرا دوای ئەو هەموو هەوڵە- کەلەئاستە باڵاکانیشدا دەدرا - بۆجارێکیش بێت بەئامادەبون و چاودێری پیاوانی دەوڵەت, دیدارێکی بۆساز بکرێ لەگەڵ کەس وکاری.

پاش هەوڵێکی زۆری هەمەلایەنە، هەر لە شاری سنەوە تا تاران، ناچاربوون کەدان بنێن بەوەدا دەسگیرکراوە.. بۆیە هەموو ڕۆژێکی چوارشەمە باوکی و براکەی و خێزان و کەس و کاری لەپاوەوە ئەورێیەیان دەبڕی - کەزیاتر لە ٢٥٠ کیلۆ مەترە - ئەچونە شاری سنە بەنیازی دیدار، چونکە هەرجارە بەڵێنیان دەدا بۆ هەفتەی داهاتوو، بەڵام بۆ جارێکیش ڕاستیان نەکرد..

ئەم حاڵەی کەس وکار و دۆستانی شەش مانگی خایاند، لەدەورووبەری مانگی دوانزەی ١٣٦٨ (ئازاری١٩٩٠) دا، تۆمارێکی فراوان کەدەیان زاناو وتارخوێن و

مامۆستای ناوداری کوردستان ئیمزایان کردبوو، لەلایەن وەفدێکی بیست کەسی زانایانەوە، درایە دەستی (حاکم شرع) و (داواکاری گشتی ئینقلاب) لەسنە. لەو تۆمارەدا زانایان داوایان کردبوو کەدەست بەجێ مامۆستا ناصر ئازاد بکرێ، یان بەلای کەمەوە مۆڵەتی چاوپێکەوتنی کەس و کاری بدرێ..

سەرەنجام لەژێر ئەو فشارەدا جێگری داواکاری گشتی ئاگاداری کردنەوە کەرۆژی چوارشەمەی هەمان هەفتە مۆڵەتی چاوپێکەوتن بۆ کەسوکاری ساز بکەن، بەتایبەتی باوکی و براکەی.. بەو بەڵێنە شادیی کەوتە ناو دۆست و کەسوکاری، چونکە وایان نەدەزانی کەداواکاری گشتی و باڵاترین بەرپرسی قەزایی لەبەردەم بیست زاناو کەسایەتیدا درۆیان لە گەڵ بکات...

باوکی و براکەی لەکاتی دیاریکراودا چوونە ســـنە، بەڵام بەرپرسان نەچونە ژێر ئەوە کە بەڵێنی وایان دابێ..کاك مەنصوری برای دەڵێ: دوای مشت و مڕ و هەوڵێکی زۆر خۆم گەیاندە لای جێگری داواکاری گشتی و تێم گەیاند کە بە هیچ جۆرێك مۆڵەت نادەن و لەبەڵێنەکەی ئێوە پاشگەز بونەتەوە. زۆرم لێ کرد کەمۆڵەتنامەیەکی ڕەسمی بنوسێ و پسوڵەیەکم بداتێ. ئەویش پسوڵەیەکی دامێ، کە ئەمەی تێدا نووسرابوو:

((بۆ زیندانی(اطلاعات):

مۆڵەت دەدرێ بەسازدانی دیدارێك بۆ زیندانی (ناصری سوبحانی) لەگەڵ باوکی و مەنصوری برای، بۆ ماوەی ١٠ دەقیقە، بەئامادەبوونی مەئموری دەوڵەتی)).

داواکاری گشتی ئەمەی نوسی و مۆرو ئیمزای کرد، بەخێرایی چومە دەرەوەو مۆڵەتنامەکەم پێشانی خاڵم دا، کە لە دەرەوە چاوەڕێم بوو..من ناڕەحەت بووم، تێگەیشتم کەهەموو قسەو بەڵێنەکانیان درۆن. خاڵم ووتی: بۆ وا خەفەتبارو ناڕەحەتی، خۆتۆ مۆڵەتنامەت وەرگرتوە ؟ وتم: لەم ماوەی ڕابردووەدا دڵنیابووم کە درۆ دەکەن، وانازانم بێڵن دیدار لەگەڵ کاکە ناصر بکەین، سەرەڕای مۆڵەت و مۆر و ئیمزا...

بەدەم قسەوە چوینەوە بۆلای زیندانەکە ـ کەباوکم لەوێ چاوەڕێی دەکرد ـ، پێکەوە مۆڵەتنامەکەی داواکاری گشتیمان خستە ڕوو، بەڵام مۆڵەتیان نەداین. وتیان: ئەوزیندانییە نابێ ببینرێ، بینینی یاساغە. وتمان: ئەم نوسلوبە چیە؟

ئەی کوا یاسا ؟ کوا مافی خەڵکی ؟ ئێوە چۆن ئەتوانن ڕێز لە نوسراوی ڕەسمی داواکاری گشتی خۆتان نەگرن؟

دوای لەسەر چونێکی زۆر و کۆڵنەدانی ئێمە، بەرپرسی زیندان ناچار بوو بڵێ: حەزئەکەن ڕاستیەکەتان پێبڵێم ؟ وتمان بەڵێ، ئێمە هەرچی ببێ حەز ئەکەین ڕاستییەکەی بزانین. وتی: سوێند بەخوا، هەر ئەو داواکاری گشتییە کە خۆی پسوڵەی داونەتێ، وتی: مۆڵەتیان مەدەرێ !! وتمان: سبحان الله، پێغەمبەری خوا (ρ) ڕاستی فەرمووە کە دە فەرموێ:

﴿آية المنافق ثلاث، إذا حدث كذب، وإذا وعد أخلف، وإذ اؤتمن خان﴾..

بەهەر حاڵ نەك هەر ئەو جارە، دەیان جاری ترو بەچەندین شێوازی جۆراو جۆر، هەوڵیان دا بۆ دیدارێکی کورت، بۆ هەواڵێکی مامۆستا ناصر، بەڵام بەداخەوە نائومێد یان کردن. کاك مەنصوری برای شەهید ناصر دەڵێ:

لەمانگی ١٣٦٨/١٠ ی هەتاوی (کانونی دووەمی ١٩٩٠) دا، سەردانی بەرپرسی (شوعبەی یەکی داواکارێتی گشتی) م کرد لە شاری سنە و، داوای دیدارێکم کرد لەگەڵ شەهیدی برام. بەڵام وتی: ئەو زیندانییەی ئێوە گوێزراوەتەوە بۆ تاران، بۆ موحاکەمەی کۆتایی، بۆیە ئەبێ ئێوە موراجەعەی بەرپرسانی تاران بکەن. ئێمەش داوای ناونیشانی تارانمان کرد، تا بزانین بچینە کوێ و لایکێ ؟ بەڵام هیچ ناونیشان و ژمارە تەلەفونێکی نەداینێ و بەتوڕەیی لە ژوورەکەی کردینیە دەرەوە، ئێمەش بە دڵشکاوی گەڕاینەوە پاوە و، هەواڵەکەمان گەیاندە کەس و کار و دۆستان.

کاك مەنصور لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ:

دواتر هەوڵەکانمان بەشێوازێکی تر درێژەپێدا، سەردانی تارانمان کرد، هەوڵی دۆزینەوەی شوێنی تازەی شەهیدمان دا، بەڵام بەداخەوە زۆرماندوو بووین، سەرەڕای

چەندین هەواڵی جۆراوجۆر لە ئاستە باڵاکاندا، ئەگەر بڕواو متمانەمان بەخوای گەورەو، ئەرکی مەسئولیەتی بەدواداچوون نەبوایە، ئەگەر ڕەحمیخوا نەبوایە کەنایەڵێ موسڵمان نائومێد ببێ، ئەگەر ڕازی بوون بە ئیرادەی خوا نەبوایە ـ کەهەرچی موصیبەتە لەئاستیا ئاسان دەبێ ـ؛ دڵمان ئەتەقی و ئەعصابمان شەق دەبوو، لەئاکامی ئەو هەموو ماندووبوون و درۆ وپەیمان شکاندنانەی کە هاتنە ڕێمان.

لە دەوروبەری مانگی مایس و حوزەیرانی ساڵی ١٩٩١دا دەنگ و باسی شەهید کرانی وەك پڕوپاگەندە بڵاوبوەوە. بۆیەڕۆژی ١٣٦٩/٣/١٢ هـ (حوزەیرانی ١٩٩١ز) بەناوی خێزانی مامۆستا ناصرەوە نوسراوێك ئاڕاستەی دەستەی لێکۆڵینەوەی پارێزگاری کرماشان کرا تیایدا هاتبوو:

(دەستەی بەڕێزی لێکۆڵینەوە) !

لە ١٣٦٨/٣/١٨وە جەنابی کاك ناصری سوبحانی لە شاری سنە گیراوە.. چەندین مانگە هەواڵی نازانین و، بەڵێن و دەسی دەسی و ئەمسەر و ئەوسەرمان پێ کراوە، ئێمەیان سەرگەردان کردووە. تەنانەت بۆ دیدارێکی ١٠ دەقیقەیش مۆڵەتیان نەداوە. ئێستە ١٢ مانگ بەسەر ئەو دەستگیرییەدا تێ دەپەڕێ. تا ئێستە نازانین لەپشتی دەرگا داخراوەکانەوە چی لەو پیاوە دەکرێ و، بەچ تاوانێکی وەك خوێنی گورگ لەسەر کراسی یوسف، تاوانبار دەکرێ و بڕیاری بۆ دەردەکرێ.

لەم بۆنەیەدا کەنزیکی جەژنی ڕەمەزانە، ئێمەی خانەوادەی ناوبرا و، لە کاتێکدا چاوەڕێی ڕەحمێکی ئێوەین بۆئازاد کردنی، کەچی بەداخەوە لەلایەن دەزگای (إطلاعات)ە وە پڕوپاگەندەی شەهیدکردنی بەگوێماندا دەدرێ.

دەستەی بەڕێز! ئێستە پرسیاری ئێمە ئەمەیە: ئایا دەسگیرکردن و شاردنەوەی کەسێك و مۆڵەت نەدان بەدیداری و سەرگەردان کردنی خێزان و کەسوکاری بۆ ماوەی ساڵێك، جگە لەوەش بڵاوکردنەوەی هەواڵی شەهید کردنی بۆ ماوەی چل ڕۆژ ـ بەبێ سەلماندن، یا بەدرۆخستنەوە ـ ئایا ئەم کارانە پێچەوانەی هەرچی ئادابی شەرعی وئینسانی و یاسایی نین ؟ ئایا وەڵام نەدانەوەی چەندین نامەو داواو تکا و ڕجای ئەم

خێزانە بۆ تەنها هەواڵێکی ڕاست و دروست، پێچەوانەی عەدالەتی ئیسلامی نیە؟ ئێمە داوا لە بەڕێزتان دەکەین: یا دیدارێك، یا تەلەفونێك لەگەڵ ناوبرا و ساز بکرێ، جێی سوپاس وپێزانینە..)

بەداخەوە ئەم نوسراوەش هیچ کاریگەریەکی نەبوو.

یەکێ لە هەوڵەکانی تر ئەوە بوو کە کاك مەنصوری برای مامۆستا، بەناوی خێزانەکەیەوە، ڕۆژی (١٣٦٩/٣/١٣ حوزەیرانی ١٩٩١)، نامەیەکی ڕاستەوخۆی ئاڕاستەی ڕابەری گشتی ئێران (آیة الله خامەنەئی کرد)، کەتیایدا دەڵێ:

« بەڕێز جەنابی ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران

پاش ڕێزو سڵاو، دوای ئەوەی جەنابت لە ڕێی بروسکەی جۆراوجۆرەوە ئاگادار کرایت لە دەستگیرکردنی برامان جەنابی مامۆستا ناصری سوبحانی، وا بۆ دوازدە مانگی تەواو دەچێت ستەمی لێ دەکرێ و لەزیندانێکی نادیاردا ژیان بەسەردەبا. مەسەلەی لێخۆش بوون و ئازادکردنیش بۆ جەنابتان ئاسانە و، لێبوردنی گشتیش بەهۆی ساڵڕۆژی وەفاتی ڕابەری شۆڕشی ئێران ئیمام خومەینی لەئارادایە، هیوادارین بەسۆزێکی ڕابەریانە فەرمانی ئازادکردنی بۆ دەربکەیت..

کۆتایی نوسراومان بەئایەتی (واخفض جناحك للمؤمنين) دێنین ».

دیارە ئەم نوسراوە ڕاستەوخۆ گەیەنرایە دیوانی ڕابەری، بەلاّم ئەمیش وەك هەموو هەوڵەکانی تر بێ ئاکام مایەوە و بێ وەلاّم هێڵرایەوە..

گەیاندنی هەواڵی ڕەسمی شەهیدکردنی:

لەگۆڕانکاری یەکی ناکاودا ڕۆژی ۲۸/ڕەمەزانی/۱٤۱۰ ك، بەرامبەر ۱۹۹۰/٤/۲۳ زایینی بەرپرسێك لە داواکاریی گشتی شۆڕشە وە لە سنە پەیوەندی کرد بە ماڵی مامۆستای شەهیدەوە لە گوندی دوریسان, داوای کرد کە مە نصوری برای لە سنە ئامادەبێ, ئەویش ڕۆژی دوایی ـ ئاخر ڕۆژی ڕەمەزانی۱٤۱۰ـ گەیشتە شاری سنە و، سەردانی نوسینگەی شوعبەیەکی کرد, بەڵام هەموو بەرپرسەکان ئینکاریەیان کرد کە تەلەفۆنی وا کرا بێ! هەروەها نەچوونە ژێر ئەوە کە هیچ دەربارەی مامۆستا ناصر بزانن. ئەمەش بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی کە نازانن بە چ جۆرێك هەواڵەکە ڕابگەیەنن.

کاك مەنصوری برای دەڵێ: دوای لە سەرچوونێکی زۆر کە وەسف ناکرێ، وتیان: ناصری سوبحانی دوا مەحکەمەی ماوە چونکە مەلەفەکەی ترسناکە. وتمان: گوێمان لێنیە, مەلەفی هەرچی هەیە. ئێمە تەنها هەواڵێکمان ئەوێ دەربارەی, لە کوێیەو حاڵی چۆنە؟

وتیان: سەردانی بەشی (جێبەجێ کردنی ئەحکام) بکەن. ئێمەش سەردانمان کرد, بەڵام بەرپرسی ئەو شوێنەش ڕازی نەبوو قسەمان لەگەڵ بکات, منیش لە بەردەم دەرگاکەیدا ماوەیەکی زۆر وەستام و هەرچی هەوڵی دا و زۆری بۆ هێنام نەچوومە دەرەوە، سەرەنجام بەزۆر و پاڵنان کردینیانە دەرەوە. لەڕاستیدا لە ناوچاوی ئەو خیانەتکارانەدا ئەوەم دەخوێنەوە کە هەموو شتێك دەربارەی کاکە ناصر دەزانن, بەڵام نایانەوێ پێمان بڵێن..

مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێ ئەو ڕۆژە چەندە ناڕەحەت بووین, نەك لەبەر حاڵی ئێمە لەگەڵ مامۆستا ناصر و دەنگ وباسی ئەو, بەڵکو لەبەر مامەڵەی ئەو جۆرە کەسانە کە هەرچی ڕەوشت و شێوازی ئینسانی یە تیایاندا نەمان ئەدی. ساکارترین ڕەوشتی ئینسانی ـ چ جای ئیسلامی ـ مان بەدی نەئەکرد، هەموو گیانیان درۆو فێڵ و

وەعدە خلاف و دەسی دەسی کردن و دوو ڕوویی بوو, بەڕادەیەك کەس نایەتە خەیاڵی.

سەرەنجام عەریزەیەکی دوورو درێژم نوسی, پڕم کرد لە داوا و، تکاو, گلەیی و, هەرچی گوزەرا بوو تیایدا نوسیم.وتم بە سکرتێرەکەی داواکاری گشتی کە بیداتە دەستی, ووتی: داواکاریی گشتی لە کۆبوونەوەدایە. ووتم ئەمە بەلای منەوە گرنگ نیە, منیش وەك ئێوە بەشەرم, من بە ڕۆژووم و زۆر ماندووم، لەدوورەوە هاتووم و هیلاك بووم.. سکرتێرەکە ناچار بوو عەریزەکە ببات بۆ داواکاریی گشتی. دوایی پێیان ووتم سەردانی شوعبەی چوار بکە دەربارەی براکەت هەواڵێکت دەست دەکەوێت..

دواتر تێگەشتم شوعبەی چوار، هەمان بەشی (جێبەجێ کردنی ئەحکام) ە کەهەر ئەوڕۆژە سێ جاری تر موراجەعەم کردبوو، بەڵام بەناچاری ئەمجارەش سەرم دایەوە لە هەمان ئەو بەرپرسەی کەپێشتر و هەر بەیانی ئەو ڕۆژە پێی وتم: ئاگامان لە تەلەفۆنی وا نیە و، هیچ دەربارەی برای تۆ نازانین، ئەمجارە وتی: بەڵێ تەلەفۆنەکەی کە بۆ ماڵی ئێوە کرابوو، لەم شوعبەیەوە کرا، کەمێ چاوەڕێ بکە تا بەرپرسی شوعبەی تەحقیقات دێت، ئەو ئاگای لەدرێژەیباسەکەیە.

کاتی دەوام تەواو بوون نێزیك بووەوە، منیش بێهودە چاوەڕێم ئەکرد، کارمەندەکان یەکەیەکە دەرچون و تەنها من مامەوە، لەناکاو گوێم لەدەنگێك بوو وتی: (ئاغای کەدخودایی! ئاغای مەنصوری سوبحانی لە بەیانیەوە چاوەڕێی تۆیە..) ئەم پیاوە چوارشانەیەکی خوێن تاڵ بوو، هەموو کەس لەبینینی بێزار بوو، بردمیە بەردەم ژوورێکی داخراو، لێرەوە بەشێکی تری فلیمەکە دەستی پێکرد، چونکە پێی وتم:.کلیلی ئەم ژورەیان وون کردووە، منیش نهێنی ئەم سیناریۆ یەم نەزانی. دوای هاتوچۆ و مقۆمقۆیەکی زۆری نێوان خۆیان، بردمیانە ژوورێکی تر، کە چوینەژورەوە دەرگاکەی بەکراوەیی هێشتەوە، هەستام دەرگاکەم داخست، دووبارە هەستاو دەرگاکەی کردەوە، وتی: با دەرگاکە کراوە بێت..

بەینێ بەسەر مێزەکەو چەکمەجە و ناو کاغەزەکاندا گەڕاو وتی: نوسراوەکە دیار نیيە !.. پاشان هاوکارەکانی هاتن و کاغەزێکیان لەسەر مێزەکەپێدا و، هەندێ پرسیاری لێ کردم دەربارەی جۆری نزیکی من لەمامۆستا و، ڕادەی پەیوەندیمان.. لەڕاستیدا لەقسەکانی کەوتمە گومان، بۆیە زۆر نارەحەت بووم، وتم: چ قسەیەك ئەزانی بیلێ.چی لە دەرونی پیستدایە دەری کە! بابزانی من سوپاس بۆ خوا و بەفەزڵی خواوە، بەسایەی ئەو ئیمانەوە کەدڵمی پڕکردوە، بەچاوکردن لەپێغەمبەری سەروەرمان(ρ)؛ هەرچی گرفت هەیە لەلام ئاسانەو هەر هەواڵێك هەبێت تەحەمولی ئەکەم.

من وامزانی هەواڵی حوکمی زیندانکردنێکی زۆری مامۆستا سوبحانی پێیە.چونکە ئومێدەوار بووم کە هەوڵی زانایان و جەماوەرو لایەنە ئیسلامیەکانی وولاتان و، کەسایەتیيە ناودارەکانی جیهانی ئیسلامی هاتبێتە بەرهەم و، کاری کردبێتە سەربڕیاری کاربەدەستانی ئێران.. بەڵام ئەو بەرپرسە تاوانبارە ـ کەهەشت کەس لەبەرپرسانی شوعبەی داواکاری گشتی لەدەوری وەستابوون ـ پێی وتم: ئێوە پێتان وانیە کە هەرچی ڕوودەدات بەدەست خوایە و لەخواوەیە و، هیچ بێ ویستی ئەو نابێ، ئێوە ڕازین بەبڕیاری خوا ؟ کاك مەنصوری برای مامۆستا ناصر دەڵێ:

وتم: بەڵێ بێگومان و عەقیدەمان وایە و، هەرلاوازیەك لەم مەسەلەیەدا بەلاوازی ئیمان دەزانین.

وتی: کەواتە باهەواڵێکی ناخۆشتان بدەمێ..

وتم: هەواڵ هەرچی بێ، من پەنا ئەبەم بۆ خوا و، داوای لێ ئەکەم کەپایەداریم پێ ببەخشێ و، ئیرادەم مەحکەم کات..

دواجار وتی: ناصری برات ئیعدام کراوە.!!

منیش لەبەردەم بروسکەی ئەم هەواڵە و گەورەیی ئەم کارەساتە لەسەر دڵم، خوا یارمەتی دام و، وتم: اناللە وانا الیه راجعون.. ألا لعنة الله علی الظالمین.

پاشان وتم: من لەدەزگا پیسەکانی ئێوە هیچ چاوەڕێیەکم نەئەکرد غەیری ئەم تاوانە گەورەیە..من پیرۆزبایی پلەی بەرزی شەهید بوون لەبرای موجاهیدم کاك ناصر ئەکەم، لەخوا داواکارم تۆڵە لەدوژمنە فاسیدەکانی بستێنێ.. بەر پرسەکە وتی: تۆش بەم قسانەت حەقی مردن بۆ خۆت ڕەوا دەکەی بەسە نامەوێ گوێم لەم قسانە بێت..

وتم: هەرچەند من شایان نیم شوێن پێی کاك و مامۆستای شەهیدم هەلگرم! بەلام لەخوا داواکارم بەهرەمەندم بکات بەوپلەی شەهید یەی کە بەوی بەخشی، چونکە ئەو بەئاواتی دێرینی خۆی گەیشت..

پاشان کاغەزێکی دامێ کە ئیمزای بکەم و ئەم چەند خالەی تێدا بوو:

یەکەم / بەلێن ئەدەین کەمەجلیسی تەعزیە بۆ شەهید نەگرین.

دووەم / لەسەر گۆڕەکەی ووشەی شەهید نەنوسین.

وتم: مامۆستای شەهید پلە و پایەی شەهادەتی لەگەڵ خۆی بردوە، ئێمە بەبێ پێوتنی ئێوەو، بەپەیرەوی لەبیروڕا تەوحیدیەکانی خۆی و شەرع ڕەوییەکەی خۆیو، تەوازوعەکەی خۆی، هیچ لەسەر گۆڕی نانوسین..

پاشان وەرەقەکەم هەلدا بەڕویداو، ئەویش بەتورەیی ووتی: ئەگەر ئەم کاغەزە ئیمزا نەکەی تەرمی براکەت نادەینەوە..بۆیە ناچاربووم کە ئیمزای بکەم. بەلام پاش ئەوەش وتی: سێ ڕۆژی تر وەرنەوە بۆ لاشەکەی.

من زۆر نارەحەت بووم، لەناوەوە تالاوم دەخواردەوە. دلم گوشرا بوو. زۆر ماندوو بوو بووم، بەدلێکی تەواو زامدار و خەفەتێکی زۆرەوە هاتمە دەرەوە. کەسم لەگەلدانەبوو..پەنام بردە مزگەوتێك و دەستنوێژم گرت و، نوێژی نیوەڕۆ و عەسرم پێکەوەکرد. گریانێکی زۆر یەخەی گرتم. لەخوا پاڕامەوە ئارامی و دلشادیم بداتێ. زۆر پاڕامەوە کەهەواڵەکە درۆ بێت..لەگەرمەی نزا و دوعاو پاڕانەوەدابووم، لاوێك هاتە ناو مزگەوتەکە و سەلامی لێ کردم و وتی: جەنابت مامۆستا ناصریت؟ واپێ دەچو ئەو گەنجە هەوالی گیرانی مامۆستا ناصری نەبیستبێ. منیش هەندێ شتم لەمامۆستا

دەچوو، وتم: ئەخێرمن برای ئەوم و مامۆستا چەند مانگێکە گیراوە، ئیشی چیت پێ ی هەیە؟ وتی: هەندێ گرفتی فکریم هەبوو، حەزم ئەکرد مامۆستا ناصر ببینم پاشان عوزی هێنایەوە و ڕۆشـت.

دوای ئەوە ڕاستەو خۆ گەڕامەوە بۆ کرماشان، هەواڵەکەم گەیاندە کەسوکار وخزم ودۆستانی مامۆستا و، ئەو چەند مامۆستایەی کاری بەدواداچونی مەسەلەکەیان لەئەستۆ گرتبوو.

هەمان ڕۆژ پەیوەندی و بەشوێندا چونی مەسەلەکە دەستی پێ کرد. پەیوەندی بەوکەسانەوە ـ لەبەرپرسانی ڕژێم ـ کرا کە دەناسران و پێشتر قسەیان لەگەڵ کرا بوو. یەکێك لە بەرپرسان لەشاری کرماشان وتی: مەقاماتی ڕەسمیی شاری سنە، وا دەرئەخەن هیچ لەو هەواڵە نازانن. تەنانەت یەکێکیان وتبوی: (سوبحانی) هیچ تاوانێکی نەکردوە تا ئیعدام بکرێ..

دوبارە جۆرە دڵخۆشیەیەك ڕووی تێ کردینەوە.. گەڕاینەوە بۆ پاوە، دیسان و یەکسەر تۆمارێکمان کردەوە و زاناو کەسایەتیەکانی ناوچەکە ئیمزایان کرد، تیایدا داوای ئازادکردنی مامۆستا کرابوو.. لەسەرێکی ترەوە جەماوەری ناوچەکە نامەو ناڕەزایەتنامەی زۆریان ئاڕاستەی بەرپرسان و پەرلەمانتارانی ناوچەکە لە ئەنجومەنی شورای ئێران کرد.

لەگەرمەی ئەم هەوڵانەدا دوبارە هەواڵی ڕاستیی شەهید بوونی کاکم درایەوە بەگوێماندا.. بۆیە بەدڵی شکاوو تاساوەوە چووین بۆ وەرگرتنی تەرمەکەی لە شاری سنە. شایانی باسە خەڵکێکی زۆر لە شارەکانیپاوەو کرماشان و جوانڕۆ و ڕوانسەرو سنەو کامیاران و شارەکانی ترەوە, خۆیان ئامادەکردبوو بۆ مەراسیمی بە خاك سپاردنی تەرمی مامۆستای شەهید.. بەڵام دووبارە زنجیرەی درۆو دەسی دەسی پێ کردن دەستی پێ کردەوە, ئەو ڕۆژە جەنازەکەیان نەداینەوە, دیاربوو لە کاردانەوەی مەراسیمەکە زۆر دەترسان. دەمە قاڵەیەکی زۆر لەنێوان ئێمەو بەرپرسانی داواکاری گشتی سنەدا ڕووی دا. ناچار سەردانی دادوەری گشتیمان کرد ,کە لە درێژایی ئەو

چەند مانگەشدا یەك جوملەی ڕاستمان لێ نەبیستبوو ئەوەندە هەبوو ئەمجارە پێی وتین: هەواڵی ئیعدام کردنی سوبحانی ڕاستە. ئێوە بڕۆن بۆ شاری قورروە[1], لەوێ جەنازەکە وەرگرنەوە. وتمان: وەسیەتنامەی شەهیدمان بدەنێ چونکە دڵنیابووین کەوەسیەتنامەی نوسیوە.وتیان: پێیوتراوە کە وەسیەتنامە بنوسێ،بەڵام وەسیەتنامەی نەنوسیوە و, وتویەتی: من پێویستم بەنوسینی وەسیەتنامە نیە.

ئێمەش زانیمان ئەوە درۆیە, چونکە دڵنیابووین کە وەسیەتنامەیەکی گشتگیر و درێژی نوسیوە و, ئامۆژگاری و یاداوەری زۆری بۆ کەسوکاری و موسڵمانان بەگشتی تێدا نوسیوە. بەهەرحاڵ ئەو تاوانبارانە غەیری جلوبەرگەکانی و قورئانە بچوکەکەی بەریاخەڵی و ١٢٨ تمەن هیچی تریان نەداینەوە.

پاشان چووین بۆ شاری قورروە و, داوای جەنازەکەمان کرد لە داواکاری گشتی. وتی: من هیچ لەم باسە نازانم و هەواڵی ئیعدامکردنی کەسێکی وام نەبیستوە.. زۆر هەوڵمان دا, بێ ئاکام بوو.. سەرەنجام گەڕاینەوە بۆ ماڵی خۆمان لە پاوە و بێ هیوا بووین. لە شارو ناوچەکەی خۆمان خەڵکێکی زۆر چاوەڕێی ئاپۆرەی تەرمی شەهید بوون.

ڕۆژیی دوایی دوبارە لەگەڵ ژمارەیەکیتر لەخزمان و دۆستان گەڕاینەوە بۆ شاری سنەو داستانی درۆ و دەلەسەی ڕۆژی پێشومان دایەوە بەناوچاوی بەرپرسانی ئەو شارەدا. ئەوانیش ناچار بوون ڕازی دڵیان بدرکێنن. وتیان: ڕاستیەکەی ئەوەیە ئێوە دژی ڕژێم پیلان ئەگێڕن, وەگەرنا دانەوەی تەرمی مردوویەك ئەو هەموو بەزمەی ناوێ. بۆیە وتیان: بائەم حەشامە بگەڕێتەوە, ڕۆژی دوایی تەنها دوو کەس بەئوتومبیلێکەوە بنێرن, تەرمەکەتان دەدەینەوە.

ئێمەش بۆ بیانوو بڕینیان وامان کرد, من و ١٤ کەس هاتینەوە و, ئەوان لە کەنارێکەوە وەستان و خۆم و دووکەس چوینەوە لایان. بۆ چەندەمین جار دەسی و درۆ و دەلەسە دەستی پێکردەوە. وتیان: ئێمە جەنازە تەسلیم بە ئێوە ناکەینەوە, ئێوە نیازتان خراپە. بە هەر حاڵ, ئەم دوا خستن و دەست بڕینە وای لێ کردین دوبارە

---

[1] قورروە, شارێکە نزیکەی ١٣٠کم لە سنەوە دوورە.

گومانی ئەوەمان بۆ دروست ببێتەوە کە مامۆستا ناصر شەهید نەکراوەو، ئەیانەوێ بەم شێوەیە ڕادەی کاریگەری و کاردانەوەی هەواڵەکە بزانن و، ئەگەر بزانن بە ئاسایی بەسەریاندا دەڕوا، شەهیدی بکەن.

هەوڵی کەسایەتی و لایەنە ئیسلامییە جیهانییەکان:

تا ئەو کاتە هەندێ بەرپرس لە هەندێ دەزگای حکومی دا هەواڵی ئیعدام کردنەکەیان بەدرۆ دەخستەوە. تەسلیم نەکردنەوەی جەنازەکەش ئەو گومانەی بەهێزتر کرد لە زیهنی کەس وکارو دۆستانیدا. بۆیە دوبارە بیرۆکەی هەوڵدان و دەنگ هەڵبڕین سەری هەڵدایەوە. لەم میانەیەدا هەوڵەکان چڕ بوونەوە بۆ گوشارخستنە سەر دەسەلاّتدارانی ئێران کە ئەگەر حوکم دراوە حوکمەکەی سووك بکرێ و، ئەگەر بڕیاری ئیعدام دراوە هەڵی وەشێننەوە.

لەو لایەنە بەرچاوانەی کە پێشتر و تا ئەو کاتەش قسەیان لەگەڵ بەرپرسانی ئێران و سەفارەت و نوێنەرانی ئێران کرد، ئەکرێ ئاماژە بکەین بە: کۆمەڵی (إخوان المسلمین) ی میسری و، سەرکردەی بزووتنەوە فەلەستینی و لوبنانییەکان و، سەرکردایەتی (الجماعة الاسلامیة) ی پاکستان و، سەرکردەکانی شۆڕشی ئەفغانی و، چەندین زاناو کەسایەتی ئیسلامی لە وڵاتانی پاکستان و میصر و ئوردون و وڵاتانی خلیجی و ئەورووپی. ئەمانە بە نامەو نارەزایەتنامە و بروسکەی جۆراوجۆر داوایان کرد لە حکومەتی ئێران کەمامۆستا ناصر ئازاد بکات و، ئەگەر حوکمی توندیش دراوە بەشکو حوکمەکە دابەزێنرێ. تەنانەت لە هەندێ وڵاتەوە لەلایەن بزاڤە ئیسلامی یەکانەوە گوشار خرایە سەر سەفیرەکانی ئێران کە سەفەری تایبەت بۆ ئەو مەسەلەیە بکەن.

مانگێك ئەم هەوڵانە درێژەی هەبوو، لەکاتێکدا هەموو ئەهلی سوننەتی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لە حاڵەتێکی ناڕەحەتی و دوو دڵیدا بوون، نەك تەنها لەبەر هەواڵی شەهید کردنەکە، بەڵکو لەبەر ئەو هەموو درۆ و دەلەسەو دەستبڕییەی لەم پانۆراما کورتکراوەدا خستمانە ڕوو.

دیدار لەگەڵ بەرپرسی دەزگای (قضائی) و (داواکاری گشتی ئێران):

لەبەشێ لەهەوڵە ناوخۆکاندا نزیکەی سی کەسایەتی ناودار و زانای ناوچە جیاجیاکانی ئەهلی سونەتی ئێران، سەردانی بەرپرسی دەزگای قضائی ئەو کاتە (مقتدائی) و، داواکاری گشتی ئەوکاتەی ئێران (رەی شەهری) یان کرد، لە تارانی پایتەخت.

سەرەتا سەردانی (مقتدائی) یان کرد، دەربارەی ئەو کێشەیە ئاگاداریان کرد. باسی ناعەدالەتی و گوێ نەدان بەمافی خەڵکی ئەهلی سوننەتیان بۆ کرد. باسی کاردانەوەی خراپی ئەو هەواڵەیان کرد لەسەر وەزع و ئەمنیەتی ناوچەکە.

ئەویش ئینکاری کردو وتی: ئاگام لەم هەواڵ و ڕوداوە نیە ! پاشان بەڵێنیدا کەلەچەند ڕۆژێکدا هەواڵیان بداتێ..

چەند ڕۆژەکە گەیشتە بیست ڕۆژ و وەڵامی نەدایەوە. بۆیە هەمان دەستە لەزانایان و کەسایەتیەکان ناچاربوون سەردانی (رەی شەهری) بکەن. یەکێ لەزانایان بە ناوی وەفدەکەوە باسی گەورەیی و پایەبەرزی مامۆستا ناصری کرد، کەچۆن خزمەتی بە ئیسلام کردوەو، لەسەرەتای شۆڕشی ئێراندا دژی ڕژێمی شا خەباتی کردوە و پشتگیری ئینقلاب بوە و، کەسایەتیەکی نەرم و میانەڕەو بوە و، دژی جموجۆڵی چەکدارانە بەڕووی شۆڕشدا ـ کەلەناوچەی هەورامان و دەوروبەری پەیدابوو بوو ـ وەستاوە و، هانی لاوانی داوە کە شێوە خەباتی دایەلۆکی و ئاشتیانە بگرنە پێش. هەروەها ئەو زانایە ئاماژەی بەوەش کرد کە شەهیدکردنی مامۆستا ناصر ئەبێتە مایەی بێزاریی خەڵکی ئێران، بەتایبەتی ناوچە سونییەکان و، هیچ خزمەتێك بەڕژێمی کۆماری ئیسلامی ناکات.

(ڕەی شەهری) لەوەڵامدا وتی:

(ڕاستە ئاغای سوبحانی چەکی دژی ئێمە هەڵنەگرتوە، بەڵام بەقەڵەمەکەی درێغی نەکردوە دژی ئێمە. ئەو، تاکە کەسێکە کە لەسەرەتای دامەزراندنی حکومەتی ئێمەوە سەرسەختانە دژمان وەستاوەو، بەجورئەتەوە داکۆکی لەعەقیدە و بۆچونی خۆی کردوە. بۆ نمونە: ئێمە دوای پێشەوا مەعصومەکانمان کەسێ شك نابەین جگە لە ئیمام خومەینی، بەڵام ئاغای سوبحانی چەندین بەڵگەی هێناوەتەوە بۆ کافرکردنیو، بەگومڕا ناوی دەبات..)

لەکۆتاییدا بەئوسلوبێکی ناشایستە وتی: (بۆیەپێتان ڕائەگەیەنم کەمن بۆ خۆم موحاکەمەم کرد! خۆشم حوکمی ئیعدامم دەرهەقی دەرکرد! بە ڕاشکاویش پێتان ئەڵێم: هەرکەس وەکو ئەو بیر بکاتەوە ــ تەنانەت ئێوەی ئەندامانی ئەم وەفدەش ــ یا هەرکەسی تر لە ئێراندا وەك سوبحانی بیر بکاتەوە، حوکمی ئیعدامی هەیە و شایانی لەناوبردنە، ئەگەر دە هەزار کەسی واش هەبێت..!! ئێمە بەرژەوەندی ڕژێمی ئێرانمان مەبەستە. ئێمە بایەخێکی ئەوتۆ بەمەسەلە مەزهەبییەکە نادەین. ئێوە دژی ڕژێم دەجولێن ئێوە تۆمار و ناڕەزایەتنامە دژی ئێمە پڕئەکەنەوەو بڵاوی ئەکەنەوە..)

ئەم شێوازە پڕ لە سوکایەتی و بێ ئەدەبیەیە، وای کرد یەکێ لەئەندامانی وەفدەکە بڵێ:

(ئاغای (ڕەی شەهری) ! ڕاشکاوانە پێت ئەڵێم: ئاغای سوبحانی هەمان بۆچونی ئەهلی سوننەتی هەبوو. هەموو سوننیەیەك وەك ئەو بیر ئەکەنەوە. مامۆستا سوبحانی شتێکی ئەوتوە زیاتر لەوەی ئەهلی سوننەت بڕوای پێیەتی..)

سەرەنجام دۆخی مەجلیسەکە شێوا. وەفدەکە داوای تسلیم کردنەوەی جەنازەکەیان کرد.(ڕەی شەهری) بەڕقێکی ڕەشەوە وتی: بچن سەردانی داواکاری

گشتی (سنه)بکەن. من ئاگاداریان ئەکەمەوە کەڕاستیەکانتان پێ بڵێن، باسی وەرگرتنەوەی جەنازەکە مەکەن، چونکە شتی وا هەرگیز نابێت و ناگونجێت !..[1]

بەوجۆرە ئەو وەفدە بەڕێزە هاتنە دەرەوە. زمانیان نەئەهاتە گۆ، زمانیحاڵیان شکاتی حاڵی ستەملێکراوانیان بە بارەگای عەدلی خوایی دەگەیاند.. ئەبێ چەندین کەس ئاوا بێ سەروشوێن بکرێن و کەس نەوێرێ لە گۆشەی گوندێکیشدا بەدوای هەواڵیاندا بچێ؟ ئەمە حاڵی دەیان کەسایەتی و زانا و پیاوماقوڵی ئێرانە، کەدەستیان دەگاتە بەرپرسانی یەکەمی(دەزگای قضائی)و بڕیار بەدەست،وای بەحاڵی مەزڵوماتی ترو دەست کورت و بێ کەسان..؟!

سەردانەوە لە داواکاری گشتی ســنە:

لە درێژەی هەوڵە بێ هودە و ناکامەکاندا، بەیانی ڕۆژی دوایی، وەفدێك سەردانی داواکاری گشتی سنە (نیکونام) ی کرد. کاك مەنصوری برای شەهید دەڵێ:

بە ڕقێکەوە سەیری کردم و وتی: (ها، ئاغای سوبحانی ! سەری تارانیشتان دا، ئاغای رەی شەهریشتان بینی، جگە لەوەی ئێمە پێمان گوتن، هیچی تریپێ وتن ؟ ئێوە تۆماری ئیمزاکرا و پڕ ئەکەنەوە و سوکایەتی بە (مقدسات) ی ئێمە ئەکەن. دڵنیابن ئێمە بەو ئاسانی یە لێتان خۆش نابین، نەلەئێوە، نە لەوانە ش کە ئەو تۆمارە درێژەیان ئیمزا کردوە.. ئەو پڕوپاگەندەیەش کە بڵاوتان کردۆتەوە گوایە (ناصری سوبحانی) مان لەگۆڕستانی دوژمنانی ئینقلابدا ناشتووە ڕاست نییە، چونکە ئێمە ئەومان بەموسڵمان و زانایەکی پایە بەرز زانیوە. ئێمە بەمەراسیم و تەشریفاتی ئیسلامیی کفن و دفنمان کردوە و نوێژی جەنازەی لەسەر کراوە و، لەگۆڕستانی (گوڵزاری شەهیدان) نێژراوە، دوعای (اللهم إن كان محسنا فزد فی إحسانه..) بەسەرداخوێندراوە. سەبارەت بەوەش کە ئەو چەکدار نەبووە و دژایەتی ڕژێمی نەکردوە، ڕاستە، بەڵام قەڵەمەکەی چەکێکی گەرم بوو دژی ئێمە. مەگەر ئێوە نازانن

---

[1] دەقی ئەم لێدوان و قسەو بەسەرهاتە لە کۆنوسێکی تایبەتی وەفدی ناوبراوە وە وەرگیراوە.

ئەم برادەرەی ئێوە (ناصری سوبحانی) چی پێ کردوین؟ تەنها نامەیەکی باس ئەکەم کە بە ناوی (زیندان لە ئێران) دا نوسیویەتی و، ناردویەتی بۆ زیاتر لە ٥٠٠(پێنج سەد) لە بیریار و زانای گەورەی جیهانی ئیسلامی و، تیایدا ئابڕوی بۆ جمهوری ئیسلامی ئێران نەهێشتۆتەوە ...لەبەر ئەم شتانە حوکمی لەسێدارە دانی درا. بۆیە داوا لە ئێوەش ئەکەین واز بێنن لە دژایەتی ڕژێم. بەنیسبەت تەرمەکەشیەوە ئێمە تەسلیمتان ناکەینەوە, تا وەزعی ناوچەکە ئالۆز نەبێ, ئێمە لەوەش دڵنیا بووین کە دانیشتووانی شاری سنە تەرمەکەیان لە دەستی ئێوە ئەفڕاند, تا لێرە بینێژن و ئاژاوە دژی حکرمەت بەرپا ببێ.

پاش ئەم قسانە داواکاری گشتی ووتی: ئێستا بچن بۆ شوعبەی چوار, لەوێ چەند فەرمانبەرێك لەگەڵتان دێن و گۆڕی (ناصر) تان لە شاری قورووە پیشان ئەدەن.

کاك مەنصوری برای شەهید ناصر دەڵێ: ئێمەش چوینە شوێنی ناوبراو, بەڵام ووتیان: ئێمە هەقمان نیەو کەستان لەگەڵ نانێرین. ئێمەش تکاو ڕجای زۆرمان کرد؛ سەرەنجام وتیان: ئێوە بڕۆن, ئێمە کەسێك ئەنێرین بۆ قورووە, لەوێ لای داواکاری گشتی شاری قورووە ئەتان بینێ و لەگەڵتان دێ بۆ سەر گۆڕەکە.. بەهەرحاڵێ بوو ئێمە چوینە قورووە و لەوێ چاوەڕێمان کرد, سەرەنجام کەسێك هات و لەگەڵی چوینە گۆڕستان و گۆڕێکیان نیشان داین, ووتی: ئەمە گۆڕی ئاغای سوبحانی یە.

ئێمە بە گومان بووین لەڕاستی قسەکە, ووتمان چۆن بڕوا بکەین ئەمە گۆڕی ئەوە ؟ ووتی: من مەئمورم و هەر ئەوەندەم پێ ووتراوە. پاش دوو ڕۆژ هاتینەوە, بڕیارمان دا بە هەر حاڵێك بووە ئەبێ گۆڕەکە هەڵدەینەوە و دڵنیا ببین.جا، لەکاتێکا ئێمە لە دەوری گۆڕەکە بووین دوو پاسەوانی گۆڕستانەکە هاتن و لیستێکی ناوی مردووە تازە نێژراوەکانیان پێ بوو. لێمان نزیك بونەوە و لێیان پرسین: ئێوە چی ئەکەن لێرەو چیتان ئەوێ ؟ ووتمان لەقەبری مردوویەکمان ئەگەڕێین و وا گومان ئەبەین ئەمە بێ. ووتیان: ناوی چیە ؟ ئێمەش دوودڵ بووین ناوی بدەین بە وان. بۆیە پرسیمان: ئەو لیستە چیە؟ یەکێکیان ووتی: ناوی مردووی ئەم گۆڕستانەیە, بەڵام ناوی ئەم خاوەن قەبرەی تێدا نیە. ئەم قەبرە ئاسایی نیە, ڕۆژێك پێش جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ (ساڵی ١٣٦٩ ی

هەتاوی)، چەند فەرمانبەرێکی شارەوانی لەگەڵ چەند بەرپرسێکی بەشی داواکاریی گشتی هاتنە ئێرە و چوار تەرمیان پێ بوو. بەپەلە داوایان لە ئێمە کرد گۆڕێکی ئامادەیان پیشان بدەین, سەرەنجام ئەم گۆڕە خاڵیەمان پیشان دان و, زۆر بەپەلە یەکێ لە چوار تەرمەکەیان داگرت و خستیانە ئەم گۆڕەوە. منیش وتم: بێ زەحمەت ناو و ناونیشان و(مشخصات) ی ئەم کەسەم بدەنێ؛ تا لە لیستەکەدا بینووسم. یەکێکیان بەتوڕەیی پێی وتم: تۆحەقت بەسەر ئەم خاوەن قەبرەوە نەبێ. لەوکاتەدا من ئەو مەئمورەم نەئەناسی. فەرمانبەرێکی شارەوانی بەگوێمدا چپاندی؛ وتی: هەقت نەبێ ئەم جەنازەیە هی پیاوێکی زۆر گەورە و گرنگە.من هەستم کرد مەسئولەکان لەم جەنازەیە ئەترسان. من بۆ خۆم ئەم پیاوەم شت و هەستم کرد پیاوێکی موبارەکە.

پاسەوانەکە پاش ئەم قسانە وتی: دوای کفنی ئەم کەسەی ئێوە، مەسئولەکان سێ تەرمەکەی تریان برد بۆ ناو گۆڕستانی دژە شۆڕشەکان کەپێی دەڵێن: (گۆڕستانی کوفر ئاوا). ئیتر ئێمە هیچی تر لەم قەبرە نازانین.

کاك مەنصور لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: دوای ئەمەش هەر دوو دڵ بووین..بۆیە هەوڵماندا کەیارمەتیمان بدەن و گۆڕەکە هەڵبدەینەوە, بەڵام ئەوان زۆر دەترسان.بۆماوەی دوو مانگ لەگەڵیان خەریك بووین، سەرەنجام کە چاودێریی سیخوڕان لەسەر گۆڕ و گۆڕستانەکە کەم بوەوە قەناعەتیان کرد و گۆڕەکە..ن هەڵدایەوە.

کاك مەنصوری برای شەهید دەڵێ: خۆم چومە ناو گۆڕەکە و کفنەکەم کردەوە، دەم و چاوی کاکی گەورەم و مامۆستای ئازیزمم بینی. هەرچەند زیاتر لەسێ مانگ بەسەر شەهید بونیدا تێپەڕی بوو؛ بەڵام وەك خەوتوو وابوو. دەم و چاوی تەڕو پاراو بوو.لاشەی بەخۆی نەزانی بوو.. لەوکاتەدا دڵنیا بووم لەشەهید بوونی. ئەوەشمان بۆ دەرکەوت کە ئەو ستەمکارانە هەندێ ماددەی کیمیاییبیان بەلاشەکەیدا کردبوو. هەروەها ئاسەواری ئەشکەنجە و ئازاردانمان لەلاشە و سەر و دەموچاویدا بینی.

بەم جۆرە هەواڵی دڵنیا بوون لەشەهید بونی مامۆستا ناصر بڵاوبوەوە. دوای ئەوەی کە دەرکەوت نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ؛ (بەقەدەر مانەوەی ئاسایی لەڕەحمی دایکدا)، لەزینداندا ماوەتەوە و، جۆرەها ئەشکەنجەدراوە، چ لەدەزگای موخابەراتی (سنە)، چ لەزیندانی

داواكاری گشتی (سنه)، چ لەزیندانی گەورەی (ئەوین) لە تاران. هەروەها لەسەر دەستی لیژنەی هاویەش لەتاران لە ١٢/٢٨ ئەسفەندی /١٣٦٨ بەرامبەر ١٩٩٠/٣/١٨ ئەوەش مەعلوم بوو كە لەلایەن داواكاریی گشتی شاری سنەوە بە خنكاندن شەهید كرابوو.(١)

گێڕانەوەی ئەم پانۆراما پڕ لە تاڵاوەمان بەپێویست زانی.. تا بۆ هەموو لا دەركەوێ كاتێ ستەمكاریی بەڕەوا زانرا و دادپەروەریی لە ئارادا نەبوو، كاتێ یاسا تەنها وتەی سەر كاغەز بوو؛ چۆن هەموو ڕەوشتە ناپەسەند و بێزراوەكان دەبنە ئاكاری ڕۆژانەی كاربەدەستان و، درۆ و بێ وەعدی و سوێندی ناهەق و بێ ئەدەبی و بێ ڕێزی و، پێشێلكردنی هەموومافە ڕەواكانی هاووڵاتی، دەبێتە دیاردەیەكی ئاسایی و، هیچ پێز و ڕێزێ بۆ یاساو دەستور و بەهاكان نامێنێتەوە و، فەساد و گەندەڵیش سەرتاخواری دەزگا حكومیەكان دەگرێتەوە.

ڕۆژانی پرسە و سەرەخۆشی:

هەرچەند بەرپرسان زۆر هەوڵیاندا كەبۆنەی پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەی مامۆستا نەبێتە فرسەتی خۆپێشاندان و، دەربڕینی ناڕەزایی دژی ئەوكارە؛ بەڵام كۆڕی پرسەی خوالێخۆش بوو چەندین ڕۆژی خایاند و، لەسەرتاسەری شارەكانی ئێرانەوە ئەهاتنە پرسەكە و، دەزگاكانی ئاسایش بۆیان كۆنترۆڵ نەكرا.. زۆربەی كاتەكانیش، بە وتار و بابەتی تایبەت بەكەسایەتی و باسی ئاكارە بەرزەكانی مامۆستا دەبرایە سەر، بەتایبەتی لەلایەن ئەو مامۆستا و هاوەڵانەیەوە كە لەشارەكانی ترەوە دەهاتن. كەس و كارو دۆستانی شەهیدیش زۆر هەوڵیان دەدا كە خەڵكەكە هێور بكەنەوە و، حاڵەتی توند و تیژی ڕوو نەداو ئاسایشی ناوچەكە نەشێوێ و، بڕو بیانوو نەدرێ بە دەست مەسئول و كار بەدەستانەوە بۆ دەستگیر كردنی لاوان و دۆست و لایەنگرانی مامۆستای ڕەحمەتی.

---

[1] ئەم زانیاری یانە لە دەقی یاداشتنامەی كاك مەنصوری سوبحانی برای شەهید سوبحانی، ڕاستەوخۆ وەرگیراون.

هەندێ زانیاری دەربارەی دوا ڕۆژەکانی شەهید بوونی:

پاش هێور بوونەوەی وەزعی گشتی خێزان و بنەماڵە و دۆستانی، کەم کەم لەڕێی هەندێ وردە بەرپرسی دەزگاکانی(اطلاعات) و دەزگای (قضائی) و بەرپرسانی ترەوە، چەند وردە زانیارییەك دەربارەی ڕۆژانی کۆتایی ژیانی مامۆستا ناصر کەوتە دەستی دۆستانی، کەئەمە هەندێ لەو زانیاریانەن:

ڕۆژی ١٣٦٨/١٠/٢٥ هەتاوی، بەرامبەر ١٩٩٠/١/١٥، مامۆستا ناصری سوبحانی لەزیندانی گەورەی (ئەوین) ەوە لە تارانی پایتەخت گوێزراوەتەوە بۆ گرتوخانەی سیاسی شاری (سنە) و، بۆماوەی ١٠ ڕۆژ هێڵراوەتەوە. دواتر ڕوژی ١٣٦٨/١١/٦، بەرامبەر ١٩٩٠/١/٢٦ براوەتەوە بۆ زیندانی (ئەوین) لە تاران و بۆ ماوەی (١٥)پانزە ڕۆژ هێڵراوەتەوە. بۆ جارێکی تر لە ١٣٦٨/١١/٢٢ واتە لە ١٩٩٠/٢/١٢ هێنراوەتەوە بۆ گرتوخانەی سنەو بۆ ماوەی مانگێکی تەواو خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوە و مەحکەمەکردنی بەردەوام. سەرەنجام لە١٣٦٨/١٢/٢ (١٩٩٠/٣/١٦)، لەکاتژمێر هەشت و چارەکی شەودا بەبیانوی گواستنەوەی بۆ زیندانی (کرماشان)، ئەیبەن بۆ دادگای (سـنە). لەوێ کە دەبینێ درۆیان لەگەڵ کردوە، پێیان دەڵێ: بۆ درۆم لەگەڵ ئەکەن ؟ بۆڕاستیەکەتان پێ نەوتم ؟ لەوێ سەرێشەیەکی زۆری بۆ دروست دەکەن و جۆرەها ئازاری دەرونی و جەستەیی دەدەن، تاڕازی ببێ کەپەشیمان نامەیەك بنوسێو تەسلیمیان ببێ.. ئەویش بە هیچ جۆرێك وەڵامیان ناداتەوە. دواجار پێی دەڵێن:" تۆحوکمی لە سێ دارەدانت دراوە، ئەگەر تۆ بە نامە و پەشیماننامەیەك بنوسی، حوکمەکەت سوك دەکرێ. بەپێی قسەی یەکێ لە بەرپرسان کە لەوێ ئامادە بووە، مامۆستا لە وەڵامدا وتویەتی: جاچی باشترە لەم خێر و بەرەکەتە کەخوا بە نسیبی منی کردبێ.. "

بەهەرحاڵ، پاش هەوڵێکی زۆر لەگەڵی، چاوی دەبەستن و ئەیبەنە شوێنی تایبەتی لەسێدارەدان. لەوێ (خبیب) ئاسا و بەهیمەتێکی بەرزەوە و سەربەرزانە

ڕادەوەستێ و داوایان لێ دەکا کە مۆڵەتی پێ بدەن نوێژی عیشا بکات.. ئەوانیش مۆڵەتی دەدەن و، نوێژێکی خۆی ئاسایی دەکات. پاشان داوایان لێ دەکا مۆڵەتی بدەن نوێژی (اوابین) بکات، بەڵام مۆڵەتی نادەن و ئەیبەنە سەر سەکۆی لەسێدارەدان.لەوێشدا بۆ جارێکی تر داوای لێ دەکەن کەپەشیمانی دەربڕێ، تا حوکمەکەی بۆ سووك بکەن. ئەویش باسێکی ئیمانیان بۆ دەکات دەربارەی (قەزاو قەدەر) و پێیان دەڵێ:

(ئەگەر من بۆ ڕزگارکردنی خۆم لە هەڵوێستەکانم پەشیمان بمەوەو, ئێوە ڕازی بکەم و, ئێوەش ئازادم بکەن, پاش دەرچوونم لە زیندان, لەسەر ئەو جادەیە ئوتومبیلێك بمکات بە ژێرەوە و یەکسەر لەناو بچم, فەرقی ئەو دوو مردنە چی یە بە لاتانەوە ؟ جا بۆچی بەڕەغبەت و شەوقیخۆم ئەم یەکەیان هەڵنەبژێرم کە مردنە لەڕێیخوادا ؟ کە لەڕاستیدا مردنیش نیە و دەستکەوتنی ژیانی هەمیشەیی لەگەڵدایە؟!)

پاش ئەم قسانە بەدەنگی بەرز شایەتومانی خوێندەوەو ووتی: کاری خۆتان بکەن و, ڕووی کردە چەند کەسێك لەوانەی کە ئامادەی ئەو مەراسیمە بوون و فەرموی:(وەصیەتتان بۆ دەکەم کە بەرەوخوا بگەڕێنەوە. تۆبە بکەن, لە گوناهەکانتان پەشیمان ببنەوە، چونکە ژیانی دونیا کورتە و مردن لە هەموو کەس نزیکە, غەیری کردەوەی چاکیش هیچ شتێ فریای ئینسان ناکەوێ.)[1]

بەو جۆرە لەو سات و ڕۆژەدا، شەوی ٢٧ لەسەر ٢٨ ی/١٢/١٣٦٨ هـ (١٦ لەسەر ١٧ی/٣/١٩٩٠ن) مامۆستا ناصر شەهید کرا و، گیانی پاك و سەری بەرزی بەرەو کاروانی شەهیدانی ڕێی سەربەرزیی گەڕایەوە.. دوای ئەوەی کە ٣٨ ساڵ و نۆ مانگی پڕ بەرەکەتی لە ژیانی بردەسەر و، نەیانهێشت تەمەنی بگاتە چل ساڵی و ئەو مەراسیمە قورئانی یە جێبەجێ بکات، کە زۆر بە زەوق و تاسەو شەوقەوە خۆی بۆ

---

[1] لەدەقی نوسراوێکی تایبەتی بنەماڵەی ڕەحمەتی وەرگیراوە.

ئامادە کردبوو. مەراسیمی خوێندنی ئەو دوعا و نزایانەی کە لەم ئایەتانەدا ئاماژەیان پێ کراوە:

(ووصينا الانسان بوالِدَيْهِ إحسانا، حَمَلَتْهُ أُمه كُرْها وَوَضَعَتْهُ كُرْها، وحَمْلُهُ وفِصاله ثلاثون شهرا، حتى إذا بَلَغَ أشُدَه وبَلَغ اربعينَ سنة قالَ: ربِ اَوزِعْني اَنْ اَشْكُرَ نعمتك التي اَنْعَمتَ عليَ وعلى والِديَ، واَنْ اَعملَ صالحا ترضاه، واَصْلِحْ لي في ذريتي، اني تُبْتُ اليك وإني من المسلمين. اولئك الذين نَتَقَبَلُ عنهم اَحسَنَ ما عَمِلوا، ونَتجاوزُ عن سيئاتهم في اصحاب الجنة، وَعْدَ الصِدقِ الذي كانوا يوعَدون) (الاحقاف ١٥-١٦).

هەواڵی شەهید بوونیشی پاش (٣٧) ڕۆژ گەیشتە کەس و کارو دۆستانیەوە پێیە مامۆستای ڕەحمەتی نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ لەزینداندا مایەوە، بەڕادەی مانەوەی لەڕەحمی دایکیدا.چونکە لە ١٣٦٨/٣/١٨ بۆ ١٣٦٨/١٢/٢٨ زیندان بوو. واتە لە١٩٨٩/٦/٨ بۆ ١٩٩٠/٣/١٧ ی..

سەبارەت بەوەصیەتنامەی مامۆستا ناصر:

بەپێی ئەو زانیاریيانەی دەستی کەس و کار و دۆستانی مامۆستا ناصر کەوتووە, هەروەها بەپێی دان پێدانانی چەند کار بەدەست و فەرمانبەرێکی دەزگاکانی حکومەتی ئێران, واپێ دەچێ مامۆستا ناصر وەصیەتنامەیەکی دوورو درێژی نوسیبێ. بەڵام کاربەدەستان ملیان نەدا بەوەی تەسلیمی بکەنەوە, هەرچەند هەوڵی زۆر درا بۆ تەسلیم کردنەوەی وەصیەتنامەکە چونکە بەپێی یاساو عورفەکان مافێکی ئاسایی هەر مەحکومێکیشە.. جگە لەوەش ئەو ژمارە زۆرە نوسراو و کتێب وکاسێتەی دەنگی مامۆستا خۆی، کەلە کاتی دەسگیرکردنیدا بردیان؛ ئەوانەشیان تەسلیم نەکردەوە. لەوانە دەفتەرێکی گەورە کە مامۆستا دوا سەرنجی خۆی لە سەر هەندێ مەسەلەی زانستی و بۆچوونی قورئانی تۆمار کردبوو, لەگەڵ نوسخەیەك لە کتێبی (الامامة والولاية) بەعەرەبی و فارسی و, کتێبی (مختصر الاعتصام) ی (شاطبی) و, کتێبی (مجموعة الفتاوى) و(مذكرة في مصطلحات الحديث).. خۆشبەختانە

ئەمانە هەموو وێنەی تریان هەیە؛ بەڵام ئەو دەفتەرەی دوا تێبینی یەکانی تێدا بوو, لەوە ناچێ نمونەی لێ گیرابێتەوە. بەپێی هەندێ زانیاری لە دەزگای موخابەراتی (إطلاعات) ی سنەوە دەست کەوتوون, کەسێك دانی بەوەدا ناوە کە هەموو ئەو بەرهەمانە لە حەوشەی (إطلاعات) داسوتێنراون, بۆ ئەوەی جارێکی تر دەست نەکەونەوە. واپێ دەچێ گومانی ئەوەیان کردبێ کە وێنەو نموونەی تریان لێ نەگیرابێتەوە.

مەسەلەی گواستنەوەی تەرمی خوالێخۆش بوو:

پاش دڵنیا بوون لە شەهیدبوونی مامۆستا ناصر و, دیاری کردنی گڵکۆکەی لە قەبرستانێکی شاری قوروە, بنەماڵە و دۆستانی کەوتنە بیری گواستنەوەی تەرمەکەی بۆ گوندی خۆیان, چونکە مەسافەی نێوان شاری پاوە تا شاری قوروە، مەسافەیەکی زۆرە. لەم بارەیەشەوە بەرپرسان هیچ هاوکاری یەکیان نەکردو هەرجارە بیانویەکیان دەهێنایەوە.

جارێك بیانووی ئەمنی و سیاسی یان هەبوو، گوایە مەراسیمی گواستنەوە و پرسە دەکرێتە بیانوی خۆپێشاندان دژی بەرپرسان، جارێکی تر بیانوی تاشراوی شەرعی، گوایە لای زانایانی مەزهەبی شافعی ناکرێ گۆڕ هەڵکەنرێتەوە و، مردوو بگوێزرێتەوە. بە هەرحاڵ، دۆستان و بنەماڵەی مامۆستا بۆ بیانوی یەکەم بەڵێنی تەواویان دەدا کە ریعایەتی باری ئاسایش بکەن. بۆ بیانوی دووەمیش داوای فتوایان کرد لەزانایانی ئەهلی سونەت. بۆیە ڕۆژی ۱۳٦۹/۲/۱۰ ك (۱۹۹۰/٥/۳۱) زاینی، داوای فتوایان کرد لە زانا ناودارەکانی ناوچەکە، ئەوانیش فتوایان دا کە لە حاڵەتی لەو جۆرەدا هەڵدانەوەی هەر گۆڕێك و گواستنەوەی هەر تەرمێك، زۆر ئاسایییە.. لەو زانا ناودارانەی فتواکەیان ئیمزا کرد: مامۆستا شێخ حمە سعیدی نەقشبەندی، مامۆستایانی شورای فتوای هەورامان، مامۆستا ئەحمەدی بەهرامی و چەند زانایەکی ترلە ناوچەکە.

هەر هەمان ڕۆژ نوسراوێك لەو بارەیەوە درایە نوێنەری ڕابەر لەپارێزگای کرماشان (حجة الاسلام زەرەندی) و داوای لێ کرا کە یارمەتییان بدات لەو بارەیەوە و، وەك

بەرپرس و نوێنەرێکی ڕابەر چاوەڕێی کاردانەوە بکا و، ئەرکی مەسئولیەت بگرێتە ئەستۆ. هەمان ڕۆژ دائرەی زانایانی ئەهلی سوننەتی پارێزگای کرماشانیش ، نوسراوێکیان ئاراستەی داواکاری گشتی دادگای شۆڕش کرد لە سنە ، لەو نوسراوەدا هاتبوو:

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن؛ هاوپێچ دەقی ئەو فتوایەتان بۆ دەنێرین کە لەڕێی تەلەفۆنی یەوە لەگەڵ بەڕێز نوێنەری ڕابەر و وتار خوێنی کرماشان حجە الاسلام زەرەندی باسی لێ کرا.. هیوادارین بەپێی توانا یارمەتی پێویست ئەنجام بدەن..

بێ گومان ئەم هەوڵەش بێ ئاکام مایەوە و بە هیچ جۆرێك ڕازی نەبوون بە گواستنەوەی تەرمی مامۆستای ڕەحمەتی، کەس و کاریشی ناچار کوڵیان دا لەو داوایە. بۆیە تا ئێستەش گلکۆی مامۆستا ناصر لە گۆڕستانی شاری قوروەی نزیك شاری سنە یە. خوای گەورە بە ڕەحمەتی خۆی شادی بکات و پلەی بەرز بکاتەوە.

کاردانەوەی هەواڵی شەهید بونی لەڕۆژنامەگەریی ئێرانیدا :

سەبارەت بە هەواڵی شەهید بونی مامۆستا ناصر و کاردانەوەی ئەم هەواڵە؛ شتێکی ئەوتۆ لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ناوەندە زانستی و ڕوناکبیری یە ئێرانیەکاندا بەشێوەی ئاشکرا بەدی نەکرا.. ئەویش لەبەر هەڵوێستی توندوتیژی دەوڵەت و نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین لەو ساڵانەدا. بەڵگەش ئەوەیە تا ئەم ساڵانەی دوایی و هەندێ لەو گۆڕانکاری یە ڕیفۆرمی یانە کە (محمد خاتەمی) سەرەك کۆماری پێشوو پێی هەستا؛ نەتوانرا هیچ شتێ دەربارەی کوژران و تیرۆر کردنی ئەو و سەدان کەسایەتی تری ئێران بگوترێ، کەلەسەر دەستی دەزگاکانی (اطلاعات) لەناوبران.

شتێکیش کەلەسەر مامۆستا ناصر نوسرا بێ، دەگەڕێتەوە بۆ پاش ١٠ ساڵ لەشەهید بوونی و، ئەوەندەش بایەخی زانستی و مێژوویی نیە و، تەنها بۆنمونە ستونێکی چەند دێڕیی، بەرچاوی خوێنەران دەکەوێ کە لەڕۆژنامەی (هویت خویش) لەلاپەڕە٢ی ساڵی یەکەمی ژمارە یەکەمدا، لەژێر ناونیشانی {شەهیدانی ڕێی ئازادی

تەنها نوسەران نین}، بلاو کراوەتەوە، تیایدا ئاماژە بەناوی مامۆستا ئەحمدی مفتی زادە و مامۆستا ناصر دەکا و دەڵێ:

(ستەمی دەسەڵات لەو ساڵانەی پێشوودا، ڕێی پێ نەدەداین کە هیچ بنوسین. لەم ساڵانەی دواییدا زانای گەورە ئەحمەدی موفتی زادە پاش هەشت ساڵ زیندان و شکەنجەدان ئازاد دەکرێ و پاش شەش مانگ وەفات دەکات و، کەسیش دەنگی لێ بەرز نابێتەوە..هەروەها بە چ تاوانێ مامۆستا ناصری سوبحانی پاش حەوت ساڵ دەربەدەریی دەسگیرنەکرێ و، لەژێر ئازار و شکەنجەداندا شەهید دەکرێ و کەسیش دەنگی لێ بەرز نابێتەوە ؟.. هیوادارم ڕۆژێك بێت کەهەموو بەئازادی بژین، بە ئازادی بمرین و، بیروڕاو بۆچونی ئەو جۆرە کەسانە، لەگەڵ مردنیان لە گۆڕ نەنرێت...)[1]

کاردانەوەی هەواڵی شەهید بوونی مامۆستا ناصر لەناوەندە ئیسلامیەکاندا :

دیارە هەواڵی شەهیدبوونی مامۆستا ناصر لەناوەندە ئیسلامیەکاندا دەنگدانەوەی تایبەتی خۆی هەبوو، بەتایبەتی کەپێشتر نزیکەی ساڵێك لە زینداندا مابوویەوە و، لایەن و کەسایەتی یە ئیسلامییەکان هەوڵی زۆریان دا بوو کە دەزگا بەرپرسەکانی ئێران قانع بکەن بەئازا د کردنی، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

بەهەر حاڵ کاتێ کە هەواڵی شەهید بونی بڵاوبویەوە؛ لە دوو ئاستی کاریگەردا گلەیی و کاردانەوە دەستی پێ کرد: لە ئاستی دیبلوماسی و سیاسیدا، لە چەند سەفارەتەوە ڕەخنەی زۆر گیرا لەکار بەدەستانی ئێران.. لەئاستی میدیا و ڕۆژنامەگەریی ئیسلامیشدا، چەند گۆڤارێکی پاکستانی و خەلیجی و دەرەکی، هەواڵەکەیان بە بایەخەوە، بڵاوکردەوە. هەندێ لەو گۆڤار و بڵاوکراوانەی بەر دەست کەوتوون، بریتین لە (الاصلاح)ی (اماراتی). گۆڤاری (المجتمع)ی کوەیتی. ڕۆژنامەی (دار السلام) کە لەلایەن حزبی ئیسلامی عێراقی یەوە لە لەندەن دەردەچوو. گۆڤاری

---

[1] ڕۆژنامەی (هویت خوش)، سەرنوسەر حشمت الله تبرزدی. ژمارە١، ساڵی یەکەم ١١/اردیبهشت/١٣٧٨ هـ ١٩٩٩/٤/٢٨ ز.

(هەڵەبجە) کە لەلا یەن لقی سویدی رابیتەی ئیسلامی کوردەوە، دەردەچوو. ڕۆژنامەی (یەککگرتوو) کە لە هەولێر لە لایەن یەککگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە دەردەچوو. گۆڤاری (الاعتصام) کە لە میصر دەر دەچوو. گۆڤاری (الدعوە) ی زمانحاڵی کۆمەڵی (الاخوان المسلمون) کە لەو کاتەدا لەولاتی (نەمسا) دەردەچوو. هەروەها هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤاری پاکستانی و لایەنەکانی موعارەزەی ئەفغانی کە لە نزیکەوە مامۆستا ناصریان ناسی بوو. وەك نوسراو و بەیاننامەو نارەزایەتنامە و شیعر و پەخشانیش؛ بابەتگەلێکی زۆر لەبەر دەستدان، کە دەکرێ لە نوسراوێکی تایبەتیدا بڵاوبکرێنەوە، چونکە لەبەر زۆری یان لەگەڵ ئەم ژیاننامەیەدا کۆ ناکرێتەوە.

بەشێك لەدەقی نوسراوە ناوخۆیەکان و هەوڵەکان:

لەم بەشەدا بەگرنگی دەبینین کە دەقی بەشێ لەو نامە و نوسراوانە بخەینە ڕوو کە ئاڕاستەی بەرپرسانی ئێران کران، تا ڕادەی دڵرەقی و بێسەروبەری دەزگاکانیان دەرکەوێ و، لەوێشەوە ئەو ڕاستیە بەرجەستە ببێ کە نا عەدالەتی و نا یەکسانی چ گەندەڵی و ئاشوبێکی ئیداری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست دەکات.

لەو نوسراوانە ئاماژە دەکەین بە نامەی چەندبارەی زانایان لە هەورامان و کوردستان بەگشتی. نامەی خێزانی شەهیدانی ناوچەی هەورامان. نامەی بنە-اڵەی شەهید بۆ ڕابەری ئێران. نامە بۆ فەرماندەیی قەرارگای حەمزە. نامە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی گشتی ئێران.

نامەی زانایانی کوردستان بۆ سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش:

نامەی زانایانی کوردستان بۆ سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش و، هەندێ لەشایەتیدان سەبارەت بە کەسایەتی مامۆستا ناصر:

لەبەشێکی ئەو هەوڵانەدا بۆ هەواڵ زانینی مامۆستا ناصر و هەوڵی دیدار لەگەڵ سازکردنی؛ ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی ناوداری ناوچەکانی کوردستان، تۆمارێکیان ئاراستەی سەرۆکی دادگای شۆڕش کرد لە پارێزگای کوردستان، بەڵام بەداخەوە وەڵامی ئەو هەموو زانایانەش نەدرایەوە کەژمارەیان زیاتر لە ٤٠ زانای ناوداری ناوچەکە بوو.

لەو نوسراوەدا کە ڕۆژی ١٣٦٨/٨/٤ هـ بەرامبەر (١٩٨٩/١١/١٢ز) درایە دەستی دادگا، هاتبوو:

(ئێمە زانایانی ئەهلی سوننەت بە پێی ئەرکی شەرعی خۆمان و لە بەر بەرژەوەندی ئاینی ئیسلام و ئینقلابی ئیسلامی بەپێی ئاشنایی یەك کەمەمانە لەگەڵ زانای خواناس و دڵسۆز جەنابی مامۆستا مەلا ناصری سوبحانی، کە هەر لەپێش سەرکەوتنی شۆڕشەوە، یەکەم کەس بووە لەناوچەکە چالاکی و خەباتی دەست پێکرد و، دەستی کردە هۆشیار کردنەوەی جەماوەر؛ ئاگادارتان دەکەینەوە کەنزیکەی پێنج مانگە گیراوە و هەواڵی نیەیە. بۆیە ئێمە داوای ئازادکردنی ناوبراو دەکەین، تا ئەو بەدبینییەی نێوان سوننی و شیعی لابچێ و، یەکێتی موسڵمانان پارێزراو بێ)..

شایانی باسە ئەو تۆمارە ٤٢ کەس لەگەورە زانایانی ناوچەکە ئیمزایان کردوە، لەوانە:

١- مامۆستا مەلا زاهیدی ضیائی لەپاوە.

٢- مەرحومی مەلا رەبیعی پێشەوای ئەهلی سوننە لە کرماشان.

٣- مامۆستا مەلا شێخ حمە سەعیدی نەقشبەندی لە ڕوانسەر.

٤- مامۆستا مەلا شێخ عەزیزی قەسری شیرین.

٥- مامۆستا سید جەباری جوانرۆ.

٦- مەلا عبد العزيزی قادری لە خانەگا.

٧- مەلا حەمەمینی ئیمامی لە بانەوڕێ.

٨- مەلا شێخ عەطا ی نەقشبەندی.

٩- ماموستا مەلا ئەحمەدی بەهرامی.

١٠- ماموستا (مەلا عبدالرحمن) ی پیرانی.

١١- مەلا حوسەینی دارایی لە ڕێژاو.

١٢- مەلا حوسەینی نادری لەقورە قەلا..

١٣- ماموستا (مەلا عبد المجید) ی دەولەت ئاوا.

ئەم زانا ناودارانە و چەندین زانای تر کە لە ناوچەکانی خۆیاندا ناودار و بەڕێزن، ئەو تۆمار و داواکاری یەیان ئیمزا کرد..

لێرەدا بەپێویستی دەبینم کە شایەتیی چەند کەسێ لەناودارترین ئەو زانایانە بنوسمەوە، کە لە پەراوێزی ئیمزاکانیاندا لەم نوسراوەدا، نوسیویانە..چونکە بایەخێکی مێژویی خۆی هەیە و، ئەگونجێ زۆر کەس ئاگادار نەبن، نە لە ڕادەی ناوبانگی ئەم زانایانە، نە لە ڕادەی ناوبانگی ماموستا ناصریش.

ماموستا مەلا محمدی ڕەبعیی ـ کە دواتر بەڕێزیشی لەمەل و مەرجێکی گوماناویدا لەشاری کرماشان شەهید کرا ـ لە ئاست ئیمزاکەی خۆیدا نوسیویەتی:

(من داوای ئازاد کردنی برای زاناو مولتەزیم جەنابی پایەبەرز مەلا ناصری سوبحانی دەکەم، ئەمەش داوای هەر تاکێکی موسڵمانی ئەهلی سەننەتە لەم ناوچەیە).

ماموستا مەلازاهیدی ضیائی زانا و(مدرس) ی دێرینی ناوچەی هەورامان و شاری پاوە، نوسیویەتی: (پاکی ئیمانو راستگۆییو، فراوانی زانستو، ژیریو، زیرەکی و، سووریی برایەەزیزم مەلا ناصر لەسەر پەیڕەو کردنی سوننەتی پێغەمبەر (ρ) و، دەولەمەندیی لە زانستە ئیسلامیەکاندا، ئاشکرایە. ئازادکردنی خواستەی هەر موسڵمانێکە..).

مامۆستا (مەلا مەجیدی دەوڵەت ئاوا) ش، یەکێکی ترە لەگەورە زانایانی ناوچەی ڕوانسەرو مایدەشت، نوسیویەتی:

(کاك ناصری سوبحانی لەلایەن تەحقیقاتی زانستە ئیسلامیەکانەوە، لای زانایانی ناوچەکە ناسراوە.. ئەو، عاشقی ئیسلام بوو. دینی ساغ بوو. بۆیە ئاشناکانی زۆر بێ تاقەتن و، منیش داوای بەردانی دەکەم.).

مامۆستا شێخ(حەمە سەعیدی نەقشبەندی) ش نوسیویەتی:

(داوای ئازادکردنی کەسایەتی ناودار و زانای تێکۆشەر، خواستەی منیشە).

مامۆستا مەلا حەمەمینی ناسراو بە (مەلا حەمە مینی کلاش) یش نوسیویەتی:

(ئاشکرایە مەلا ناصری سوبحانی کەسایەتیەکی زانا و شارەزا بەزانستە ئیسلامیەکان و (متقی) و تێکۆشەرە، منیش داواکارم لە بەرپرسان کە بەزووترین کات ئازادی بکەن).

مامۆستا مەلا عەزیزی قەسری شیرینیش نوسیویەتی:

(منیش شایەتی دەدەم کە ناوبراو هیچ ئامانجێکی تری نیە جگە لە بەرزکردنەوەی وشەی ئاین؛ بۆیە داوای ئازادکردنی دەکەم).

تۆماری زانایانی ئەهلی سوننەت بۆ ڕابەری ئێران (آیةالله خامەنەئی)

لەزنجیرەی ئەو هەوڵانەدا کەزانا و کەسایەتیە ئاینیەکان درێژەیان پێ دەدا، بۆ ئازادکردنی مامۆستا سوبحانی، نوسراوێك بوو کە بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانی هەمان ساڵەوە (١٩٨٩)، ئاراستەی ڕابەری ئینقلاب (آیة الله خامەنەئی) کرا و، تیایدا جەخت کرایەوە لەسەر پشتگیری داواکانی تر و، داوای لێ پێچانەوە لە هەواڵی شەهید کردنی کراوە. لە نوسراوی ناوبراودا هاتووە:

"پاش سڵاو و جەژنە پیرۆزە:

پێش یازدە مانگ، یەکێ لەزانایانی ئەهلی سوننەت لەناوچەی هەورامان ـ کە بە زوهد و خواناسی ناوبانگی دەرکردوە ـ لەلایەن بەرپرسانی دادگای شاری سنەوە گیراوە.. پاش چەندین هەوڵی جۆراو جۆر، تا ئێستا هەواڵی نیە. پێشتر تۆمار و نوسراوی تر دراوە بە بەپرسانی ناوچەکە.. لەکاتێکدا ئێمە چاوەڕێی ئازاد کردنی

بووین، بەداخەوە هەواڵی دەرکردنی حوکم دەرهەق بەو کەسایەتی یە بڵاوبۆتەوە و، نیگەرانی و بێ هیوایی لەناوچەکەدا دروست کردوە. بۆیە ئێمەی زانایانی ئەهلی سوننەت لە پارێزگای کرماشان، لەسەر ئەساسی ئەرکی ئاینی و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، خوازیارین بەڕێزتان لەو مەسەلەیە بپێچنەوە و، ئەو حوکمە سوك بکەن لەسەر ناوبراو.. "

شایانی باسە ئەم نوسراوە ش لەلایەن ناودارترین زانایانی ناوچەی هەورامان و کرماشانەوە ئیمزا کراوە، لەوانە:

مامۆستا مەلا زاهیدی پاوە. مامۆستا مەلا حەمەمینی کلاش لە جوانرۆ.مەلا سەید عبدالجباری فەرەجی. مەلا سیف الله حوسەینی. مەلا (عبدالرحمن) ی فەخری. مەلا (عبدالعزیز) یسەلیمی. مەلا (عبدالرحمن) پیرانی لەڕوانسەر. مەلا ئەحمەدی بەهرامی. مەلا محمد ئەمینی بانەوڕێ. مامۆستا شێخ حەمە سەعیدی نەقشبەندی و، چەندین زانای تری ناوچەکانی پارێزگای کرماشان..

هەوڵ و نامەی خانەوادەی شەهیدان بۆ ڕابەری ئێران:

وەك گوشاری توێژێکی تری کۆمەڵگەی کوردەواری و ناوچەکە؛ ژمارەیەك لەخێزانی شەهیدان ـ کەڕۆڵەکانیان بوو ن بە قوربانیی ئەو شۆڕشەی لە دژی شا کرا و، بەو ناکامە گەیشت ـ تۆمارێکیان لە١٣٦٩/٢/٨ هـ (١٩٩٠/٥/٢٩ز) ئاراستەی (آیة الله خامنەئی) ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران کرد و، هەمان داوای تێدا کرا بوو, کەڕابەری نوێی ئێران ڕاستەوخۆ لەو هەواڵ و حوکم و بڕیارە بکۆڵێتەوە و, دواتر هەواڵی دڵخۆشکەر بەو خێزانی شەهیدانە بدا, کە هەموویان لەبنەماڵەو کەسە نزیکەکانی جەنابی مامۆستا ناصرن.

شایانی باسە ئەو خانەوادانە پێشتر نوسراویان دابووە بەرپرسانی خۆجێی ناوچەی کرماشان، وەك: نوێنەری پاوە و هەورامانات لە مەجلیسی شورای ئێران و، وتار خوێنی مزگەوتی پاوە و سەرپەرشتی دەزگای شەهیدان لەو شارە و، بەرپرسانی

دادگا لەشاری سـنە؛ بەلام لە ڕاستیدا هیچ کام لەو دەزگا و کەسانە نەیانتوانی هیچ کارێك ئەنجام بدەن، وەك لە باسە پێشووەکاندا ڕوون بوویەوە.

هەر لەو کارانەی لەو ماوەیەدا ئەنجام دران، خێزانی مامۆستا ناصر، لە ١٣٦٨/٨/٢٢هەتاویدا، نوسراوێکی تایبەتی نارد بۆ نوێنەری ناوچەکە لە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی، باوکیشی نوسراوێکی دورو درێژی ئاراستەی سەرۆکی دەزگای (اطلاعات) کرد لەشاری سـنە و، تیایدا بەدرێژی ئاکار و ڕەوشتە بەرزەکانی مامۆستا ناصری کوڕی بۆ ناو براو باس کرد، بەو هیوایەی غیرەتێك بیگرێ و خەمێ بخوا و هەست بە مەسئولیەت هانیبدا، دیدارێکیان بۆ ساز بکات؛ بەلام بەداخەوە ئەو هەولانەش بێ ئاکام مانەوە ٠

تۆمارێکی بنەماڵە بۆ رابەری ئێران (آیة الله خامەنەئی):

لەزنجیرەیەکی تری ئەو هەولانەدا ڕۆژی ٦٩/٢/١٣ هـ (١٩٩٠/٥/٢ز) تۆمارێکی دورو درێژ لەلایەن بنەماڵەو کەس و کار و کەسایەتیەکانی ناوچەی هەورامانەوە ـ کەلەلایەن هەشتاوحەوت کەسەوە ئیمزا و پەنجە مۆر کراوە ـ درا بە ڕابەری گشتی ئێران (آیة الله خامەنەئی). لە بەشێکی ئەوتۆمارەدا هاتووە:

(جەنابی (آیة الله خامەنەئی) ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران ! وەك بەڕێزیشت ئاگاداری، لەناوچەی سنوری ئێمە کەسایەتیەکی گەورە و ناودار، ڕێی زانستی گرتبوەبەر و، کەوتە بیری بێدارکردنەوەی جەماوەر و، ڕیسوا کردنی سیاسەتی دژە ئاینی ستەمشایی، لەسەر ئەوە بەبیانووی سەربازیی دوور خرایەوە و، دواتریش چەندین جار لە وانە وتنەوەو پەیوەندی وجموجۆڵ، قەدەغەکرا. دواتر بەڕێزی بووە پێشەنگێکی شۆڕشی ئیسلامی و، پشتگیر و پشتیوان بۆ پێکهێنانی چەندین ئۆرگانی خزمەتگوزاری ئینقلابی و، بەشداریی کردن لەنوسینی ڕەشنوسی قانونی ئەساسی لە ئەنجومەنی شارەزایان (مەجلیسی خوبرەگان)، پاشان لەساڵی ١٣٥٨ وە، بەشێوەی یەکجاریی خۆی یەکلاکردەوە بۆ خزمەتی زانست، تاگەیشتە پلەی ئیجتهاد, لەزانستە ئیسلامیەکانداو، بووە مەرجەعێك بۆ موسڵمانانی ئێران و دەرەوەش. بەلام بە داخەوە

لەبەر دووریی کاربەدەستان لەجەماوەر و، تەسکبینی و کاڵفامی یان دەستگیر کراو، ماوەی پانزدە مانگە چەندین جار خزمان و زانایان سەردانی بەرپرسان دەکەن و، لەچەندین تۆمار و نوسراودا بەرائەت و بێ تاوانی ئەو پیاوە ئەخەنە بەرچاوی بەرپرسان؛ بەڵام لەبەر کینەبازیی بەرپرسانی شاری سنە بژی زانایانی ئەهلی سوننەت، بەتایبەتی نوێنەری بەڕێزتان لەپارێزگای کوردستان، هیچ ئاکامێك بەدی نەکراو، بە بێ بەڵێنی و بێڕەحمی و دڵڕەقیی و دووریی لەعەدالەتی ئیسلامی، مامەڵە کراین..

بەداخەوە لەکۆتایی مانگی ڕەمەزاندا وپاش ٤٥ ڕۆژ لەجێبەجێ کردنی حوکمی ئیعدام، وەك دیاریی جەژن ئەوهەواڵە لەناوچەکانی ئەهلیسوننەتدا بڵاو دەکەنەوە.

ئێستەش لە پاش ١٠ ڕۆژ دەسی دەسی، بەرپرسان ئامادەنین جەنازەکەمان بدەنەوە. بۆیە بەم بۆنەیەوە داوا لە بەڕێزت دەکەین کە دەست بخەرە ناو ئەم کارەو، لەگەڵ ئەگەری ڕاستبوونی هەواڵی شەهید بونی؛ کاری پێویست ئەنجام بدە و، بەرپرسانی ئەو تاوانە دەست نیشان بکە و، لەهەر کارێك کە دەکرێ ئاگاداارمان بکەرەوە..).

بێگومان ئەم هەوڵەش بێ وەڵام و بێ ئاکام بوو!

نوسراوێك بۆ فەرماندەیی قەرارگای (حمزە، سید الشهداء):

لە ١٣٦٩/٢/١٥ هـ، (١٩٩٠/٥/٤ز) بەناوی بنەماڵەو کەس وکاری شەهیدەوە نوسراوێك ئاراستەی فەرماندەیی قەرارگای حەمزە کرا ـ کەسوپایەکی بەرپرس بوو لەناوچەی کوردستان و خۆرئاوای ئێران ـ لەو نوسراوەدا بنەماڵەی مامۆستا ناصر، بەرپرسیارێتی هەر کاردانەوەیەك لەئەگەری ڕاستبوونی هەواڵی شەهیدکردنی مامۆستا ناصر؛ لەئەستۆی خۆیان لادەبەن..

لە بەشێکی ئەو نوسراوەدا هاتوە:

بەڕێز/ فەرماندەی قەرارگای حەمزە !

لەئاکامی بڵاوبونەوەی هەواڵی چاوەڕواننەکراوی شەهیدکردنی زانای ناودار و گەورەی ئەهلی سوننەت، جەنابی مەلا ناصری سوبحانی؛ وێڕای ڕیسواکردنی ئەو تاوانە گەورە و بێ پێشینەیە؛ ئاگادارتان دەکەینەوە کەئەو کارە دژ بەعەدالەتی ئیسلامەییە و چاوەڕوان نەکراوە، ئەگەر جێبەجێ کرابێ.. لەبەرئەوەی کە ئەو کەسایەتیە ناودارە، تەنها کەسێکی سەر بەخێزان و بنەماڵەی ئێمە نیە و بەس؛ بەڵکو وەك کەسایەتی ئاینی و ڕابەرێکی موسڵمانانی ئەهلی سوننەت ناسراوە و، لەلایەن جەماوەر و زانایان و پیاوماقوڵانی ناوچەکەشەوە بەچەندین جۆر و لەچەندین ڕێوە، لەگەڵ سەران و کاربەدەستان پەیوەندی کراوە و هەموولا ئاگادارن، لەبەر ئەوشتانە ئەگەر هەواڵەکە ڕاست بێ و هەر کاردانەوەیەك ڕوویدات ئێمە بەرپرسیار نین.. بۆیە هەر لە ئێستەوە ئاگادارتان ئەکەینەوە، کەئێمە تەنها لە جموجوڵ و هەڵوێستی خانەوادەی خۆمان بەرپرسیارین و بەس.. بەرپرسانی حکومەت خۆیان مەسئوولن لەهەر ڕوداو و کاردانەوەیەك کە ڕوو بدا..).

شایانی باسە وێنەیەك لەم نوسراوە درایە پارێزگاری کرماشان و فەرمانداری پاوە بۆ ئاگاداری.

نامەی زانایانی ناوچەی هەورامان بۆ ڕابەری ئێران (آیة الله خامەنەئی):

کاتێ کە هەواڵی شەهیدکرانی مامۆستا ناصر لەلایەن دەزگاکانی (اطلاعات) وە بڵاوکرایەوە، لەکۆتایی مانگی٢/١٣٦٩ (مایسی١٩٩١) دا، ژمارەیەکی زۆر لەزانایانی ناوچەیپاوە و هەورامانات، نامەیەکیان ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی ڕابەری ئێران (آیة الله خامەنەئی) کرد، کەتیایدا دەڵێن:

(بەڕێز ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی (آیة الله خامەنەئی) !

هەواڵی ناکاو و چاوەڕوان نەکراوی ئیعدام کردنی زانای خواناس و ناوداری ناوچەکەمان مەرحومی مەلا ناصری سوبحانی بەدەستی بەرپرسانی دادگای شۆڕش لە سنە، ئێمەی زانا و موسڵمانی ناوچەی وا لێ کرد کە بەئەرکی شەرعی خۆمان هەستین و بەر پرسانی وڵات لەچەند خاڵێك ئاگادار بکەینەوە:

١ـ مەرحومی مەلا ناصری سوبحانی یەکێ لە زانا گەورەکانی ئەهلی سوننەتە و، پلەیەکی بەرزی زانستی و ڕێز و لەخواناسی هەیە و، جێی شانازیی ئەهلی سوننەتە. بەڕێزی لەهەلومەرجی سەرکەوتنی شۆڕشدا، لەگەڵ ڕابەرانی تری دڵسۆزی ئەهلی سوننەت، بە هەوڵی بێ وچان بەشدارییەکی سەرەکیو گرنگی هەبوو لە هۆشیار کردنەوەی جەماوەر و هاوئاهەنگ کردنی ئەهلی سونـەت لەگەڵ هەوڵ و خەبات و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، دواتریش هەموو تەمەنی لە خزمەتی ئیسلامدا بەخت کرد.

٢ـ لەو ڕووەوە کە ئەم کارەساتە گەورەیە لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و، مافەکانی مەزهەبی ئەهلی سوننەت و، یەکێتی ئوممەتی ئیسلامی، یەکانگیر نیە؛ پێمان وایە ئەوکارە لەگەڵ هیچ میزانێکی ئیسلامی و هیچ یاسایەکی بەشەریی ناگونجێ و، گورزێکی گەورەیە لەپەیکەری یەکێتی موسڵمانان و، مایەی دڵخۆشکردنیدوژمنانە.. ئێمە دڵنیاین ئەو کارە زیانێکی قەرەبوو نەکراوە، کەبەرهەمی دەستی قەزاوەتی ناتەواوی هەندێ بەرپرسە لەگەڵ موسڵمانانی

کوردستان، بەبەڵگەی ئەوە کەپێشتریش چەندین مەسەلەی لەو بابەتە دەرهەق بە زانایانی ئەهلیسوننەت ئەنجام دراوە.

٣ـ لەو ڕووەوە کەچەندین جار کەس و کاری و دۆستانی و زانایانی ناوچە یەزدانی نوێنەری ڕابەر و، حاکم شەرعی ناوچەیان کردوەو لە ١٣٦٨/٨/٤ دا بە ئیمزا و نەئیدی ٥٠ کەس لەزانایانی ناوداری ناوچەکە, تۆمارێکی فراوان دراوە بەهەموو بەرپرسانی پەیوەندیدارو, تیایدا داوای ئازادی ناوبراو کراوە و داواکراوە ڕێگری بکرێ لەبڕیاری عەجولانە و حوکمی ناعادیلانەی بەرپرسان..

بەڵام بەداخەوە و بەسەر سوڕمانەوە دەڵێین: هیچ جۆرە کاریگەریەکی نەبوو، تائێستەش لەچارەنوسی ئەو زانایە هیچ هەواڵێك نیەو، بەپێچەوانەی هەموو بڕیارێکی ئیسلامی یەوە، تەنانەت بۆ نزیکترین خزمانی؛ مۆڵەتی دیدار نەدراوە، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە گرتنەکەی جێی گومانە و ستەمی لێ کراوە.

٤ ـ وەك پێشتر وتمان ئەم زانا پایە بەرزە جگە لە داکۆکی لە ئیسلام و مافە ڕەواکانی ئەهلی سوننەت تاوانێکی نەبوە و, ئەگەر ڕایەکی جیاوازیشی هەبوو بێ ـ وەك لەهەموو ئاین و مەزهەبەکاندا هەیە ـ مافێکی ئاساییەیە و، ئینکاری ناکرێ.

لەکۆتاییدا، دوبارە بە سووریی خوازیاری ڕونکردنەوەی ئەم کێشە ئەسەفبار و گومانلێکراوە ئەکەین و، داوا لەبەرپرسانی باڵا ئەکەین بۆ لێکۆڵینەوە لەم ڕووداوە کارەساتبارە؛ لیژنەیەك بنێرن و ئێمە لە ڕاستییەکان ئاگادار بکەنەوە... بە ئایەتی (وإذا حکمتم بین الناس أن تحكموا بالعدل) کۆتایی بەنوسراومان دێنین..).

نامە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی گشتی ئێران:

ڕۆژی ١٣٦٩/٢/٢٧ هـ (مایسی ١٩٩١) نزیکەی ٣٠ زانا و کەسایەتی ناوداری کوردستانی ئێران، نوسراوێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی دیوانی گشتی ئێران کرد، کەئەو کاتە (آية الله مقتدائی) بوو، تێیدا هاتووە:

(ئێمە ژمارەیەك لەزانایان و ڕوناکبیرانی شارەکانی پاوە، جوانڕۆ، ڕوانسەر، کرماشان؛ دەربارەی زیندان کردن و قەدەغەکردنی دیداری جەنابی مامۆستا ناصری سوبحانی، یەکێ لەکەسایەتیە ناودارە زانستیەکانی ئەهلی سوننەت، دەمانەوێ چەند خاڵێك بخەینە ڕوو:

بەڕێزیان پێش ئینقلاب لە قوتابخانە ئاینیەکاندا سەرگەرمی خوێندن بوو. زانستێکی زۆر و فراوانی کۆکردەوە.. بۆیە لەبەر بیری قووڵ و کراوەی و، ئاگایی سیاسی و ئاشنایی بە نالەباری یەکانی ڕژێمی ستەمکارانەی شا، بوو بە جەمسەری موسڵمانان و لاوانی ناوچەکە و، لەکاتی شۆڕشیشدا ڕۆڵێکی گرنگی لەڕێنمویی سیاسیو فیکری جەماوەر دا بینیو، هاو ئاهەنگی تەواوی لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا هەبوو.. دواتریش سەرگەرمی خزمەت بە ئیسلام بووە، خۆی دوور گرتووە لە ڕوبەڕوبونەوە و، دژی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی هەڵوێستی سیاسی نەگرتوە.

بەڵام بەداخەوە لەبەرەنجامی قەزاوەتی دوور لەواقع و، حەسودیی هەندێ کەس و لایەن و، پشت بەستنی بەرپرسانی (إطلاعات) لەناوچەکانی ئەهلی سوننەت بەهەواڵی نادروست؛ لە١٣٦٨/٣/١٨ هەتاویدا دەستگیرکرا و، دوانزە مانگە هیچ هەواڵێکی نیە.. لەڕاستیدا دەستگیرکردنی زانایەکی خواناسی لەوجۆرە و بزرکردنی هەواڵ و وەزعی لەو ماوەیەدا! پێچەوانەی هەرچی پێودانگی شەرعیە و دژی قانونی ئەساسی و عورفی مەحکەمەی ناوخۆیی و جیهانیشە.

شایانی باسە پاش دەستگیر کردنی بەماوەیەکی کەم، ژمارەیەکی زۆر لەزانانایان تۆمارێکی گەورەیان لەپشتگیری ئەو کەسایەتیە بەرز کردەوە. کەس و کاریشی

بەردەوام چەندین هەوڵیان داوە؛ بەڵام هەرچی بەڵێن و قسەی بەرپرسان بووە پێچەوانەی ڕاستی بوون و کەسیان خاوەنی قسەی خۆیان نەبوون.

ئێستەش خەڵکی ئەهلی سوننەتی ئێران گومانیان لەدڵسۆزیو بڕواو خزمەتگوزاریی ئەو پیاوە نییە، وا ئەزانین مەسەلەی گرتنی ودیدار پێنەدانی پێچەوانەی دروشمی یەکێتی سوننەو شیعەیە و، دژی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشە..).[1]

ئەمە بەشێك بوو لەو نووسراوانەی ئاڕاستەی بەرپرس و دەزگا جۆراوجۆرەکانی ئێران کران, لەهەموو ئاستەکاندا. بەڵام زۆر بەداخەوە, نە سۆزی ئیسلامیی جوڵاندن, نە هەستی ئینسانی هەژاندن, نەغیرەتی بۆ دروست کردن.. بۆیە نوخبەی خەمخۆر و روناکبیری ئێران ـ دەرەوەشی لەگەڵدا بێت ـ هەر لەو ساتە وەختەوە داهاتوویەکی تاریکیان بۆ ئەو وڵاتە پێشبینی کرد و, لەساڵانی دواتردا پێشبینیەکە هاتە دیو, گەندەڵیەکان لەهەموو رویەکەوە تەشەنەیان سەند.

بەمەش پەردەیەك لەمێژووی صەحوەی ئیسلامیی و خەباتی ڕابەرانی دڵسۆزی گەلی کورد و ئەهلی سوننەتی ئێران دادەرێتەوە, بەو هیوایەی لەداهاتوودا پەردە لەسەر هەندێ لایەنی تری کەسێتی زانستی مامۆستا ناصر هەڵبدەینەوەو, دۆستانی گەلانی ئێران و حەقخوازان مێژووی کەسایەتیە خەباتگێڕەکانی تری ئێران, زیندوو بکەنەوە.

---

[1] تەواوی ئەم نامەو تۆمار و نوسراوانە وێنەیان لەلامان هەیە؛ ئەوەی لێرەدا نوسراوەتەوە ڕاستەوخۆ لە دەقی نوسراوەکان وەرگیراوە.

پاشکۆی
بەڵگەنامە و وێنەکان

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وسلام على عباده الذين اصطفى

ربنا: تقبل منا، إنك أنت السميع العليم.

ربنا! إنا من معرفة أسمائك الرحمن والرحيم ما يمتن علينا أنفسنا، فلا نرغب إلا إليك، فلا نستعين إلا إياك. ومن معرفة اسمك المالك ما يسلط علينا، فلا نرهب إلا إياك، فلا نعبد (بالتسليم والطاعة) إلا إياك. فى أوليائك الذين لا خوف عليهم ولا هم يحزنون، والذين آمنوا وكانوا يتقون، من الذين أنعمت عليهم من النبيين والصديقين والشهداء والصالحين، غير المغضوب عليهم، الذين عرفوا ولكن لم يؤمنوا، ولا الضالين الذين ضلوا بعدما تبين لهم الحق.

ربنا! وفقنا وجهة بتوليتها يكون استباق الخيرات، فى الذين عرفوا الحق من الباطل حق معرفته، فانصروا مولين وجوههم شطر كل بيت رب باطل، فاصدين بيت رب هو فى السماء إله وفى الأرض إله، ليبلغوا إخلاص العبودية لله، لا ليزوروا الأحجار والأستار.

ربنا! هبنا التقى من الهدى، ثم التقى يوم حشر المتقين الهدى والمعرضين، فإن ذلك هو الغنى، لا عدم التمكن من تغذية الألوان والأشكال.

أيا السائل أف لبصير يمناك قربا من قبل أن يمحك الدهر محطاما

من صدى من الغصة بلا وأملا طيع الفقر أيوما عاش أو خمسين عاما

فقطع المفاوز واحتمال مشقة لرضى الحبيب لا يظن كثيرا

جسر المرارة فى كؤوس ملامة حلو إذا كان الحبيب مدبرا

واعلم بأن أمام المرء بادية وقاطع البر محتاج إلى الزاد

والزاد – أيها الفتى – جاذب المال والنفس نفس.

والسلام عليكم ورحمة الله

ناصر سبحانی

نموونەی خەت و ئیمزای شەهید ناصری سوبحانی

۱۳۶۹/۳/۱۳

بسم الله الرحمن الرحیم

ان المقسطین عند الله علی منابر من نور الذین یعدلون فی حکمهم واهلیهم وما ولوا

مقام محترم رهبری جمهوری اسلامی ایران آیة الله خامنه ای   السلام علیکم ورحمة الله

احتراماً بعد از سلام و تحیات بوسیله اذعان میدارد همچنانکه مستحضرید ولی ثلثی الرهای
شهیدی هم استحضار رسیده فرزند پدر همسر برادر و خویش ما موسوم به جنابت شدا
ماهر سبحانی هرودی بهرستر ساکن کردستان باوه که یکی از فضلای اهل سنت میباشند
اکنون ۱۲ ماه تمام است که مظلومانه در زندان با مظلومی بسر میبرند فلذا از آنجا که
مراتب عفو و بخشودگی با اذن و انتخاب شایسته حضرتعالی میسر است و نظر به اینکه
در سالروز ارتحال رهبر انقلاب اسلامی ایران امام خمینی عفو عالی مظلوم واقع شده
از جانب رهبری این نظام بی مناسبت نخواهد بود که بدینسان از محضرتان تمنا دارد
با عنایت خاص رهبری که مورد امید و انتظار بوده و هست آزادی ایشان را از حصور
استخلاص ایشان امر به ابلاغ و مشمول فضل و رحمت خود نمایید که به مضمون مناسبت
آیه مبارکه « واخفض جناحک للمؤمنین » را با پایان گذر عواطف و عنایت قرار دهید.

والسلام علی عباد الله الصالحین

از طرف خانواده ی سبحانی ساکن کردستان باوه - دوستان منصور سبحانی

رونوشت: دفتر رهبر انقلاب اسلامی ایران امام خمینی جهت استحضار و اقدام

نامەی مەنصوری سوبحانی برای شەهید بۆ رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران خامەنەئی

بسم الله الرحمن الرحیم

من قتل نفساً بغیر نفس او فساد فی الارض فکانما قتل الناس جمیعاً

مقام محترم رهبری انقلاب اسلامی آیة الله خامنه‌ای — السلام علیکم و رحمة الله و برکاته

احتراماً: دریافت خبر غیر مترقبه و دور از انتظار و جانگداز اعدام عالم متقی و شهیر منطقه مرحوم ملا ناصر سبحانی اهل دوریسان پاوه، بدست مسئولین دادگاه انقلاب سنندج، ما روحانیون و مسلمانان را بر آن داشت تا در راستای وظیفه شرعی و به منظور جلوگیری از هرگونه حادثه ناگواری توجه مأمور را از هرگونه عمل غیر مسئولانه‌ای جلوگیری بعمل آید و ما را در جریان امور قرار دهند.

ایه مبارکه و اذا حکمتم بین الناس ان تحکموا بالعدل را با پشتیبانی عرایض مقامات قرار دهیم.

نامەی ژمارەیەك لە زانایانی كوردستان بۆ رابەری ئێران خامەنەئی

۱۳ اردیبهشت ۶۹
برابر با ۱۷ شوال ۱۴۱۰

بسم الله الرحمن الرحیم

وسیعلم الذین ظلموا ای منقلب ینقلبون

حضور مبارک آیت الله خامنه‌ای رهبر جمهوری اسلامی ایران — سلام علیکم

پس از حمد و ثنای پروردگار عالمیان و درود و صلوات به رهبر بزرگ اسلام و پیام آور حق و عدالت و منجی عالم بشریت پیامبری که طی دوران کوتاه و پربرکت رسالتش تاریخ بشر را دگرگون و ایمان [illegible] فرومایهٔ ظلوم و جهول را از پیشینهٔ [illegible] یگانه خالق هستی [illegible] و زوال را از [illegible]

نامەی ژمارەیەك لە بنەماڵەكانی ناوچەی پاوە و هەورامانات بۆ رابەری ئێران خامەنەئی

بسم الله الرحمن الرحیم

حضرت رهبر معظم انقلاب اسلامی ایران آیت الله خامنه‌ای ... دام ... [illegible]

السلام علیکم و رحمة الله و برکاته

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] ... اهل سنت ... [illegible]

این عالم دینی را از اتهام ... متأسفانه و با کمال تعجب اخیراً شایع ... ایشان ... [illegible]

[illegible]

[illegible] ... اسلامی ایران ... [illegible]

[illegible]

[illegible]

والسلام علی عباد الله الصالحین   از طرف جمعی از روحانیت اهل سنت باختران

نامەی یەکێتی زانایانی پارێزگای کرماشان بۆ رابەری ئێران خامەنەئی

قسمت الف ـ محل نوشتن متن یا الصاق مدارک

نامەی ژمارەیەك لە بنەماڵەی شەهیدان بۆ رابەری ئێران خامەنەئی

بسم الله الرحمن

۱۲/۲/۶۹

مدیریت محترم اطلاعات امنیت سپاه پاسداران انقلاب اسلامی [illegible]

[illegible] شهدا و اسرای [illegible] ذیل [illegible]

[illegible] اطلاعات [illegible]

[illegible] انقلاب [illegible] اعدام کرده [illegible]

[illegible] اسلام است [illegible]

[illegible] اسلامی [illegible] ایران [illegible]

[illegible] خانواده [illegible] ذیل

[illegible] اسلامی ایران [illegible] انقلاب [illegible] کشته [illegible]

[illegible] انقلاب اسلامی [illegible]

[illegible] علیه الرحمة [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

انقلاب اسلامی [illegible] است.

۱- [illegible] ... از طرف [illegible]

۲- [illegible] از طرف [illegible]

۳- خانواده شهید [illegible] از طرف [illegible]

۴- [illegible] از طرف [illegible]

[illegible]

نامەی بنەماڵەی شەهید بۆ سەرپەرشتی (اطلاعات)ی سوپای پاسداران

۱۳۶۸/۳/۱۲

بسم الله الرحمن الرحیم

یا داود إنا جعلناك خليفة في الأرض فاحكم بين الناس بالحق ولا تتبع الهوى فيضلك عن سبيل الله إن الذين يضلون عن سبيل الله لهم عذاب شديد بما نسوا يوم الحساب

هیئت محترم [illegible] با احترام

با عرض ادب و احترام به استحضار می‌رساند در عصری که ملتها ندای آزادی سر می‌دهند [illegible]

[illegible]

مؤمنان اهل سنت در ایران با فجایع و مصیبت‌هایی روبرو می‌شوند که [illegible] اسلام [illegible]

[illegible] فجایع [illegible] ؟

آری ریاست محترم هیئت [illegible] توقع اجرای عدالت و رعایت موازین شریعت و مقررات [illegible]

اطلاعات و قصاص نظام جمهوری اسلامی ایران [illegible] انتظار بوده با نهایت تأسف در موارد [illegible]

[illegible] عدالت اسلامی و اصول انسانی [illegible]

[illegible] مثال در [illegible] ۱۳۶۸/۳/۱۸ [illegible]

[illegible] اهل سنت ایران [illegible]

[illegible]

اتقوا الظلم فان الظلم ظلمات يوم القيامة

والسلام على من اتبع الهدى

[illegible]

نامەی بنەماڵەی شەهید بۆ (دەستەی دەزگای لێکۆڵینەوە)ی پارێزگای کرماشان

بسم الله الرحمن الرحیم

ولا تتبع الهوی فیضلک عن سبیل الله

۱۲/۳/۶۸

هیئت محترم بازرسی کل کشور مستقر در استان باختران

سلام علیکم

احتراما باستحضار میرساند در تاریخ ۱۸/۳/۱۳۶۸ جناب ملا ناصر سبحانی که فرزند مرحوم شیخ [illegible]
در حین مسافرت به همراهی عائله اش به شهرستان سنندج شب هنگام در منزل یکی از دوستان
توسط دستگاه اطلاعات سنندج دستگیر و تاکنون بازداشت میباشد لذا اعلام محل بازداشتی ایشان بعد
امتناع و [illegible] حدود دو ماه متوالی با دادن وعده‌های خلاف واقع و در [illegible] انتظار ما را
سرگردان و [illegible] اعتنایی به خواست ما [illegible] خویشاوندی ما خانواده نشد و با وجود
[illegible] دوستان [illegible] ملاقات [illegible] دقیقه [illegible]
سابق با نهایت تعجب از این امر [illegible] و تا امروز که مدت دوازده ماه از آن [illegible]
[illegible] اطلاعی از احوال ایشان بدست نیاورده و هرگونه مسئولین دست اندرکار [illegible]
[illegible] معلوم نیست که [illegible] برخلاف [illegible]
[illegible] چه حکمی در خصوص
ایشان [illegible] است [illegible] با [illegible]
[illegible] آزادی ایشان برای ما خانواده و جامعه اسلامی [illegible] از [illegible]
[illegible] واقعیت بود. با نهایت تأثر و تعجب ؟ [illegible]
[illegible] دستگاه اطلاعات و [illegible] انتشار [illegible] از [illegible]
و [illegible] اعلام چنین شایعه‌ای [illegible] چگونه [illegible]
این شایعه [illegible] از سوی هیچیک از مسئولین [illegible]
[illegible] اکنون هیئت این سئوال مطرح و مورد اعتراض
است . آیا دستگیری و اختفاء و عدم ملاقات و [illegible] خانواده در [illegible]
[illegible] خانواده [illegible]
اصول شرعی و انسانی و قانونی [illegible] عدم [illegible] مسئولین [illegible]
و [illegible] خانواده [illegible] عدالت اسلامی [illegible]
حال [illegible] انتشار این شایعه و [illegible]
[illegible]
[illegible] فراهم نمودن ملاقاتی و [illegible] با خانواده و [illegible]
[illegible] اقدام [illegible] است .

والسلام

از طرف خانواده سبحانی ساکن شهرستان پاوه - [illegible]

نامەی بنەماڵەی شەهید بۆ دەزگای باڵای لێکۆڵینەوە

بسم الله الرحمن الرحیم

ان الله یأمر بالعدل والاحسان

محضر مبارک آیة الله [illegible] ریاست محترم دیوان [illegible] کشور [illegible]

اینجانبان جمعی از روحانیون و مدرسین و [illegible] کردستان [illegible]

در رابطه با [illegible] زندانی و ممنوع الملاقات بودن جناب [illegible] [illegible]

[illegible] دانسته و [illegible] داد

[illegible]

نامەی ژمارەیەك لە زانایانی ناوچەكانی كوردستان بۆ سەرۆكایەتی دیوانی گشتی ، موقتەدائی

بسم الله الرحمن الرحیم

برادر محترم [illegible] نماینده مردم پاوه (جوانرود) در مجلس شورای اسلامی

سلام علیکم

[illegible]

[illegible] ۱۳۶۸/۲/۱۸ [illegible]

[illegible] اطلاعات سنندج [illegible]

[illegible]

با تقدیم احترام خانواده شهدا و اسرای [illegible]

[illegible]

نامەی بنەماڵە وکەس وکاری شەهید بۆ نوێنەری پاوە لە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی لە تاران

بسم الله الرحمن الرحیم

۱۳۶۹/۲/۷

برادر حاج ملا قادر قادری امام جمعه و سرپرستی محترم بنیاد شهید شهرستان پاوه

سلام علیکم

احتراماً ما امضاء کنندگان خانواده شهداء و اسرا و بستگان جانبازان باستحضار میرساند مدت
هیجده ماه تمام است فرزند عزیزمان جناب ملا [illegible] که شخصیتی مشهور و معروف برای مسلمانان
اهل سنت باشند در مورخه ۱۳۶۸/۳/۱۸ شب هنگام در ضیافت مهمانی یکی از برادران مسلمان
توسط مامورین اداره اطلاعات سنندج دستگیر و از آن موقع تاکنون از زندان [illegible] ملاقات و حتی
اطلاع از نحوه بازداشت ایشان امتناع ورزیده و مهمتر از همه تاکنون هیچیک از مقامات قضائی
دادسرای انقلاب سنندج [illegible] [illegible] خواست و تقاضا ندارد با اینکه بعد
از تسلیم طومار به امضاء رسیده روحانیون ایشان با [illegible] در ایام هفته [illegible] اعلام
برائت از [illegible] ما از سوی [illegible] اعدام [illegible] نامبرده [illegible]
اشتغال ملا [illegible] تاکنون از وی بازداشته [illegible] اطلاع [illegible] که [illegible]
ماه مبارک رمضان و حلول و [illegible] بزرگ فطر ما و دیگر مسلمانان [illegible] آزادی آن عزیز
[illegible] با نهایت تأسف از سوی مسئولین [illegible] انقلاب اسلامی سنندج و اطلاعات اطلاعات
[illegible] پاوه - سنندج [illegible] با [illegible] این عالم بزرگ [illegible]
[illegible] هم اکنون موجب تأثر و تعجب و [illegible] ما و مسلمانان گشته است فلذا از حضرتعالی
[illegible] این متابعه [illegible] نتیجه [illegible] تجدید نظر مقامات قضائی
[illegible] اقدام [illegible] ما و دیگر مسلمانان [illegible] مقامات [illegible]
از جمله رهبر [illegible] رئیس جمهور و رئیس قوه قضائیه و دیگر مسئولین و مقامات ذیصلاح
[illegible] امید است با پیگیری مقامات در اسرع وقت از [illegible] انتقام [illegible]
[illegible] بعمل آید

با تقدیم احترام خانواده شهدا و اسرا و بستگان جانبازان

[illegible signatures]

نامەی ژمارەیەك لە بنەماڵە و کەس و کاری شەهید بۆ سەرپەرشتی

بونیادی شەهیدی پاوە

ربنا افتح بيننا وبين قومنا بالحق وانت خير الفاتحين

رياست محترم اداره اطلاعات كردستان سنندج

[illegible]

والسلام على من اتبع الهدى. والسلام

[illegible]

نامەی باوکی شەهید بۆ دەزگای (اطلاعات)ی سنە

بسم الله الرحمن الرحیم

يا ايها الذين آمنوا ان جائكم فاسق بنبأ فتبينوا ... الآية

۶۸/۸/۴
۲۵ ربیع الاول ۱۴۱۰

ریاست محترم دادگاه ویژه روحانیت کردستان - سنندج.

چندی است بوسیله روحانیون اهل سنت [illegible] با [illegible] شرعی و [illegible] مردم مسلمان منطقه به گوش میرسد که با توجه به شناختی که از شخصیت و گذشته [illegible] عالم متقی و مخلص [illegible] ناصر سبحانی [illegible] اولین کسی بوده که فعالیت و مبارزات خود را در جهت تنویر افکار سیاسی مردم مسلمان منطقه [illegible] شروع [illegible] انقلاب اسلامی ایران در منطقه فاقد هرگونه [illegible] از طریق [illegible] در منطقه بوده [illegible] جرئت و شهامت [illegible] دینی و سیاسی خود را ادامه میداد. و با توجه به اینکه ایشان فقط طالب [illegible] تحقیق و تعلیم و تدریس علوم اسلامی بوده و هیچگونه چشمداشتی به مقام و ریاست دنیوی و جاه [illegible] مشاهده نشود [illegible] جمهوری اسلامی [illegible] لذا از آن مقام محترم درخواست داریم که نسبت به آزادی ایشان [illegible] اقدام لازم را مبذول [illegible] وحدت بین مسلمین [illegible] والسلام علی من اتبع الهدی [illegible]

بسم الله الرحمن الرحیم

نامەی ٤٢ زانای ناوداری کوردستان بۆ سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش لە پارێزگای کوردستان

نگاهی به قانون اساسی

نمونەیەك لە وتاری شەهید لە ڕۆژنامەكانی ئێران سەبارەت بە یاسای بنەڕەتی (قانونی ئەساسی)


بسم الله الرحمن الرحیم [illegible]

حضور محترم آقای [illegible] شورای اسلامی

السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته

[illegible]

نامەی هاوسەری شەهید بۆ نوێنەری هەورامانات لە ئەنجومەنی شورا



اخبار ویژه

شهیدان راه آزادی

کلها نویسندگان نبوده اند

الشيخ السبحاني:

• ولد العالم الجليل (رحمه الله) في بلاد إيران (التي كانت منذ القدم مهداً للعلماء الأفذاذ)

نمونەی چەند ووتارێك لەگۆڤارە ئیسلامیەکان لەسەر شەهید سوبحانی

بسم الله الرحمن الرحيم ۶۹/۲/۱۰

چون‌که اینجانبان بازماندگان مرحوم ملا ناصر سبحانی از محضر گرامی علمای اسلام کثرهم الله طلب استفتاء می‌نماید نظر به اینکه مرحوم در منطقه‌ای دور دست و خارج از دسترس بستگان دفن گردیده و ایاب و ذهاب بازماندگان به منظور حضور بر مزار وی موجب تحمل هزینه خواهد بود لذا از حضورتان تقاضامند است که نسبت به نبش و انتقال جنازه آن مرحوم طبق موازین شریعت اسلام و بر اساس فقه امام شافعی (رضی الله) اعلام جواب را ذیلا مرقوم فرمائید.

والسلام از طرف بازماندگان مرحوم

فتوای ژماره‌یەك لە زانایان بۆ گواستنەوەی تەرمی شەهید لە (قوروە)وە بۆ (پاوە)

سلام علیکم

احتراماً پیرو تلگرام مورخ ۹۹/۲/۸ [illegible] مبنی بر درخواست خانواده های شهداء و اسرا [illegible]

[illegible]

[illegible] رعایت حق و عدالت [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] خواهد بود.

والسلام علی من اتبع الهدی

داوا نامەی بنەماڵەی شەهید لەبەرپرسان بۆ پێدانەوەی تەرمی شەهید



مامۆستا ناصر و سێ منداڵی



وێنەیەك لە كۆنگرەی شورای شمس لە تاران (١٩٨١)



کاک ئەحمەدی مفتی زادە لە کۆنگرەی ئۆتۆنۆمی, سنە (١٩٨١)



کاک ئەحمەدی موفتی زادە پاش ئازادبوونی لە زیندان

پێڕست:

... لەگەڵ سەنگینی باری بانگەوازدا؛ سەنگینی ئەجرو پاداشتیش مەترەحە بۆ ئینسان.. ئەگەر چی هەڵگرتنی ئەم بارە پێویست بەوە ئەکا کە ئینسان خۆی و هەرچی یەك کە خوا پێی داوە -کە خۆیشی هەر خوا داویەتی- لەم ڕێگەیەدا بەختی بکا و فیدای بکا. بەڵام بەڕاستی تەنها لەو فیداکردنەدایە کە خۆی دەست دەکەوێتەوە. ئەگەر ئینسان خۆی لادا لە هەڵگرتنی باری ئەو مەسئولیەتە بۆ ئەوەی کە پارێزراوبێ؛ ئەوا هەر لە یەکەم هەنگاویدا بڕیاری داوە لە بەین چوەو نابود بووە.. بەڵام بەعەکسەوە ئەگەر بە پێی توانا لەم زەمینەیەدا هەنگاو بنێ و حەرەکەت بکاو، گیان و ماڵی خۆی پێشکەش بکا بۆ ئەوەی کە وەزیفەی خۆی لەو ڕێیەدا جێبەجێ بکا، ئەوە هەر لەو لەحزەیەدا وجودی خۆی دەست ئەکەوێ، بە جۆرێ هەرگیز لەدەست دان بە شوێنیا نایەت ، ژیانێك کە مەرگ بەشوێنیا نایەت..

وەختێ کە من گوزەشت بکەم لە خۆم و لەوەی خوا پێی داوم ئیتر چ سەنگینی یەك لە هەڵگرتنی باری مەسئولیەتدا هەیە؟!..

بەشێ لە شریتی وتاری (بەرپرسیارێتی کاری بانگەواز)ی

مامۆستا ناصری سوبحانی

dazgaybarham@yahoo.com